دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٣٧

یەکشەمە ٣١ی بانەمەڕی ١٣٨٥

٢١ی مای ٢٠٠٦

١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## پەیامی پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیی حیزب
## بە بۆنەی پێکهاتنی حکوومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان

**بەڕێز جەنابی کاک نێچیروان بارزانی،**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان!**
**بە سلاوی گەرم!**

پێکهاتنی کابینەی نوێو یەکگرتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێزتان بۆ هەموومان جێگای خۆشحاڵییە. بەم بۆنەوە پیرۆزبایی لە جەنابتانو سەرجەم وەزیرەکانی کابینەی نوێ دەکەینو ئاواتەخوازین حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو بێ، کوردستان لە هەموو بوارێکەوە گەشەکردنو بەرەوپێشچوونی زیاترو رۆڵەکانی گەلی کوردیش لەو پارچەیە لە کوردستان ژیانێکی بەختەوەرانەتر بەخۆیانەوە ببینن.

**لەگەڵ رێزمان**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ دەفتەری سیاسی**
**٢٠٠٦/٥/٨ی زایینی ـ ١٣٨٥/٢/١٨ی هەتاوی**

### چوار حیزبو رێکخراوی سیاسی لە بەیاننامەیەکی هاوبەش دا:

# بۆ ئازادیی زیندانییە سیاسییەکان خەبات دەکەین

چوار حیزبو رێکخراوی سیاسی: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێکخراوی یەکیەتییە فیدایییەکانی گەلی ئێران، رێکخراوی فیدایییەکانی گەلی ئێران (زۆرایەتی) و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکی هاوبەش دا داوای ئازادیی رامین جەهانبەگلووو زیندانییەسیاسییەکانی دیکەیان کردوە. لەم بەیاننامەیەدا کە رۆژی سێ شەممە ٢٦ی بانەمەڕ بلاو بۆتەوە هاتوە:

هێرشی حکوومەتی ئیسلامی بۆ "پاکسازی"ی نەیارانو سەرکوتی ئازادیخوازانی ئێران لەم حەوتووانەی دواییدا، توندترو بەربلاوتر بووە. گرتنی چاوەڕواننەکراوی رامین جەهانبەگلوو مامۆستای زانستگەی تۆرێنتۆی کانادا، لێکۆڵەرو یەکێ لە رووناکبیرە سکۆلارە ناسراوەکانی ئێران، نمونەی تازەی هێرشی رێکخراوی حکوومەت دژی جیابیرانو نەیارانی سیاسییە.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتوە: ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەم هەنگاوە سەرکوتکەرانەیە رادەگەیەنین کە نارەزایەتی دەربڕینەکانی دوو حەوتووی رابردووی ئازادیخوازانی نێوخۆو دەرەوەی وڵات، تەنیا لە پێوەندی لە گەڵ گیرانی رامینی جەهانبەگلوودا نیە. ئەم نارەزایەتییانە دژی درێژەی گیرانی "منصور اسانلو" و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکارییە. نارەزایەتییە لە دژی سەرکوتی خوێندکارانو حوکمەکانی (بێدادگاکان) بە دژی کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی بزوتنەوەی خوێندکاری ، نارەزایەتی دەربڕینە دژی توندو تیژی لە ناوچە نەتەوەیییەکان و سەرکوتی داخوازە رەواو دیمۆکراتیکەکانی ئەوان. بێزاری دەربڕینە دژی سەرکوتی ژنانو نووسەران.

داکۆکی ئێمە لە ئازادی جەهانبەگلوو، مەنسوور ئەسانلوو، ناسر زەرئەفشان و هەموو زیندانییە سیاسییەکانە، داکۆکییە لە مافی هاووڵاتێتی (شهروندی)، داکۆکییە لە مافی ئازادیی دەربڕینی بیرو ئەندیشە، جێبەجێکردنی ئەرکی سەر شانمانە وەك هاووڵاتێك، وەك مرۆڤێکی ئازادیخوازو وەك حیزبو رێکخراوێك کە بۆ جێگیربوونی دیمۆکراسی لە وڵات دا خەبات دەکا. بۆ ئەم مەبەستە دوا لە هەموو ئازادیخوازان دەکەین هاوڕێو هاوهەنگاومان بن.



خەڵکی ئێران خوازیاری ئازادیی زیندانییە سیاسییەکانن

## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز کاك مستەفا هیجری بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان



**برای بەڕێز کاك نێچیروان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان**
**وێڕای سلاوو حورمەت!**

راگەیاندنی کابینەی نوێی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێزتانو بەرنامەی کاری ئەو حکوومەتە، هەنگاوێکی مەزنی دیکە لە رەوتی بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد لە کوردستانی عێراقو ناوچە دایە.

وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆمان بەو بۆنەوە، پیرۆزبایی لە بەڕێزتانو لە رێگای ئێوەڕا لە یەك یەکی ئەندامانی حکوومەتە نوێیەکەتان دەکەینو ئاواتی سەرکەوتنی مەزنترتان لە راستای یەکگرتنی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقو خزمەت بە نیشتمان بۆ دەخوازین.

**براو دڵسۆزتان**
**مستەفا هیجری**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**نورویژ ـ ئۆسلۆ ـ ٢٠٠٦/٥/٩**

## کابینەی پێنجەمی حکوومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان متمانەی پێدرا

رۆژی یەکشەممە ٧ی مای ٢٠٠٦، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کۆبوونەوەیەکی گرنگی بە بەشداریی ئەندامانی پارلمان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانی، جێگری سەرۆك کۆماری عێراق، سەرۆكو ئەندامانی کابینەی پێنجەمو ژمارەیەکی زۆر میوان، بۆ متمانە بەخشین بە کابینەی پێنجەم پێك هێنا.

دوای بەرێوەچوونی رێورەسمی دەسپێکی کۆبوونەوەکە، سەرۆکی پارلمانی کوردستان، بەڕێز عەدنان موفتی بە وتەیەك کۆبوونەوەی پارلمانی دەست پێکرد. بەدوای ئەودا سەرۆكو جێگری سەرۆکی وەزیرانو وەزیرەکانی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان لەلایەن پارلمانەوە دەنگی متمانەیان پێدرا.

دواتر هەر یەك لە سەرۆکی حکوومەتی کوردستان، بەڕێزان نێچیروان بارزانی، جێگری سەرکۆماری عێراق، عادل عەبدولمەهدی، کاك عەدنان موفتی، سەرۆکی پارلمان، نوێنەری کوفی عەنانو کاك مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتەیەکیان پێشکەش کرد.

پێك هاتنو راگەیەنرانی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان لەگەڵ ئەوەی هەنگاوێکی گرنگە بۆ زیاتر پتەوکردنی ریزەکانی خەڵکی کوردستان، لە هەمان کاتیش دا بوارێکی باشتر هەم بۆ ئاوەدان کردنەوەو پێشخستنی کوردستان دەخولقێنێ. گرنگتر لەوانیش سەنگی سیاسیی کورد لە عێراقو ناوچەکەدا قورس تر دەکا. بۆیە ئەم هەنگاوە بووە مایەی خۆشحاڵیو شادیی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا.



## حوسێن مووسەویان
## سەفیری پێشووی
## رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ئەڵمان
## وەدوای کلاوی بابردوو کەوتوە!

حوسێن مووسەویان کە لە کاتی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتو هاوڕێیانی لە ریستۆرانی میکونووسدا، سەفیری ئێران لە ئەڵمان بوو، لەم دوایانەدا کتێبێکی لە ژێر ناوی "روایت حسین موسویان از پرونده میکونوس" (ریوایەتی حوسێن مووسەویان لە پەروەندەی میکونووس) بلاوکردۆتەوە. مووسەویان کە ئێستا جێگری لێکۆڵینەوە نێونەتەوەیییەکانی ناوەندی توێژینەوەیی ستراتیژیکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزامە، لەم کتێبەدا رووداوی میکونووس لە روانگەی خۆیەوە دەخاتە بەرباس.

دەڵێن شاهیدی رێوی کلکیەتی! مووسەویانیش پێشەکیی کتێبەکەی بە عەلی ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی نووسیوە. رەفسەنجانی کە لە کاتی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندیدا، سەرکۆماری رێژیمی ئیسلامیو یەکێك لەو چەند کەسەی رێژیم بوو کە لە بەرزترین ئاستی دەوڵەتیو حکوومەتیدا فەرمانی تیرۆری موخالیفانی کۆماری ئیسلامییان دەر دەکرد، لەم کتێبەدا شایەدی بۆ ئیددیعاکانی مووسەویان دەدا! هەوێنی سەرەکیی کتێبەکەی مووسەویان لە بارەی پەروەندەی تیرۆری میکونووس ئەوەیە کە "ابوالقاسم مصباحی" (شایەدیC) کە زۆر زانیاریی گرنگی لەسەر چۆنیەتیی کارکردنی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە دادگای میکونووسدا ئاشکرا کرد، پێشتر کەوتۆتە دەست دەزگا زانیاریو ئەمنییەتییەکانی فەڕانسە، ئەمریکا، بێلژیكو ئینگلیس"و "لە ژێر کاریگەریی درۆیەکانی سێرویسە زانیارییەکانی دەرەوە، لە دادگای برلیندا، شایەدی داوە".

رەفسەنجانی یەك لەو کەسانەیە کە دادگای بیرلین بە تاوانباری ناسیو، وەك کەسێك کە لە بەرزترین ئاستی دەوڵەتیدا بڕیاری کوشتنی دوکتور شەرەفکەندیو هاوڕێیانی دەرکردوە، بە دنیای ناساند. مووسەویان، سەفارەتی رێژیمی ئێران لە ئەڵمانو وەزیری دەرەوەی ئەو رێژیمەش هەموویان بە پێی لێکۆڵینەوەکانی دەزگا ئیتلاعاتیو ئەمنییەتییەکانی ئەڵمان، لەم تیرۆرەدا هاودەستو هاوکار بوون. ریوایەتی ئەو جۆرە تیرۆریستانە کە ناوبانگی ریسواییان هەموو دنیای گرتۆتەوە، هیچ شتێك لە بارەی لێکۆڵینەوەکانی دادگای بیرلینو بڕیارە مێژووییەکەی کە مەحکوومکردنی رێبەرانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی بوو، ناگۆڕێ. ئەوان، بەرلەوەش کەسێك بە ناوی "شاهیدیC" بێتە نێو پەروەندەکە، نیشانیان دابوو دەستیان لەم تیرۆرەدا هەیە. بە تەماع وەبەرنانو بە هەڕەشە لە کاربەدەستانی ئەمنییەتیو قەزایی ئەڵمان بۆ ئەوەی لە سەر ئەم پەروەندەیە نەرۆن، سەلماندبوویان دەستیان لەم کوشتارەش دا هەیە. ئەمجارەیان ئەگەرچی بە پێچەوانەی تیرۆری وییەن کلکیان بە تەڵەوە نەببوو، بەڵام بە هۆی شێلگیری دەزگای قەزایی ئەڵمان لەسەر ئەرکی خۆی، ئەم رێژیمە چارەیەکی بێجگە لە بەرەوروو بوون لەگەڵ بڕیاری مێژوویی دادگای میکونووسو رسوایی نێونەتەوەیی، بۆ نەمایەوە. هەربۆیە کتێبەکەی ئەم دیپلۆمات تیرۆریستە جگە لە وەبیرهێنانەوەی رووداوی میکونووسو داستانی ریسوایی ئەو رێژیمە لە نێو خەڵکدا، ئاکامێکی دیکەی نابێ.

دووره دیمەنی کێشەی ناوکیی رێژیمی ئێران ٢
سانسۆرو چەمکی زانیاریی ئازاد لە روانگەی رێژیمەوە ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
کێشەی نەتەوەیی لە ئێرانو، ئەرکی کۆنگرەی نەتەوەکانی فیدراڵ ٤
دامەزراوەی نوێی مافی مرۆڤ ٥
دیدارو کۆبوونەوەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە دەرەوەی وڵات ٨
باسێك سەبارەت بە جوداییخوازیو کوردستان ٨
رێژیمی ئێرانو پەرەپێدانی ئابووری ١٠
تەوەرێك لە سەر تیرۆریزم ١٠
لە قامووسی فیمینیزمدا ١١

# دووره دیمەنی کێشەی ناوکیی ڕێژیمی ئێران

عەولا بەهرامی

سەرەنجام دۆسیەی ناوکیی ئێران دوای سێ ساڵ مانەوە لە سەرمێزی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکیو بێئاکامیی وتووێژە دوورو درێژانەی ترۆیکای ئورووپایی لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەنجامیدا، وەك کێشەیەکی هەرە گرنگی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پێویستە ئەنجومەنی هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر بدا.

هەرچەند چالاکییە ناوکییەکانی ئێرانو سیاسەتە توندڕەوانەو ناڵۆژیکییەکانی ڕێژیمە بوونەتە هۆی ڕەخنەو ناڕەزایەتیی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام ئەو وڵاتانە لە سەر شێوەی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ناکۆکییان هەیەو ئەم ناکۆکییەش بە توندی کاریگەریی لەسەر ئەو بڕیارنامەیە هەیە کە بڕیار وایە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هێمنایەتیدا سەبارەت بە ئێران پەسند بکرێ. ئەو بڕیارنامەیە کە بریتانیاو فەڕانسە بە پشتیوانیی ئەمریکا بەرنووسەکەیان داڕشتوە، پشت بە پاژەی حەوتەمی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان بەستراوەو داوا لە ئێران کراوە، هەموو چالاکییە ناوکییەکان رابگرێ. پاژی حەوتەم ڕێگا بۆ گەمارۆدانو تەنانەت هێرشی نیزامییش بۆ سەر ئێران خۆش دەکا.

ڕووسیەو چین کە هەر کامەیان پیوەندیگەلی ئابووری بەربڵاویان بەتایبەت لە بواری وزە لەگەڵ ئێراندا هەیە هەر لە سەرەتای خرانە بەرباسی پرسی ناوکیی ئێران لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکیدا دژی ڕووبەڕوو بوونەوەی توند لەگەڵ ئێران بوون، دژی ئاماژە کردن بە پاژی حەوتەم لەو بڕیارنامەیەدان. ئەم دوو وڵاتە کە لە ئەنجومەنی هێمنایەتیدا مافی ڤیتۆیان هەیە، پێیان وایە هەر چەشنە گەمارۆدانێکی ئابووری یان هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران، بەرژەوەندییەکانیان دەخاتە مەترسییەوە. هەر چەند کۆبوونەوەی ١+ ٥ی نیویۆرك (٩ی مای) لەبەر ئەم ناکۆکییانەی باسیان لێوە کراو، دەکرێ بگوترێ بێ ئاکام مایەوە، بەڵام هەوڵەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانە ئورووپایییەکانی بۆ ڕازی کردنی وڵاتانی ڕووسیەو چین هەروا بەردەوامەو هاوکات لەگەڵ ئەوەش راوێژەکانی سێکوچکە ئورووپایی (ئاڵمان، فەڕانسە، بریتانیا) بۆ پێداچوونەوە بە بەرنووسەکەدا بەردەوامن.

دیارە پێویستە ئەوە بگوترێ هەرچەند وڵاتانی ڕووسیەو چین خوازیاری وەلانانی ئەو بەشە لەبەرنووسەکەن کە تێیدا ئاماژە بە پاژی حەوتەمی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە، سێکوچکەی ئورووپایی نایهەوێ ئەم بەشە لەبەرنووسەکە دەرهاوێو لەم بارەیەوە ئەمریکاش پشتگیری تەواوی ئەوان دەکا.

پرسیاری گرنگ لەم پێوەندییەدا ئەوەیە لە کاتێك دا ناکۆکیی سەرەکیی نێوان ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی هێمنایەتی لەسەر ئاماژەکردنی بڕیارنامەی داهاتووی ئەم ئەنجومەنە بە پاژی حەوتەمی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکانە، سەرەنجام ئەم وڵاتانە لەسەر چ بەرنووسێك ڕێك دەکەون؟ دەرچوونی بڕیارنامەیەك کە تێیدا ئاماژە بەوە نەکرابێ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە درێژەدانی پرۆگرامە ناوکییەکانی هەڕەشە لە تەناهیو ئاشتیی جیهان دەکا، وەڵامێکی شیاوە بۆ زێدەخوازییەکانی ئێرانو ئەمریکاو هاوپەیمانە ئورووپایییەکانی ڕازی دەکا؟ ئەگەر پێنج ئەندامە هەمیشەیییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش نەتوانن ناکۆکییەکانیان لەنێوبەرنو بەبێ پێکهێنانی کۆدەنگی لەسەر بەرنووسی بڕیارنامەیەك کە ویستەکانی هەموویانی دابین کردبێ، بچنە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەم ئەنجومەنە ڕێگا بۆ ئەوە خۆش نابێ کە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بکەوێتە دەرەوەی ئەنجومەنی هێمنایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە؟




ئەوە کە سەرئەنجام ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش لە سەر چ بەرنووسێك ڕێك دەکەون، زۆر ڕوون نیە، بەڵام بە دڵنیایییەوە دەرچوونی بڕیارێك لە ئەنجومەنی هێمنایەتی کە ڕێگا بۆ سزا دانی ئەم ڕێژیمەو بەربەست کردنی هەڕەشەکانی لە ئارامیو تەناهیی جیهان خۆش نەکا، پاشەکشەیەکی گەورەیە بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیو نیشانەی قورسایی چینو ڕووسیەیە لە هاوکێشە جیهانییەکاندا. کورتە ئاوڕێك لە ڕوانگەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی سەبارەت بە کێشەی ناوکیی ئێرانو سیاسەتە ئاژاوە خوڵقێنەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئەگەری دروست بوونی حاڵەتێکی ئەوتۆ لاواز دەکەن.

بەڵام ئەگەر پێنج ئەندامە هەمیشەیییەکەی ئەنجومەنی هێمنایەتی نەتوانن واز لە بەرژەوەندییەکانیان بێننو ناکۆکییەکانیان لە سەر شێوەی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران وەلانەنێنو کێشەی ناوکیی ئێران بکێشرێتە دەرەوەی نەتەوە یەکگرتووەکانو لەم حاڵەتەدا ئایا ئەمریکاو هاوپەیمانە ئورووپایییەکانی بۆخۆیان وەڵامێك بۆ مەترسیی دەستڕاگەیشتنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە چەکی ناوکی دەدەنەوە؟

# سانسۆڕو چەمکی زانیاریی ئازاد لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە

عەلی بداغی

**ئاماژە:**

**پارلمانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بەم دوایانە یاسای چۆن کەڵك وەرگرتن لە سێڵە ماهوارەییەکانی لە ١١ ماددەدا پەسند کرد کە لەجێدا دەبێ هەموو ڕێسیورە ماهوارەییەکان لەماوەی ٣ مانگ دا کۆ بکرێنەوە و سزای ڕاگرتن و بەکارهێنانی ڕێسیورە ماهوارەییەکان بۆ ئەو کەسانەی لێیان دەگیرێ لە ٥٠٠هەزار تمەن تا ٥ میلیون دەبێ . هەڵمەتی کۆکردنەوەو دەستبەسەردا گرتنی ماهوارەکان ئەگەرچی لە هەموو ناوچەکانی ئێران دەستی پێکردوە، بەڵام ڕەوتەکە لە کوردستان خێراتر و بە گوڕتر بەڕێوە دەچێ.**

**لەلایەکی دیکەش ڕەزا ڕەشیدی، بەڕێوەبەری گشتیی شیرکەتی فەنناوەریی زانیاری ئێران ڕایگەیاند لە ماوەی دوو حەوتووی داهاتوودا [١٣٨٥/٢/٨] پێگەی ناوەندیی فیلترینگی ئێران وەرێ دەکەوێ. کاری ئەم پێگە ناوەندییە فیلتێرکردنی سایتە غەیرەموجازەکان (ماڵپەرە ڕێگە پێنەدراوەکان) لە سەرتاسەری وڵاتە. سیستمی بانکی زانیاریی ئەو پێگەیە لە ٢٠٠٠ وشەی کلیدیی دیاریکراو پشتیوانی دەکا و جیا لە سانسۆر و فیلتێر کردنی بابەت و ماڵپەرەکان توانای شناسایی کردنی هەموو بەکار هێنەرانی ئینتێرنێت و پاشەکەوت کردنی هەموو ئەو لاپەرانەی هەیە کە بەکارهێنەران، لە ماڵپەرەکان دا دەیکەنەوە.**

**چڕتر کردنەوەی هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دەست پێڕانەگەیشتنی خەڵك بە زانیاریی ئازاد و پێویستیان لەژێر پاساو و بیانووی وەك پاراستنی ئاسایشی میللی، خەبات بۆ نەهێشتنی فەسادی ئەخلاقی و پێشگرتن لە بازرگانیی ڕێگەپێنەدراو لەکاتێکدا بە لەزتر و خێراتر کەوتۆتە ڕێ، کە ڕێژیم نوقمی قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکانیەتی و پتر لە هەموو کاتێك لەو تەنگژە جیهانییەی خوڵقاندویەتی، دژایەتیی ئیرادەی نێونەتەوەیی دەکا و پتر لە جاران تەریك دەکەوێتەوە. هەربۆیەش داخستنی دەرکی ناوەندەکانی سەرچاوەی زانیاریی ئازاد و بەربەندکردنی دەستراگەیشتنی خەڵك بە زانیاری و هەواڵی ئازادی وەك ڕێگەچارەیەك بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانەدا دەبینێ و ڕەچاوی دەکا.**

سانسۆر چیە و چۆنی پێناسە دەکەین؟ سنوورەکانی گەیاندنی زانیاری تاکوێ بڕ دەکەن؟ ئایا سانسۆر هەر ئەوەیە کەسانێك بیانەوێ ئازادانە ڕوانگە و بۆچوونەکانیان دەربڕن و لەمپەرێکیان بێتە سەر ڕێ و دوش دامێنن؟ ئێمە ئازادیی ڕادەربڕین بێ سنوورو بە شتێکی بێ لێپرسینەوەی دەزانین یان دەنا قازانج لەبەرچاو گرتن لەهەرکام لە جۆرەکانیدا بە ڕەوا و بەدەر لە چوارچێوەی سانسۆری دادەنێین؟ مێژووی سانسۆر بۆکەی دەگەڕێتەوە؟ مەبەست لە ڕەچاوکردنی سانسۆر چیە؟

گەر ئاوڕێك لە ڕابردوو بدەینەوە، لاپەڕەی پەرتووکە پیرۆزەکان هەڵ بدەینەوە، مێژووی دەسەڵاتدارەکان بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤیدا بخوێنینەوە، دەبینین کە سانسۆر شتێك نیە ئەورۆ داهاتبێ یان بەرهەمی دەسکەوتە مێژوویییەکانی جیهانی دوێنێش بێ. مێژووی سانسۆر بۆ بەرلە مێژوو دەگەڕێتەوە و لە ئایین دا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە. سانسۆر بە درێژایی مێژووی هەر لە سەرەتاوە لەلایەن پێغەمبەرەکان، پاشاکان، ئاغاوت و دەسەڵاتدارە حکوومییەکانەوە ڕەچاو کراوە و ئامانج لەوەش شتێکی ساناو ئاشکرایە، ئەویش تەنیا پاراستنی دەسەڵات و مانەوە لە لووتکەی دەسەڵات دا. ئەوەش کە ئێستا دەوڵەتە توتالیتێر و نا دێموکراتیکەکان بۆ ڕاگرتنی پارەسەنگی هێز و مانەوەیان لە دەسەڵات دا لە هیچ هەوڵێك ناپرینگێنەوە و بە میلیون دۆلار بۆ کرینی کەرەسە و نەرم ئامێری فیلترینگ خەرجی دەکەن، میراتێکە لە کۆنەوە بۆیان بەجێ ماوە ئەگەرچی فریاشیان ناکەوێ.

بەڵام لەگەل بەجیهانیبوونی پرنسیپەکانی دێموکراسی، چەمکەکانی "ئازادیی زانیاری" و "سانسۆر" چۆن وێك هەڵدەکەن؟

ئازادیی زانیاری و مافی دەستراگەیشتن بە زانیارییەکان بۆ هاوڵاتیان بەتایبەت ئەو زانیارییانەش کە لەبەردەستی دەوڵەتەکان دایە، وەك یەکێك لە بنەماکانی دێموکراسی لەم ساڵانەی دوایی‌دا گرنگییەکی تایبەتی پێدراوە تا ئەو جێیەی لە ئازادیی زانیاری و مافی دەستراگەیشتن پێی وەك ئۆکسیژێنی دێموکراسی باس کراوە. ڕاست بەو مانایەی کە ئەو ئازادی و مافەی باس کرا نەك وەك گەرەنتیی وەدیهاتنی دێموکراسی بەڵکوو وەك پێش مەرج و دەرکەوتی سەرەکیی ئەو دەژمێردرێ. گرینگیی ئازادیی زانیاری وەك مافێکی بنەرەتیی مرۆڤ لە یەکەمین دانیشتنی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٦ و لە بڕیارنامەی ٥٩ی‌دا بەجۆرە بە فەرمی ناسراوە "ئازادیی زانیاری وەك مافێکی بنەرەتیی مرۆڤە و بەردی بناغەی هەموو ئەو ئازادییانەیە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەشەی بۆ دەکا". بەو پێیە زانین، مافی سروشتیی مرۆڤەکانە و هەمووان دەبێ. ئەو مافەیان هەبێ لە گرینگترین بەڵگەنامە جیهانییەکانیش دا کە باس لە ئازادیی زانیاری دەکا جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤە کە لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوە یەکگرتووەکان دا لە ساڵی ١٩٤٨ پەسند کراوە و ماددەی ١٩ی ئەم جارنامەیە دەڵێ: "هەموو کەسێك مافی ڕادەربڕین و بۆچوونەکانی هەیە. ئەو مافە شمولی ئەوەیە کە سەبارەت بەو بیروبۆچوونەی هەڵگریەتی ترس و دڵەڕاوکێ نەبێ و دەستخستن و کۆکردنەوەی زانیاری و بۆچوونەکانی و نووسین و بڵاوکردنەوەیانی بە هەموو شێوەکان بۆی بگونجێ و بێ هیچ سنووردار کردنێك بۆی هەبێ بڵاویان بکاتەوە".

لەژێر تیشکی ئەم بۆچوونانەدا با سەرنجێك لە وەزعی ئازادیی ڕادەربڕین لە ئێرانی بندەستی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و چەمکی زانیاریی ئازاد و سانسۆر لە نوێترین شێوازیدا بدەین. یاسای بنەرەتیی ئەو ڕێژیمە کە تەواو ناتەبا لەگەڵ هەموو کولتوور و شارستانییەتێکی سەردەمە لە زۆربەی بەندەکانی‌دا ١٠٠٪ دژایەتیی بەشێکی زۆر لە بەندەکانی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دەکا. ڕێژیم هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە بە چەکی سانسۆر کەوتە گیانی زانیاریی ئازاد و نەهێشتنی جیا بیران. هەر لەگەڵ پاوانی شورش وەشاندنی هەر جۆرە بڵاڤۆکێك و کتێبێکی بە تەواوەتی یاساغ کرد تا دەرفەت و کاتی گونجاوی بۆ پاکانە حیساب هەبێ و خۆی بۆ بڵاوکردنەوە و چاپی ئەو کتێب و بڵاڤۆکانە ئامادە بکا کە پرۆپاگەندە بۆ ڕێژیم و نیزامەکەیان بکا. بەناوی نەهێشتنی "دژە شۆرش" کەوتە گیانی هەموو ڕووناکبیران و جیا بیران، گرتن و ئەشکەنجە و تیرۆر و ئیعدام، بوونە چەکی پاکتاو کردنەوەی بیر و ئەندێشەی ناوخۆیی، ئەوەی کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

پاوانکردنی دەنگورەنگ لە وڵات، سەپاندنی سانسۆر و خۆسانسۆری بەسەر چاپەمەنی و ڕاگەیاندن، دانانی یاسا بۆ یاسایی کردنی سانسۆر، وەك یاساغ ڕاگەیاندنی کەڵکوەرگرتن لە ماهوارە و فیلترینگی ماڵپەرەکان و... داخستنی هەموو ئەو دەرگا و دەلاقانەن تا خەڵکی ئێران دەستیان بە زانیاریی ئازاد و دەنگوباسەکان ڕانەگا.

لەم ساڵانەی دوایی‌دا کە ئینتێرنێت بە بنەماڵەی کەم حەشیمەت و سنووردا‌ریی ڕاگەیاندن لە ئێراندا زیاد بوو و خەڵك بەتایبەت لاوان لەبەر ناسیاوی و هۆگریی زیاتریان بەو تێکنۆلۆژییە، بە زۆری ڕوویان تێکرد و دیاردەی وێبلاگ نووسیش لەبەر تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی بە خێراییەکی کەم وێنە جێی خۆی لەنێو بەکارهێنەرانی ئینتێرنێت دا کردەوە، ڕێژیم کەوتە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم دیاردە نوێیە. ڕێژیم کە بڕوایەتی ئینتێرنێت بۆ ئەمنییەتی دەسەڵاتەکەی جێی مەترسی و نیگەرانییە چ بە پەسند کردنی یاسا لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی بەرزی شورشی فەرهەنگی و چ سەرەڕۆیانە کەوتە داخستن و فیلتێرکردنی سایت و وێبلاگەکان تا ٧میلیون بەکارهێنەری ئینتێرنێت لە هەواڵ و زانیاریی جێی مەترسی! بگێڕێتەوە. ڕێژیم بە گاڵتە گرتنی ئەوەی کە زانین و ئاگادار بوون مافی سرۆشتیی و بێ ئەملاوئەولای خەڵکە، دێت و ئەو سووکایەتییە یاسایی دەکا کە لە دەرەوەڕا بە خەڵکی بڵێ چ ببینن و چ نەبینن، چ بخوێننەوە و چ نەخوێننەوە گوێ بۆ کامە دەنگ ڕاگرن و لە کامە دەنگ بپرینگێنەوە.

ئێران لەدوای وڵاتی چین کە زۆرترین هەوڵ بۆ سنووردار کردن و بەرتەسك کردنی دەسڕاگەیشتنی خەڵك بە زانیاریی ئازاد لەسەر ڕایەڵەی ئینتێرنێت بەکار دەهێنێ، لەریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەیە کە هەزینەیەکی زۆری ٧ میلیارد تمەنی بۆ پولۆمپ کردنی زانیاریی ئازاد تەرخان دەکا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشانی تیکنۆلۆژیی نەرم ئامێری و سەدان جۆر فیلتێرشکێن هەوڵی ئەوجۆرە ڕێژیمانە نەزۆك دێڵنەوە. ئەزموونی زیاتر لە ٢٠ ساڵ یاساغ کردن و کۆکردنەوەی ماهوارەکان لە ئێران و سزادانی بەکار هێنەران و شکستی ڕێژیم لەم هەوڵەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکا کە ڕێژیم لەگەڵ ئەوەی تا بینە قاقای لە قەیران و تەنگژەدا ڕۆچووە، بەڵام لەم سەردەمەدا ناتوانێ دەرگاکانی زانیاری لەسەر خەڵکی گاڵە بدا و خەڵکی ئێران لە جیهانی ڕاگەیاندن و زانیاریی ئازاد و پێوەندییەکان بێبەش بکا.



**برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان‌و لایەنگرانی نهێنیی حیزب

ئەندامان‌و لایەنگرانی نهێنیی حیزب وەك هەمیشە، دڵسۆزانەو بەرپرسیارانە، چالاکیی تەبلیغاتییان بەڕێوە برد. ئەو شارانەی لەم دواییانەدا چالاکییان تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە:

سەقز ـ بانە ـ بۆکان ـ دیواندەرە ـ مەهاباد

بە گشتی چالاکییەکان، پێکهاتبوون لە نووسینی دروشم لە شوێنە گرینگ‌و بەرچاوەکانی ناو شارەکان‌و بڵاوکردنەوەی CDی‌و تراکتی تەبلیغیی حیزب لەو شوێنانە.

ـ بڕواننە سایتی "کوردستان میدیا"

## پەرەسەندنی گوشارەکانی رژیم بۆ سەر هاووڵاتییان

لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوودا، ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتیانی کورد لە شارەکانی کوردستان بە تاوانی جۆرواجۆر، لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە دەست بە سەر کران. رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان هەواڵی دەستبەسەر کرانی دەیان کەس لە هاووڵاتیانی شاری سەردەشت لە رەوتی پێکدادانی نێوان هێزەکانی ئەمنییەتی‌و ئینتزامیەکان‌و خەڵك دا بڵاوکردەوە. کە لەم نێوانەدا زیاتر لە پەنجا کەس لە بەندیخانەکانی ورمێ دەستبە سەر کران. رێکخراوی ناوبراو وێڕای دەربڕینی نیگەرانی خۆیی لە بارودۆخی دەستبەسەرکراوەکان، بە وەبیر هێنانەوەی بەندەکانی مادەی ٩ی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامەی مافە مەدەنی‌و سیاسیەکان، خوازیاری رێزگرتن لە مافەکان‌و ئازادیی دەستبەسەر کراوەکان بوو.

هەروەها رۆژانی ١٣و١٤ی بانەمەڕ، لە ناوچەی بۆکان، عەلی رەحیمی، موزەفەر گەوهەری، محەمەد خسرەوی، چیاو ئەحمەد مەڵەغان لە ماڵەوە، دەسگیر کراون. لە لایەکی ترەوە، رۆژی ٢٠ی بانەمەڕ دوو لاوی کرێکاری خەڵکی کرماشان بە ناوەکانی وەهاب رۆستەمی‌و ناسر قوبادی بە بیانووی جۆراوجۆر لە شوێنی کاردا دەستبەسەر کران.

لە شاری سەقزیش ئیبراهیم سالحی بە تاوانی بڵاوکردنەوەو راگرتنی نەخشەی سیاسیی کوردستان بە ساڵێك زیندانی" تەعزیری" مەحکووم کراوە، هەروەها حسین پەرکایی بە تۆمەتی تێکۆشان دژی ئەمنیەتی نەتەوەیی نێو خۆ، بۆ رۆژی ٣ی جۆزەردان بان کرایە دادگاە. هەروەها دادگای"شۆڕش"ی شاری سەقز چالاکی سیاسی، حوسێن محەمەدیی بە تاوانی بەشداری لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکای هاوینی رابردووی ئەو شارەو پێوەندی لە گەڵ ئوپۆزسیۆندا بە ٣ ساڵ زیندان‌و ٨٠ زەربە قامچی سزادا. جێی وەبیرهێنانەوەیە ناوبراو لە هاوینی رابردوودا گیراو پاش ماوەیەك بە بارمتەی ٢٠ میلیون تمەن ئازاد کرا.

## کرماشان

### لە دوو تەقینەوە لە فەرمانداری‌و بازرگانی دا ٨ کەس بریندار بوون

رۆژی دووشەممە، ١٨ی بانەمەڕی ١٣٨٥، لە شارستانی کرماشان دا دوو تەقینەوە، یەکێکیان لە ئیدارەی بازرگانی لە شەقامی سنجاوی‌و ئەوەی دیکەشیان لە فەرمانداری (پشت سینەما ئیستیقلال) روویان دا.

بە رواڵەت بەهۆی ئەم تەقینەوانەوە ٨ کەس بریندار بوون، لە کاتێك دا شەبەکەی ئوستانیی زاگرۆس رایگەیاندوە کە دوو کەس برینداربوون.

گوایە هۆی رووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەگەری سەفەری بەم زووانەی ئەحمەدی‌نەژاد بۆ کرماشان. هەروەها پاش ئەم رووداوانە کرماشان بارودۆخی حکوومەت نیزامی بەخۆوە گرتووە.

## بۆکان

### منداڵێکی قوتابی لەسەر خوێندنەوەی سروودی "ئەی رەقیب" دەکەوێتە بەر لێدان‌و لە قوتابخانە دەردەکرێ

چەند رۆژ لەمەوبەر لە قوتابخانەی سەرەتایی "عصر"ی شاری بۆکان، بەڕێوەبەریی قوتابخانەکە داوا لە قوتابییان دەکا هەر کەس شێعر دەزانێ بی‌خوێنێتەوە، یەکێك لە قوتابییان کە شێعری "سروودی ئەی رەقیب" دەخوێنێتەوە، لەلایەن بەرپرسی قوتابخانەوە دەکەوێتە بەر لێدان‌و لە قوتابخانە دەردەکرێ.

## مەهاباد

### دیاریکرانی ٢٠٠ هەزار تمەن سزا بۆ خاوەن دەزگا ماهوارەیی‌یەکان

رۆژی ١٤ی بانەمەڕی ١٣٨٥، هێزە ئینتیزامی‌یەکانی رێژیم هێرشیان کردە سەر ناوچەی زەوییەکانی شارەداری لە مەهابادو زیاتر لە ٢٠ دەزگا ماهوارەیان لە ماڵی هاووڵاتیان هێنایە دەۆەوەو دەستیان بە سەریان دا گرت.

شایانی باسە بۆ خاوەنی هەرکام لەو دەزگا ماهوارەیی‌یانە ٢٠٠ هەزار تمەن سزا دیاری‌کراوە.

## گوشاری شارەداری بۆ سەر میوەفرۆشانی شاری سەقز

شارەداریی سەقز لە نامەیەك دا کە بۆ میوەفرۆشانی سەقزی لە بازاڕی میوەفرۆشان دا ناردووە، داوای لێ کردوون کە هەر یەك دەبێ ٥٠٠ هەزار تمەن یان ئیجارەی مانگانە بە شارەداری بدەن.

بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لەم بڕیارە میوەفرۆشەکان چوارکەسیان بە نوێنەرایەتیی خۆیان ناردۆتە شارەداری بەڵام لەلایەن کاربەدەستانەوە وەڵامیان نەدراوەتەوەو پاش ئەوەی کە گوتویانە مان دەگرن، هەڕەشەیان لێ‌کردوە کە بە دژی شۆڕش (ضد انقلاب) لەقەڵەم دەدرێن.

میوەفرۆشەکان بڕیاریان داوە هەموو پێکەوە بچنە فەرمانداری‌و ناڕەزایەتیی خۆیان بەگوێی بەرپرسانی ئەوێ بگەیەنن.

ئەم بڕیارە لە کاتێك دایە کە شارەداری خۆی چوارساڵ لەمەوپێش بۆ پێشگرتن لە دژواربوونی هاتووچۆو قەرەباڵغ بوونی نێو شار ئەو شوێنەی بۆ میوەفرۆشەکان دیاری کردبوو. بەڵام ئێستا کە ئەو بازاڕە رەونەقی پەیدا کردوە دەیەوێ پارەیەکی زۆریان لێ وەربگرێ.

## کوژران‌و برینداربوونی دوو هاووڵاتی لە سەڵماس

رۆژی ١٣ی بانەمەڕی ١٣٨٥، هاووڵاتیەك، خەڵکی گوندی خۆناوین سەر بە ناوچەی شپیرانی سەڵماس، لە سنووری نێوان ئێران‌و تورکیەدا وەبەر گوللەخومپارەی هێزەکانی رێژیم کەوت‌و هەر لەجێدا گیانی لەدەست داو کەسێکیش بریندار بوو.

## سامان رەسوڵپوور بە ٤ ساڵ زیندان‌و دوورخرانەوە بۆ ئەردەبیل سزادرا

رۆژی ٢٤ی بانەمەڕی ١٣٨٥، سامان رەسوڵپوور تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤ، لە کاتێك دا کە بۆ ماوەی ٥رۆژ دەبوو مانی لە خواردن گرتبوو، لە لایەن لقی دووی دادگای" شۆڕش"ی شاری مەهابادەوە دادگایی کرا. رەسوڵپوور بە تاوانی بەشداری لە ناڕەزایە تییەکانی هاوینی رابردوو لە لایەن دادوەر عەبباس زادەوە بە ٤ ساڵ زیندان‌و دوورخستنەوە بۆ بەندیخانەی ئەردەبیل مەحکوم کرا. هەروەها هەمان رۆژ دادوەر عەبباس زادە ، لاوێکی دیکەی کورد کە ناوەکەی نەزانراوە، بە تاوانی سیاسی، بە دوو ساڵ زیندان‌و دوور خستنەوە بۆ بەندیخانەی مەراغە سزادرا.

## سێ مانگ زیندانیی تاکەکەسی بۆ بەندکراوێکی کورد

هەواڵنێرانی رێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤی کوردستان:

بەندکراوێکی کورد بە ناوی "عەلی حوسێنی"، کوڕی سەید سێراجەدین، خەڵکی خۆی کە سێ مانگ لەمەوپێش دەستبەسەرکراوە، لەو رێکەوتەوە تا ئێستا لە بەندیخانەکانی سەقزو بانە لە زیندانی تاکەکەسی‌دایە.

دەوترێ کە ناوبراو بەهۆی چالاکیی سیاسی‌و پێوەندی لەگەڵ حیزبێکی سیاسیی کورددا دەستبەسەرکراوە.

## ماڵپەڕی کوردستان میدیا

### ئیدارەی ئیتلاعات خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو پەناخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە تورکیە گیرساونەتەوە

ماوەیەکە ئیدارەی ئیتلاعاتی رێژیم خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو کەسانەیە کە پێشتر پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون‌و ئێستا لە وڵاتی تورکیە پەناخوازن. بەپێی هەواڵ مەئموورانی ئەم ئیدارەیە چوونەتە ماڵی ئەو کەسانەو داوای فتۆکۆپیی ناسنامە، وێنەو ژمارەی تەلەفوونی ئەو کەسانەیان لە بنەماڵەکانیان کردوە. هەر لەم پێوەندییەدا ئیدارەی ئیتلاعات بە تەلەفوون پێوەندییان لەگەڵ کەسێك بەناوی فواد کە پێشتر پێشمەرگەی حیزب بووەو لە شاری وان گیرساوەتەوە، گرتووەو داوایان لێ‌کردوە بگەڕێتەوە بۆ ئێران‌و هەڕەشەیان لێ کردوە ئەگەر ئەو کارە نەکا بۆ خۆیان دەی‌گەڕێننەوە.

ئەوە لە کاتێك دایە کە دەنگۆی ئەوە هەیە رێژیمەکانی ئێران‌و تورکیە لەسەر گۆڕینەوەی ئەندامانی PKK لە ئێران‌و پەناخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تورکیە رێك کەوتوون

## سەردانی فەرماندەی گشتیی هێزی زەیتوون لە ناوەندی ٣ی کوردستان

دوانیوەڕۆی رۆژی ١٣٨٥/٢/٢٤، بە مەبەستی پتەوترکردنی پێوەندی دۆستانەی نێوان هێزی زەیتوونی کۆریای باشووری‌و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، فەرماندەی گشتیی هێزی زەیتوون، ژنراڵ "هوانگ جۆنگ سۆن" بە هاوڕێیەتیی چەند گەورە لێپرسراوی دیکەی هێزی زەیتوون کە هەموویان ماوەیەکی کورتە جێگای فەرماندەکانی پێشوویان گرتۆتەوە، سەردانی ناوەندی ٣ی حیزبیان لە جێژنیکان کردو لەلایەن بەرپرسی ناوەند، بەڕێز کاك محەمەدساڵح قادری‌و ئەندامانی ناوەندو کادرو پێشمەرگەکانەوە بە شێوەیەکی تایبەت پێشوازییان لێ‌کرا.

لەم سەردانەدا هەردوولا لەسەر بەردەوامی پێوەندیی دۆستانەو هاوکاریی نێوانیان پێیان داگرت‌و لە دوابڕگەی سەردانەکەدا ئارمی حیزب‌و دیارییەکی سەمبولیك لەلایەن بەرپرسی ناوەندەوە پێشکەشی فەرماندەی هێزی زەیتوون کراو لە لایەن ئەویشەوە دیارییەکی فولکلۆری کوریاو میدالیای شانازیی هێزی زەیتوون پێشکەش بەر بەرپرسی ناوەند کرا.

## بە بۆنەی ١٧هەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو یەکیەتی لاوان لە دەرەوەی وڵات بانگەوازی بۆ بەشداری لە رێپێوانێکدا لە ئۆتریش کرد

**بیری دوکتور قاسملوو چرای رێگای تێکوشانمانە!**

**لاوانی خۆشەویست!**

**کیژان‌و کوڕانی کۆڵنەدەر!**

**ماف ویستان!**

**ئازادیخوازان!**

بە مەبەستی لە بیر نەکردنی رێبازی پڕلە شانازیی دوکتور قاسملوو، بە مەبەستی سەر لە نوێ دژبەریکردن لە گەڵ تیرۆرو توندوتیژی دەوڵتی، بەمەبەستی سەر لە نوێ مەحکوم کردنەوەی بکوژانی رێبەری گەورەی کورد، دوکتور قاسملوو، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کودستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات بە دەست پێشخەری کومیتەی لاوانی وڵاتی سوئید، رۆژی ٢٠٠٦/٠٧/١٣زایینی ١٧هەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو، بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی دەوڵتی ئێران، لە بەردەم کۆشکی سەرۆك وەزیران، لە وڵاتی ئۆتریش، وڵاتێك کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابووری‌یەکانی خۆی ترسنۆکانە بوکوژانی دوکتور قاسملوو کاك عەبدوڵڵا قادری ئازەر، بە جلو بەرگی خوێناوییەوە رەوانەی تاران کردەوە، رێپێوانێك بەڕێوە دەبات.

ئێمە لە رێگای ئەم بانگەوازەوە بانگهێشتی هەموو رێکخراوێکی پێشکەوتنخوازو ئازادی ویست‌و، سەرجەم ئینسانە ئازادیخوازو نیشتمان پەروەرەکان دەکەین، کە بۆ لە قاودانی پتری جنایەتەکانی رێژیی تیرۆریستی ئێران و بەئامانجی وەگەڕخستنی پەروەندەی دوکتور قاسملوو، لەم رێپێوانەدا بەشداری بکەن‌و، بە بەشداری کردنی خۆتان، لە گەیشتن بە دادپەروەری و دژبەری لە گەڵ تیرۆرو تیرۆریستان، یارمەتیدەرو پشتیوانمان بن.

**بۆ زانیاری زیاتر پێوەندی بکەن بە:**

**ئیمەیل: Qasmlou@lawan.com**

**تەلەفۆن: 0046(0)707753842 ـ 0046(0)735827763**

## لە چەند زانکۆی ئێران دا خویندکارانی تورك بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە سووکایەتی‌کردن بە تورك مانیان گرت

رۆژی چوارشەممە، ١٣٨٥/٢/٢٧، پاش سووکایەتی‌کردن بە تورکەکان لە رۆژنامەی "ایران"دا کە لە وێنەیەکی کاریکاتۆری‌دا بە جێگای تورك "قۆلانچە" (سوسك) کێشرابوو، خوێندکارانی تورك لە زانکۆکانی "تربیت معلم"ی تەورێز، تاران، هەمەدان، ورمێ، زەنجان، ئەردەبیل‌و قەزوێن دا مانیان گرت.

خوێندکارانی تورك لە زانکۆی "تربیت معلم"ی تەورێزدا بە گوتنەوەی دروشمەکانی "بژی ئازەربایجان"، "مەرگ بۆ دوژمنان"، یەکیەتی، یەکیەتی ئازەربایجان"و... ناڕەزایەتیی خۆیانیان لەو سووکایەتی‌یە دەربڕی.

شیاوی باسە لەو مانگرتنەدا خوێندکارانی کورد پشتیوانیی خۆیانیان لە خوێندکارانی تورك دەربڕی‌و ئەوانیش بە گوتنەوەی دروشم بە زمانی کوردی ناڕەزایەتیی خۆیانیان نیشان دا.

## سەردێڕی هەواڵەکانی دیکە

- ـ "چاك" یەکەمین کۆنگرەی زیندووی خۆی دەبەستێت
- ـ کۆبوونەوەی نوێنەرایەتیی کۆمیتەی گشتیی یەکیەتیی لاوان لەگەڵ بەرپرسی لاوانی پارتی کاری نۆروێژ
- ـ بەڕێوەچوونی سمینارێك لەلایەن لاوانی دێموکرات لە شاری فیستۆرس سەبارەت بە کێشەکانی ژنان لە خێزان‌و کۆمەڵگادا
- ـ بەڕێوەچوونی سمینارێك لەژێرناوی بەراوەردێك لەنێوان ژینۆسایدی کوردو ئەرمەن‌و جوولەکەدا
- ـ یەکەمین کۆبوونەوەی هەرێمی یەکی کومیتەی سۆئێد بەڕێوەچوو
- ـ جەژنی کۆتایی هاتنی قۆناخی ساوایەتیی بەشێك لە منداڵانی بنەماڵە حیزبی‌یەکان
- ـ بریندار بوونی دوو کاسبکار بەهۆی تەقەی هێزی ئینتیزامی‌یەوە لە بانە
- ـ چاوپێکەوتنی بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئادێلاید لەگەڵ ئەندامێکی کومیتەی مافی مرۆڤی پارلمانی ئوستralیا
- ـ سویس: بەشداری لە رێوڕەسمی رۆژی جیهانی کرێکاردا
- ـ کۆچی دوایی ئەندامێکی دڵسۆزی حیزب لە ناوچەی هەوشار
- ـ بە تاوانی خوێندنەوەی رۆژنامەی کوردستان هاووڵاتیەکی پیرانشاری بانگ کرایە دادگا
- ـ نزیکەی ٢٠ دەزگا ماهوارە لەلایەن کەسانی ساختەچی‌یەوە بەتاڵان بران
- ـ جموجوڵی هێزەکانی رێژیم لە ناوچەی مەهاباد
- ـ تێکچوونی کاناڵە ماهوارەیی‌یەکان لە مەهاباد بەهۆی بڵاوکردنەوەی پارازیت
- ـ کۆچی دوایی باوکی دوو شەهیدی حیزب
- ـ لە ناوچەی سەردەشت دا تەقینەوەی مین گیانی هاووڵاتیەکی گرت
- ـ کۆچی دوایی لایەنگرێکی حیزب لە ناوچەی ژاوەرۆ
- ـ سەردانی نوێنەری حیزب لە نووسینگەی رەخنەگری کاروباری دەرەوەی حیزبی دێموکراتی نوێ (NDP)ی کانادا
- ـ هەڵمەتی بەربڵاوی رێژیم بۆ کۆکردنەوی دەزگا ماهوارەیی‌یەکان
- ـ بریندار بوونی منداڵێك بەهۆی تەقینەوەی مین لە ناوچەی مەریوان
- ـ لەلایەن یەکیەتیی لاوانەوە خولی تۆپی پێی ئازادی لە سوئێد بەڕێوەچوو
- ـ تێکهەڵچوونی نێوان خەڵکی دوو گوندی ئەمبەرەوبەری سنووری ئێران‌و تورکیە
- ـ گوشاری شارەداری بۆ سەر میوەفرۆشانی شاری سەقز
- ـ بەهۆی تەقەی هێزەکانی رێژیمەوە دوو کاسبکار لە ناوچەی سەردەشت دا بریندار بوون
- ـ لە بۆسەی هێزی ئینتیزامی‌دا هاووڵاتیەکی مەریوانی بە توندی بریندار بوو
- ـ دوو تەرم لە چۆمی بۆکان دا دۆزرانەوە
- ـ هێرشی هێزەکانی رێژیم بۆ سەر گوندی "قروچا"ی بۆکان
- ـ کۆکردەنەوی دەزگا ماهوارەیی‌یەکان لە مەریوان دا درێژەی هەیە
- ـ بڵاوکەرەوەیەکی مادده هۆشبەرەکان لە بۆکان کوژرا
- ـ کوژران‌و بریندار بوونی دوو هاووڵاتی لە ناوچەی سەڵماس

**بۆ خوێندنەوەی هەموو نێوئاخنی هەواڵەکانی سەرەوە بڕواننە ماڵپەڕی "کوردستان میدیا"**

# کێشەی نەتەوەیی لە ئێران‌و،

## ئەرکی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

محەممەد جەمیل کولاهی

بۆ دەرکەوتنی بنچینەی هێندێك لە کێشەکان‌و خستنەڕووی ڕاستییەکان، پێویستە تۆزێك لە باری مێژوویی‌یەوە بەرەو دواوە بگەڕێینەوەو لە چۆنییەتیی سەرهەڵدانی ئەو کێشانە بکۆڵینەوە. چونکە تەنیا لە سێبەری لێکۆڵینەوەو توێژینەوەدایە کە دەتوانین میکانیزمێك بۆ چارەسەری کیشەکان، دیاری بکەین. کێشەی نەتەوایەتی یەکێك لەو کێشانەیە، کە بۆ چارەسەرکردنی، لەبەرچاوگرتنی ڕابردووی مێژوویی‌و ڕاستییە مێژوویی‌یەکان پێویستن، بەتایبەت لە ئێراندا. چونکە لەو بارەیەوە هێندێك ڕاستی هەن کە مێژوو وەك ئاوێنەیەکی باڵانوێن بۆ هەموان دەریان دەخاو جێگای شك‌و گومان ناهێڵێتەوە. بۆ تاوتوێکردنی کێشەی نەتەوایەتی لە وڵاتێکی فرەنەتەوە وەك ئێران، پێویستە بەکورتی ئاوڕێك لە مێژووی ئەم وڵاتە بدەینەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی ئیمپراتوریی سەفەوی. بە تێڕوانینێکی کورت بەسەر نەخشەی جوغرافیایی ئێران لە سەردەمی سەفەویدا، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو وڵاتانەی کە ئێستا دراوسێی ئێرانن، وەك ئەفغانستان‌و ئازەربایجان‌و ... هەموویان لە ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکان‌و لە نێو سنوورەکانی ئێراندا بوون. بەڵام دوایی بەتایبەت لە سەردەمی قاجارەکاندا بەهۆی لێنەهاتوویی بەرپرسانی حکوومەتیی ئەو سەردەمە هەمووی ئەو وڵاتانە لە لایەن وڵاتانی دەرەوە بەتایبەت ڕووسیە داگیر کراون‌و لە خاکی ئێران جیا بوونەوە، بۆ وێنە:

١ـ گرێبەستی گوڵستان: قەرەباخ، شێروان، باکوو، دەربەند، لەنکەران، بەشێك لە تاڵش، داغستان، گورجستان، ئەرمەنستان‌و قەفقاز دران بە ڕووسیە.

٢ـ گرێبەستی تورکمان چای: ویلایەتەکانی ئێرەوان‌و نەخجەوان دران بە ڕووسیە.

٣ـ لە گرێبەستی ئەرزڕوومی دووەمدا، ئێران لە ئیددیعای خاوەندارییەتیی سلێمانی‌و بەشی ڕۆژئاوای زەهاب دەستی هەڵگرت.

٤ـ پەیمانی پاریس: جیابوونەوەی هەرات لە ئێران، دەسهەڵگرتنی ئێران لە ئەفغانستان.

٥ـ ئەو بەشەی لە ئێران کە لە ساڵی ١٩٠٥ بە پێی گرێبەستی گۆڵدئێسمیت جیابۆوە.

٦ـ ریفراندۆمی ساڵی ١٣٤٩و دەسهەڵگرتنی ئێران لە خاوندارییەتیی بەحرەین.

پەندێکی فارسی هەیە کە دەڵێ "باد آورده را باد می‌برد" ئەو گرێبەستانەش وا بوون، چونکە ئەگەر بە وردی چاو لەو گرێبەستانە بکەین،

**بێجگە لە ژینۆسایدی فەرهەنگی، یەکێك لە پلانەکانی ڕێژیمە زاڵەکان بەسەر ئێراندا، گۆڕینی باری دێموگرافیی ناوچە غەیرە فارسەکان‌و شێواندنی سنووری ئەو نەتەوانەیە. بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەك سنووری ئوستانەکانیان داڕشتوە کە لە نێو هەر ئوستانێك دا دوو یان چەند نەتەوە دەژین.**

شاکانی ئێران، هەروا کە بە پێ پێخۆشبوون‌و زێدەخوازیی خۆیان ئەو وڵاتانەیان داگیر کردوە، هەرواش بۆ پاراستن‌و مانەوەی دەسەڵاتەکەیان بە خۆڕایی بەخشیویانن. ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پێکهاتنی سنوورگەلی سیاسی بە پێ، پێخۆشبوونی وڵاتانی ژێردەستە نەبووە، بەڵکوو بە پێ دڵخوازی شاکان بووەو ئیرادەو خواستی خەڵك هیچ بایەخێکی نەبووە. ئەو وڵاتەی کە ئێستا بە نێوی ئێران لەسەر نەخشەی جوغرافیایی ماوەتەوە، پاشماوەی ئەو ئیمپراتوورییە گەورە بووە کە بەسەر چەندین وڵات‌و نەتەوەدا زاڵ بووەو شکستی شاکانی ئێران لە شەڕ لەگەڵ دراوسێیەکان‌و بەستنی پەیماننامەگەلێك وەك گوڵستان‌و تورکمانچای‌و ئەرزڕووم‌و... بۆتە هۆی لەتبوونی خاکی نەتەوەگەلێك وەك ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمان‌و دابەشبوونی ئەو نەتەوانە. بە واتایەکی دیکە ئەو نەتەوانەی کە ئەمڕۆ لە ئێراندا وەك کەمایەتیی قەومی ناویان لێ دەبەن! بەشێکن لەو نەتەوانە کە لە دراوسێیەتیی ئێراندا خاوەنی حکوومەتن، بەڵام لە ئێراندا وەك قەوم چاویان لێ دەکرێ!

پێویست بە ئاماژەیە کە ئەم کێشە تەنیا ئێران ناگرێتەوە، بەڵکوو زۆربەی هەرەزۆری ئەو دەوڵەتانەی کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندان بەتایبەتی ئەو وڵاتانە کە لە ئاکامی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتوریی عوسمانیدا پێك هاتون، دەگرێتەوە، چونکە سنووری ئەو وڵاتانەش بە جۆرێ داڕێژراوە کە بۆتە هۆی لەتبوونی نەتەوەکان، کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئەو کێشە بەبێ چارەسەری ماوەتەوە، هەر بۆیە ئەم ناوچەیە بە نائەمنترین ناوچەی جیهان ناسراوە. هۆی نائەمنیی ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتۆر:

١ـ نەبوونی دێموکراسی لە وڵاتانی ناوچەکەو زاڵبوونی حکوومەتە دیکتاتۆرو تۆتالیتێرەکان بە سەر ئەو وڵاتانەدا

٢ـ داڕێژرانی سنووری ئەم وڵاتانە بە پێچەوانەی ویستی ئەو نەتەوانە کە لەو ناوچەیەدا دەژین کە ئێران، تورکیە، عێراق‌و سووریە لەبەرچاوترینی ئەو وڵاتانەن

٣ـ سەرهەڵدانی بیری شۆڤێنیستی‌و ئیدئۆلۆژیکی لە نێو وڵاتان‌و نەتەوەکانی ناوچەکەدا، کە لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە ڕێژیمی پەهلەوی، ئاتا تورك، بەعس‌و کۆماری ئیسلامی بکەین.

٤ـ ڕۆڵی وڵاتانی کۆلۆنیالیستی لە هێنانەسەرکارو لابردنی حکوومەتەکانی ناوچەکەو دیاریکردنی سنووری سیاسیی ئەو وڵاتانە.

کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی پەهلەوی‌یەوە بە زەقی دەست پێ دەکا، چونکە لە سەردەمی قاجارەکاندا، دەوڵەتی ناوەندی، هیچ کات نەیتوانی بەسەر ناوچەگەلێك وەك کوردستان، بەلووچستان‌و ئازەربایجان‌و... زاڵ بێ‌و دەوڵەتی قاجار وەك کۆنفێدراسیۆنێك لە دەوڵەتگەلی بچووك وا بوو کە بەهۆی وەفاداربوون بە شاو دەوڵەتی قاجار لە پاڵ یەکتریدا مابوونەوە. ئەم دۆخە تا هاتنەسەرکاری ڕەزاخان درێژەی هەبوو، بەڵام بە هاتنە سەرکاری ڕەزاخان لە ساڵی ١٢٩٩ (١٩٢٠)دا دۆخەکە بە تەواوی گۆڕا. سەرەکیترین ئامانجی ڕەزاخان پێکهێنانی دەوڵەتی مۆدێرن بوو، کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ویستەی، کەوتە بیری نەتەوەسازی، کە پێکهێنانی سیستمێکی نوێی پەروەردەو فێرکردن بە پێ کات




بناخە فەرهەنگییەکانی نەتەوەی فارس لە سەرانسەری ئێراندا پێویست بوو، کە ئەمە یەکێ لە سەرەکیترین پلانە درێژخانەیەنەکانی ڕەزاخان بۆ نەتەوەسازی بوو. ڕەزاخان بە پاڵپشتی بەناو ڕووناکبیران دەیویست بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو پرۆژەیە زمان‌و فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکە لە نێو فەرهەنگی نەتەوەی فارسدا بتوێنێتەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەش ڕەزاخان دوو سیاسەتی گرتە پێش:

١ـ ژینۆسایدی فەرهەنگیی نەتەوەکانی ئێران

٢ـ سەرکوتی هەرچەشنە جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی لە ئێران

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ڕەزاخان ئەو پرۆژە نەتەوەسازییەی لە ئوورووپایی‌یەکان وەرگرتبوو، بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە کە، چ وێکچوونێك لە نێوان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و سیاسیی ئێران بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی مۆدێرنی کوجێ لەگەڵ ئوورووپادا بەدی دەکرا؟ چارلز تیلی بۆ پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن سێ پێشمەرجی داناوە کە بریتین لە:

١ـ یەکدەست‌و یەکپارچەبوونی ناوچەیەك کە دەوڵەتی مۆدێرن لەوێدا سەر هەڵدەدا.

٢ـ بوونی پێگەی بەربڵاوی ئابووریی لادیی، خاوەن چینی ملکداری دەسەڵاتدار، بە جێگەی پێگەی عەشیرەتی.

٣ـ بوونی پێکهاتەیەکی سیاسیی ناناوەندی.

بە ئاوڕدانەوەیەك لە بارودۆخی ساڵەکانی دەورووبەری ١٣٠٠ کە، دەردەکەوێ کە سیستمی ئابووریی لادێی‌و سیستمی سیاسیی ناناوەندی هەبووە، بەڵام پێشمەرجی سەرەکی کە پێکهاتەی حەشیمەتیی یەکدەست بووە، بەدی نەدەکرا. چونکە ئێران لە باری نەتەوەیی، مەزهەبی‌و ئاینییەوە هیچ کات

یەکدەست نەبووە. بێجگە لەوە ئێران بە پێچەوانەی ئوورووپا لە ژێر نفووزی وڵاتانی دەرەوە وەك ڕووسیەو بریتانیا بووەو ناوەندگەلێکی شاریی گەورە کە چینی بورژوا بتوانن لەوێدا تێکۆشانی ئابووری‌و تیجارت بکەن، بەدی نەکراوە. بۆیە پلانی نەتەوەسازی‌و لەنێوبردنی نەتەوەکانی ئێران، بەرەورووی ئاستەنگ دەبێتەوەو هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ، نەیانتوانیوە جێبەجێی بکەن. بۆیە سیاسەتی بە فارسکردنی ئێران لە سەردەمی پەهلەویدا سەر ناکەوێ. بەدوای ئەودا بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سیاسەتەکە گۆڕا. ئەم ڕێژیمە کە لەسەر بناخەی ئیدیولۆژیی ئیسلامی دامەزراوە، بە نەتەوەو مافی نەتەوایەتی باوەڕی نیەو تەنیا باوەڕی بە ئوممەتی ئیسلامی هەیەو ئوممەتی ئیسلامیی لە سەرووی هەموو مەسەلەیەکەوە داناوە. بۆیە لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا جۆرە پاوانخوازی‌و شۆڤێنیزمێك بەسەر ئێراندا زاڵ بووە کە حاشای لە بوونی ئێرانێکی فرەنەتەوە کردوەو لەو بارەیەوە دەستی بۆ هەر چەشنە پیلانێك بردوە.

لەو پێوەندییەدا بێجگە لە ژینۆسایدی فەرهەنگی، یەکێك لە پلانەکانی ڕێژیمە زاڵەکان بەسەر ئێراندا گۆڕینی باری دێموگرافیی ناوچە غەیرە فارسەکان‌و شێواندنی سنووری ئەو نەتەوانەیە. بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەك سنووری ئوستانەکانیان داڕشتوە کە لە نێو هەر ئوستانێك دا دوو یان چەند نەتەوە دەژین. بە واتایەکی دیکە چەند شار لە نەتەوەیەکیان بە چەند شاری نەتەوەیەکی دیکەوە چەسپاندوەو ئوستانێکیان پێك هێناوە. یان هاتون خاکی یەك نەتەوەیان بە سەر چەند ئوستان دابەش کردوە، بەڵام ناوی ئەو نەتەوەیەیان لەسەر یەك یان دوو لەو ئوستانانە داناوەو ناوێکی دیکەیان لەسەر ئەوانی دیکە داناوە. بۆیە نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێران جیا لەوەی کە بەهۆی سنوورەکانی ئێرانەوە بە

چەند بەش، دابەش کراون، لە نێوخۆی ئێرانیش بەهۆی سنووری ئوستانەکان، سنوورەکانیان بە تەواوی تێکوپێك دراون. ئەگەر لە ڕابردوودا شۆڤێنیزمی زاڵ بەسەر ئێراندا بۆ تواندنەوەی ئەو نەتەوانە تێ دەکۆشا، ئەمڕۆ بەهۆی شکستی ئەو سیاسەتانە، سیاسەتێکی نوێی گرتۆتە پێش، چونکە بۆی دەرکەوتوە کە چی دیکە توانای تواندنەوەی ئەو نەتەوانەی نەماوە، بۆیە ئەمجارە لە سیاسەتی شێواندنی سنووری نەتەوەکان‌و گۆڕانی باری دێموگرافیی ناوچە غەیری فارسەکان بۆ نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی لە نێو ئەو نەتەوانە کەڵك وەردەگرێ. دیارە گۆڕانی ئەو سیاسەتە بەهۆی هاتنەئارای ئەم چەند خاڵەی خوارەوەیە:

١ـ پەرەسەندنی دێموکراسیخوازی لە نێو نەتەوەکان‌و پێکهاتنی دەوڵەتە دێموکراتیکەکان کە بۆتە هۆی پێکهاتنی حکوومەتگەلێك لە سەر بنەمای ویست‌و دڵخوازی نەتەوەکان لە دنیا، لەوانە عێراق.

٢ـ پێکهاتنی گۆڕانکاری بەسەر ئەو حکوومەتە ناوەندییانە لە وڵاتانی فرەنەتەوەیی جیهانداو پێکهاتنی دەوڵەتگەلی دێموکراتیك‌و فیدراڵ لەو وڵاتانە.

٣ـ داڕشتنەوەی سنوورەکان بە پێ پێخۆشبوونی نەتەوەکان‌و بە سەربەخۆیی گەیشتنی زۆربەی ئەو نەتەوانە لە جیهاندا بۆ وێنە لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا.

بۆیە ئەگەر تا ئەوڕۆ، داڕشتنی سنوورەکان بە پێخۆشبوونی شاو دیکتاتۆرو کۆلۆنیالیستەکان بووە، ئەمڕۆ بارودۆخی جیهان گۆڕاوەو ئەوە نەتەوەکانن کە سنووری خۆیان دیاری دەکەن، بۆیە دەسەڵاتداران زاڵ بەسەر ئێراندا ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوتوەو هەردەم خەریکی ئاژاوە نانەوەن لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا، تا بە چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێو ئەو نەتەوانەدا، داخوازییەکانی ئەوان بە لاڕێدا بەرن.

**ڕۆڵی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لەم پێوەندییەدا:**

ئەو کۆنگرەیە کە نوێنەری هەموو نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی تێدایە، دەبێ لە سەر کێشە سەرەکییەکانی ئەو نەتەوانە بکۆڵێتەوەو نەکەوێتە داوی پیلانەکانی ڕێژیم. ڕێژیمەکانی پەهلەوی‌و کۆماری ئیسلامی هەردەم لە ژێر ناوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران‌و پاراستنی سنوورەکانی ئێران، بە توندترین شێوە وەڵامی داخوازیی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانیان داوەتەوە. هەر چەشنە جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازانەیان بە جوداییخوازی لە قەڵەم داوەو سەرکوتیان کردوە. تێکۆشاون هەموو ئەو نەتەوانە کە لە ئێراندا دەژین، وەك یەك نەتەوە بناسن‌و نیزامێکی سیاسیی ناوەندی بە سەریاندا زاڵ بکەن. هەوڵێکی بێ‌وچانیان بۆ تواندنەوەی زمان‌و کولتووری ئەو نەتەوانە داوەو تێ‌کۆشاون بە زۆرەملێ زمان سازی بکەن‌و زمانێکی تاقانە لە نێو ئێراندا بسەپێنن‌و ... هتد.

بۆیە دەبێ کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بە چاکی سیاسەتەکانی ڕێژیم لێك بداتەوەو لێیان تێ بگا. کێشەی سەرەکیی نەتەوەکانی ئێران پێشێلکرانی مافی نەتەوایەتیی ئەو نەتەوانە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوەیە، ڕێژیمی ئیسلامی دەیەوێ لە شێواندنی سنووری نەتەوەکان لە ئێران‌و هاندانی ئەو نەتەوانە بە تایبەتی‌حیزب‌و ڕێکخراوەکانی ئەو نەتەوانە لە سەر خاك‌و سنوورێك کە دەسکردی ڕێژیمە زاڵەکان بەسەر ئێرانە، ڕاستییەکان چەواشە بکاو سیاسەتەکانی خۆی لەسەر ئەو نەتەوانە جێبەجێ بکاو بە مەبەستەکانی خۆی بگا. بۆیە دەبێ کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ نە تەنیا بە گژ هەرچەشنە ئاژاوەو گرژی خوڵقێنییەك بچێتەوە، بەڵکوو دەبێ میکانیزمێکی زانستییانە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بدۆزێتەوە، تا کۆماری ئیسلامی‌و لایەنە شوڤێنیستەکان‌و ئاژاوەگێڕەکان نەتوانن لەو مەسەلەیە کەڵك وەربگرن‌و ئاژاوە بنێنەوە.

سەرچاوەکان:

١ـ تاریخ ده هزار سالەی ایران/ استاد عبدالعظیم رضایی
٢ـ برآمدن رضاخان و افتادن قاجار/ سیروس غنی
٣ـ قومیت و قومگرایی در ایران / دکتر حمید احمدی

**کێشەی سەرەکیی نەتەوەکانی ئێران پێشێلکرانی مافی نەتەوایەتیی ئەو نەتەوانە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوەیە، ڕێژیمی ئیسلامی دەیەوێ لە شێواندنی سنووری نەتەوەکان لە ئێران‌و هاندانی ئەو نەتەوانە بە تایبەتی‌حیزب‌و ڕێکخراوەکانی ئەو نەتەوانە لە سەر خاك‌و سنوورێك کە دەسکردی ڕێژیمە زاڵەکان بەسەر ئێرانە، ڕاستییەکان چەواشە بکا**

# دامەزراوەی نوێی مافی مرۆڤـ

رەزا فەتحوڵڵانەژاد



شورای تازە دامەزراوی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، جێگەی کومیسیۆنی مافی مرۆڤی ئەم ڕێکخراوەی گرتەوە. کاتێك بیری دامەزراندنی ئەم شورایە بە شێوەیەکی ڕژد لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتۆتە گۆڕێ کە ڕەخنەی زۆر لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئەم ڕێکخراوە گیراو، بە کردەوە کومیسیۆنی مافی مرۆڤ تەنانەت نەیدەتوانی لە ئاستی دەرکردنی بەیاننامەی ڕەخنەگرانەو شەرمەزارکردنی کردەوەکانی پێشێلکەرانی مافەکانی مرۆڤیشدا ڕۆڵی خۆی بە باشی بگێڕێ. کومیسیۆنی مافی مرۆڤ کە لە نێو یەکەمین دامەزراوەگەلێکدا بوو کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە جێگەی خۆی دایە دامەزراوەیەکی هاوئامانجی دیکە، ئەو کومیسیۆنە کە خاوەنی خاڵگەلێکی بەهێزو لاواز بوو کە لەم ساڵانەی دواییدا وڵاتە پێشکەوتووو دێموکراتەکانی جیهانی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە کۆمیسیۆنی ناوبراو بەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی، ئیدی ناتوانێ بە باشی ڕۆڵی دیاریکراوی خۆی بگێڕێو، دەبێ جێگەی خۆی بداتە دامەزراوەیەکی دیکە کە جۆری ڕێوشوێن، پێکهاتەو دەسەڵاتی بەڕێوەبەرییەکەی لەگەڵ کومیسیۆنی مافی مرۆڤ جیاوازیی هەبێو لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهانی هەنووکەدا یەك بگرێتەوە.

**ناهاوتایی کومیسیۆنی مافی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی سەردەم**

لە کاتێکدا کومیسیۆنی مافی مرۆڤ وەك دامەزراوەیەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێك هات کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی لە ژێر کارتێکەریی هەلومەرجو پێکهاتەی زلهێزەکانو زلهێزە ناوچەیی‌یەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا دامەزرابووو کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤیش بە شوێنوەرگرتن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەمان ڕێوشوێنو پێکهاتەکانی زلهێزەکانی ئەوکات سەرچاوەی دەگرت. دوو جەمسەریبوونی جیهان، ترس لە سەرهەڵدانی شەڕێکی دیکەی جیهانی، پشتیوانی لەو وڵاتە دیکتاتۆرانەی کە پارێزەری قازانجی زلهێزەکان بوون لە لایەن هەر دوو بلۆکەکەوە دەکرا، شەڕی ساردی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، پەرەی بە پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن لە جیهانو بەتایبەت پێشبڕکێی دەستڕاگەیشتن بە چەکە ناوکیو کۆمەڵکوژەکان، دەکرد. ئەم دیاردانە سێبەری قورسیان خستبووە سەر چالاکییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە گشتیو کومیسیۆنی مافی مرۆڤ.

کۆتایی هاتنی شەڕی ساردو لێکترازانی جەمسەری سوسیالیستیو دوابەدوای ئەوەیش بەرچاو بوونی پرسگەلێکی وەك مەسەلەی نەتەوەیی، ئازادیی تاکەکەسیو دەسەڵاتی خەڵکی لە وڵاتانی سەر بە شووروەویی پێشوو، لەنێوچوونی بیانووی پشتیوانیکردنی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لە دەسەڵاتە سەرەرۆکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە سەردەمی شەڕی سارددا بە مەبەستی پێشگرتن بە دژەی ئایدۆلۆژیی کومونیزم بۆ نێو ئەم ناوچە ئێستراتێژیکییە، بەربڵاوتربوونی ڕاگەیەنە گشتییەکانو پەیوەندییەکان لە جیهاندا، مەیلی هەرچی زێدەتری خەڵکی وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو بە ئاراستەی مەسەلەی دیمۆکراسی، ئازادی زیاتر کرد، مەیلی خەڵکی ناوچە دیکتاتۆرلێدراوەکانو هەروەها چەمکگەلێك وەك ئازادیو دیمۆکراسی، چ لە ئاستی سیاستڤانانو چ لە ئاستی ڕاگەیەنەگشتییەکان، بە تەواوی گۆڕانیان بەسەردا هات، بەڵام هێشتا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو دامەزراوەی سەر وی لە ڕێگەی پێکهاتەو ڕێوشوێنی پێشوویانەوە بەڕێوە دەچوون.

لەو خاڵانەی کە بوونە هۆی بەهێزیی بەڵگەکانی پشتیوانانی ڕاستەقینەی مافی مرۆڤ، واتە ئەو کەسانەی کە خوازیاری پێکهاتنی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە دامەزراوەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون، دەکرێ بە بەشداریی وڵاتانێکی وەك ئێران، سوودان، لیبی، عەرەبستانی سعوودی، پاکستان، چین، ڕووسیە، کوبا، وڵاتانێکی دیکە کە خۆیان لە پێشێلکەرانی مافەکانی مرۆڤن لە کومیسیۆنی مافی مرۆڤدا، کۆمیسیونی مافی مرۆڤ خاوەنی دەسەڵاتی کردەکیی پێویست لە کاتی بینینی پێشێلکردنی دڵتەزێنو بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤدا نەبوو، هەبوونی هەڵاواردنو ساتوسەودا لە نێوان وڵاتانی پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ لەم کۆمیسیۆنەداو... ئاماژە بکەین.

**جێگۆڕینی کومیسیۆنی مافی مرۆڤ بە شورای مافی مرۆڤ**

لە درێژەی تێگەیشتن لە پێویستیی چاکسازی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو هەڵێنانەوەی هەنگاوی کردەکی لەو ڕێگەیەدا، لە هاوینی ٨٤ی هەتاویدا، کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی بە پێکهێنانی دامەزراوەیەك لەو بابەتە دا. هەر لە سەر ئەو بنەمایە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی ١٥ی مارسی خۆیدا، دامەزراندنی دامەزراوەیەکی نوێی لە ژێر ناوی شورای مافی مرۆڤ ڕاگەیاند. لە بڕیارنامەی دوائاماژەپێکراودا لەسەر گرنگیی دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی شورا، پێویستیی پێشگرتن لە بەئەندامبوونی وڵاتانی پێشێلکەری مافەکانی مۆرڤ، هەوڵدان لەمەڕ بە ئەندامبوونی ئەو وڵاتانەی کە هەنگاوی پۆزێتیڤیان لە ڕێگەی پەرەپێدانی ڕێزدانانو ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ هەڵهێناوەتەوە لەم شورایەداو هەروەها تەرخانکردنی بوودجەی تەواو بۆ چالاکیی زیاتری شورا لە بەراورد لەگەڵ کومیسیۆندا جەخت کرابۆوە. ئەندامانی ئەم شورایە کە لە ٤٧ ئەندام پێك دێ، بە پێی بەرنامەی لەپێشدادارێژراو لە ڕۆژی ٩ی مانگی مای لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەڵبژێران. هەرچەند لە هەڵبژاردنی ٩ی مایدا، وڵاتانێکی وەك چین، کوبا، پاکستان، ڕووسیەو عەرەبستان کە خۆیان لە پێشێلکەرانی مافی مرۆڤن، بوونە ئەندامی ئەم شورایە، بەڵام وڵاتانێکی وەك ئێرانو ڤێنزوێلا کە کاندیدی ئەندامەتیی شورابوونو لە پێشێلکەرانی ئاشکراو بەردەوامی مافەکانی مرۆڤن، بەخۆشییەوە نەبوونە خاوەنی دەنگی پێویست بۆ ئەندام بوونو وڵاتانێکی دیکەش وەك سوودان، زیمبابوە، سووریە، نپال، ئێریترەو ئیتیوپی کە وەك پێشێلکەرانی مافەکانی مرۆڤ ناسراون، کاندیدای ئەندامەتییشورا نەبوون. یەکەمین کۆبوونەوەی ئەم شوورایە کە بنکەکەی لە ژێنڤ دایە، ڕۆژی ١٩ی ژووئەنی هەر ئەم ساڵە بەڕێوە دەچێ.

**ئاسۆی سەرکەوتنی شورای مافی مرۆڤ**

لەو خاڵانەی کە نیشانەی لە باڵادستیی شورای مافی مرۆڤ بەسەر کومیسیۆنی مافی مرۆڤن، دەکرێ بە خاڵەکانی خوارەوە ئاماژە بکەین: دەسەڵاتی کردەکیو تەرخانکردنی بودجەی زێدەتر بۆ شورا لە بەراورد لەگەڵ کومیسیۆنی مافیمرۆڤ، وڵاتانی ئەندامی شورای مافی مرۆڤ خۆیان لە یەکەمین وڵاتگەلێك دەبن کە دۆسیەی مافەکانی مرۆڤیان تاوتوێ دەکرێ، لە کاتێکدا کومیسیۆن ٦ حەوتوو لە ساڵدا چالاکیی هەبوو، شورا ٦ مانگ لە ساڵدا چالاکی دەنوێنێ.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەم شورایە هەروەك کومیسیۆنی مافی مرۆڤ خاوەنی خاڵگەلێکی لاوازە، کە هەر ئەم خاڵانە بەشێك لەو لاوازییانە بوون کە ببوونە هۆی لەگەڕکەوتنی کومیسیۆنی مافی مرۆڤ لە بەڕێوەبردنی ئامانجە دیاریکراوەکانی.

گرنگترین خاڵی لاوازیی شورای مافی مرۆڤ ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە لاوازیی بنەڕەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەیە. هەروەك لە بەشەکانی پێشوودا باسی لێوە کرا، پێویستیی چاکسازیی لەم ڕێکخراوەدا خراوەتە بەرباس، بەڵام هێشتا چاکسازیی بنچینەییو پێویست لەم ڕێکخراوەدا نەهاتۆتەدی کە ئەمەش بە تەواوی شوێن لە سەر شورای مافی مرۆڤ دادەنێ. بۆ نموونەش دەکرێ لە دەسەڵاتی چینو ڕووسیە بۆ مافی ڤیتۆ لە شورای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان قسە بکەین کە ئەم دوو وڵاتە وەکوو پێشێلکەرانی مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێن.

یەکێکی دیکە لە خاڵە لاوازەکانی ئەم شورایە، پێوانەی ئەو زۆرینەیەیە کە بە پێی ئەوە ئەندامانی شورا لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەڵدەبژێرێن، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی ڕێوشوێنی زۆرینەی ڕەها (زیاتر لە نیوەی دەنگەکان) لە جیاتی زۆرینەی ئاوەز پەسند ( دوو لە سەر سێ یان سێ لەسەر چواری دەنگەکان) توانایی وڵاتانی پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ بۆ وەدەستهێنانی دەنگی پێویستی ئەندامەتی لە شورا لە ڕێگەی پێکەوەسازانو کەڵکوەرگرتن لە گوشارە سیاسییەکان زیاتر دەکا. هەروەها بەشدارنەبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك گەورەترین هێزی جیهانو پشتیوانیی سەرەکیی چاکسازیی بنەڕەتی لە ڕێکخراوی نەتەوەکان، لە هەڵبژاردنەکانی شورادا بەو هۆیانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێداون، بە یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی دیکەی ئەم شورایە لەقەڵەم دەدرێ.

**ڕۆڵی هێزە دیموکراتو ئازادیخوازەکانی ئێران لە شورای مافی مرۆڤدا**

هەروەك پێشتر شی کرایەوە، دامەزراندنی شورای مافی مرۆڤ وەکوو دامەزراوەی جێگرەوەی کومیسیۆنی مافی مرۆڤ، لە جەوهەردا بە هەنگاوێکی شوێندانەر بە ئاراستەی ڕەچاوکردنو ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤو پێشگرتن لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێ. کەوابوو ڕوونە کە هێزە دێموکراتو ئازادیخوازەکانی ئێران، لە هەنگاوی یەکەمدا سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی خاڵە لاوازەکان، پێشوازی لە پێکهێنانی ئەم شورایە بکەن. بە سەرنجدان بەوەی کە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەڵبژاردنی ئەندامانی شورای مافی مرۆڤدا، کەمترین دەنگی بە ئەندامبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران داو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەم ڕێژیمە کە لە پێشێلکەرە شیلگیرو بەردەوامەکانی مافەکانی مرۆڤە، نەتوانێ بچێتە نێو شورای مافی مرۆڤەوە، دەکرێ بڵێین لە کاتێکدا کە هێشتا ئەم شورایە بە فەرمی دەستی بەکار نەکردوە، زەبرێکی قورسی لە کۆماری ئیسلامی وەشاندوە کە ئەمەش شادکامیو هیواداریی زێدەتری هێزە دیموکراتو ئازادیخوازەکانی ئێرانی لێدەکەوێتەوە.

ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە کە پانتاییو جۆراوجۆریی جوغرافیایی تایبەتی هەیە کە سەرکەوتنی پارێزەرانو چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ لە یارمەتیدان بە ڕەچاوکردنو ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بە واتای سەرکەوتنێکی شایانی سەرنج بۆ چالاکانو دامەزراوەکانی بواری مافەکانی مرۆڤو هێزە دێموکراتەکانی سەرانسەری جیهان دەژمێردرێ. کەوابوو لەم قۆناخە تایبەتییە لە مێژووی وڵاتی ئێران کە لە لایەکەوە ئێران کەوتۆتە ناوەندی سەرنجی سیاسەتە جیهانیو ناوچەیی‌یەکانو پێکهێنانی شورای مافی مرۆڤ، تروسکەی هیوای بۆ بەرهەڵستکارانی ئەم ڕێژیمە دروست کردوەو، لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی، زیاتر لەجاران لەسەر پێشێلکردنی ئاشکراو سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ سوورەو هەروەها وشیاریی گشتیو سیاسیی خەڵکی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ مافە ڕەواو بێئەملاوئەولاکانی خۆیان زیاتر لە رابردوو چۆتە سەرێ، لە ڕێگەگەلی وشیاری بەخشینو ئاگاکردنەوەی دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، هەروەك پێشێلکردنی مافەکانی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێراندا، دەستبەسەرکردنی بێسەرەوبەرەی جیابیرانو ڕۆژنامەڤانان، تیرۆری بەرهەڵستکارانی ڕێژیم، ئەشکەنجەی زیندانییانی سیاسیو هتد لە پێناوی ڕیسواییو دارمانی دەسەڵاتی دژە مرۆڤیی کۆماری ئیسلامیدا، هەنگاو هەڵبێننەوە.

**پێویستیی چاکسازیی لەم ڕێکخراوەدا خراوەتە بەرباس، بەڵام هێشتا چاکسازیی بنچینەییو پێویست لەم ڕێکخراوەدا نەهاتۆتەدی کە ئەمەش بە تەواوی شوێن لە سەر شورای مافی مرۆڤ دادەنێ.**

**لە کاتێکدا کە هێشتا ئەم شورایە بە فەرمی دەستی بەکار نەکردوە، زەبرێکی قورسی لە کۆماری ئیسلامی وەشاندوە کە ئەمەش شادکامیو هیواداریی زێدەتری هێزە دیموکراتو ئازادیخوازەکانی ئێرانی لێدەکەوێتەوە.**

## ورده سەرنج

مەسعوود بابایی

سەرنجی دەیەم (٢ ـ ٢)
لێڕوانینی (رویکرد) زمانەوانی مێژوویی




بەپێی ئەو گۆڕانکارییەو بەپێی گۆڕانی (واچ) کە بە ڕای من هەم لە ئاستی فۆنۆلــۆژی (phonology) و هــەم لــە ئاســتی مۆرفۆلــۆژی (Morphology) دایە، "وشە"ی کوردی و "واژە"ی فارسی لە پلەی یەکەمدا گۆڕانی فۆنۆلۆژی "واچ"ن. وشەی واچ Waç بەڕای من ڕەگی کرداری وتنە. ڕەنگە مۆرفیمی سەربەخۆی "وات، گوت، وت" دوو ئارستەی وەرچەرخانی "فۆرمیك" و "واتایی" یا سیمانتیکی هەمان مۆرفیمی سەربەخۆی "واچ" بن. ئایا وشەکانی "واج" و "واکە"ش بە شێوەیەکی دیکە ناگەڕێتەوە سەر هەمان ڕەچەڵەك؟ ئێمە ئەگەر تەنیا بڕوانینە بەکارهێنانی ئێستایی وشەیەك و وەکوو دیاردەیەکی مێژوویی سەیری نەکەین، هەرگیز ناتوانین سیمای زمانەوانیی خۆمان وێنا بکەین. بەرلەوەی هێڵکارییەکە روونتر بکەمەوە پێویستە بە کورتی باس لە سیمای زمانەوانی بکەم. زۆر لەو کەسانەی کە توانای ناسینی وشەیەکیان نامێنێ، یا لە بنج و بناونی وشەیەك سەر دەر ناهێنن و دۆش دامان دەبن، هۆیەکەی ئەوەیە کە هێژموونی وشە دایان دەگرێ و ئەفسونیان دەکا. ئەم ئەفسون کردنە بە ناسینی ڕەچەڵەکی وشەکە نامێنێ و لەنێو زمانەوانیی مێژوویی بەپێی گۆڕانی ئاستەکانی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی سیمانتیکی باری زمانەوانی وشەیەك دەناسێتەوە و بە پرۆسەی ناسین ئەفسون دەڕەوێتەوە. سیمای زمانەوانیی زمانی ئێمەش لەڕێگای زمانەوانیی مێژووییەوە وێنا دەکرێ. لە سەرنجەکانی پێشوودا باسمان لە وێنا کردوە و لە دووپات کردنەوەی خۆم دەبوێرم. هەڵبەت پێویستە بڵێم بەبێ شارەزابوون لە کەرەستەکانی زمان و ڕێڕەوی ڕێزمانی و بەتایبەتی سینتاکسی تێگەیشتن لەباری زمانەوانیی مێژوویی وشەیەك یا مۆرفیمێك نالوێ. دەگەڕێینەوە لای هێڵکارییەکەمان:

وتمان دوو ئاراستەی وەرچەرخانمان هەیە: ١) ـ ئاراستەی وەرچەرخانی مۆرفۆلۆژی و واتایی، یا فۆرمیك و سیمانتیکی. "واژە"ی فارسی و "وشە"ی کوردی لەم ئاستەدان واتە هەم لەرووی بیچم (phorm) و هەم لەرووی واتایی گۆڕاون.

گۆڕانی دووهەم: گۆڕانی سینتاکسییە: ئەگەر سەیری هێڵکارییەکە بکەین وشەی ماچو (م) (یە) لە زاری هەورامی لە (واچ)ەوە نزیکترە، هاوشێوەیی فۆنۆلۆژیك لێرەدا بەرچاوترە، بەڵام لەبیرمان نەچێ (واچ) لە وشەیەکی سادەوە گۆڕاوە و ئەرکی سینتاکسی پەیدا کردوەو کرداری "وتن" لەوەوە دروست بوە.

بەپێی گۆڕانی فۆنۆلۆژیك (چ) بۆتە (ژ) / (ا ← ی) / (ی) ← (ئێ) / لە کرمانجی ژورو (دبێ).

کاتێك دێینە سەر کرمانجی خوارو ئیدی ڕێساکە دەگۆڕێ و وشەکە لە هەموو بارێکەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و پێدەچێ "لێ" کوردی نەبێ، چونکە ڕەگی کرداری دیار نیە و ڕەنگە لە زمانە سامییەکانەوە هاتبێ.

دەبێ بوترێ هەموو زمانێك بە درێژایی رابردوو و مێژووی خۆی و گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێوەندیی کولتووری کاریگەری وەردەگرێ و گۆڕانی بەسەردا دێت و زمانی کوردیش لەم ڕێسایە بەدەر نیە. لێڕوانینی مێژووی زمانەوانی ئاسۆی زمانی ئێستامان روونــاك دەکاتەوە و لەئاست زمانەکەمان وشیارمان دەکاتەوە، ئەوەی کە گرنگە ڕێڕەوی سینتاکسی زمانەو مۆرکی تایبەتیی ئەو زمانە هەمان سینتاکسە.

لێڕوانینی زمانەوانیی مێژوویی هەوڵێکە بۆ ڕەواندنەوەی ئاڵۆزی و تەم و مژ و دروستکردنی پێوەندییەکی روون و زوڵاڵ لەنێوان وشە و دیاردە / یا ناسکار و بەرناس.

# باش ئاوا!

ئەفراسیاب گرامی

بەیانی بوو، کازیوەی خۆر هێدی هێدی زەردەپەڕی لە کۆڵانەکان و کەلاوەکان و دێبەرە تەیمان کراوەکانی "باش ئاوا" دەپێچا، بەدەنگی کەلەشێرە هەزارپووپەکەی ماڵی (پووره باشەی) دراوسێمان بەخەبەر دەهاتم کەڵەشێری چی، خۆ کەلەشێر نەبوو... دهاتە سەر حەسارەکەو دەی قوولاند... دایکم (دایە باشە) دەهاتە سەر سەرم و بەتانیەکەی لەسەرم لادەداو باشەگیان هەڵی دەساندم... هەڵدەستام و نان و شیرێکی باشەی دەستی دایکم دەخوارد و دەهاتمە ئاوایی... کۆڵان هیشتا تاریکی لێ خەوتبوو کە هەر لە کۆڵانەکە دەرکەوتم یەکەم سڵاوم لە (باشە)ی هاورێم کرد. چۆنی کاك (باشە) سپاس باشە گیان، بەیانیت (باش)، ئەرێ کاك باشە تۆ نازانیت شاهیی کێیە؟ با! با! شاهی کوڕی (باشە شەلە)، دەڵێن (باشە)ی کچی (باش ئەولای) هێناوە... دەگەیشتمە سەر شەقام و خۆریش تازە خۆی لە شەقام دەکوتا چنگەکیڕەی بە تیشکەکانی دەکرد... تاك و تروك خەڵکی دەهاتنە سەر شەقام و تا بڵێی یەك و دوو هەموویان وەك مێرو دەهاتنە دەر و بەرەو مەیدانی (باش ئاوا) دادەگەڕان... (عەبدولباشەی قەساب دەبینی ئەژنۆی ناوەتە سەر سەری مەڕێك و خەریکە سەری دەبڕێ... تا بڵێی یەك و دوو کەوڵی دەکا و شەقامەکە و خەڵکی لەخۆ کۆدەکاتەوە....

(باشەی نالبەند) دەبینی بەرەبەیانیە زووە چەکوشی بەلای پشتوێنەکەی دا کردوە و چەکوچ لەدەست ئامادە و تا بڵێی یەك و دوو هەرچوار پەلی هێسترێکی ناڵ دەکرد... (باشەی بەنا) کە فانوسقەیەکی سەربازی کۆنی لەپشتە و مترێکی ناتەواو شاغۆڵێکی سەر ئاسنی بەدەستەوەیە و تا بڵێی یەك و دوو دارەڕای بە ماڵ دەکرد...

ئەها! (کوێخا باشە) هات... دیارە شتێك قەوماوەو ئیشێکی بەو خەڵکەیە کوێخا باشە کە ڕەشتیەکی میل باریکی سەوزی بە سەرەوەیەو تەسبیحێکی سەندەلوسی لە پەنجەکانی هەڵدەسوڕاند و تلاوتلی بە مووروەکان دەکرد "خەڵکینە کات کاتی جۆگە و جۆگەماڵە" دەی قۆڵی لێ هەڵماڵێن و دەست پێ بکەین... (باشە سمێڵ)یش بە خاکەنازەکەی لەژێر چەنە بوو کە سەری بۆ دەلەقاند... "بەڵێ وایە"... باس هەر باسی جۆگە و جۆگەماڵ و بناوان هەڵبەستن بوو کە... لەناکاو (مەلا باشە) بە چاکە درێژەکەیەوە کە نیوەی لەقوڕا هەڵچەقیبوو خۆی کردە نێو ئاپوورەی خەڵکەکە و "ئەسەلام و علیکم"... "سەرچاو مامۆستاگیان بەخێر تەشریف بێنی" خەڵکینە ڕەحمەتی (باشە)تان لێ بێ دارمان بۆ مزگەوت نەماوە... با گەلەکۆمەیەکی بۆ بکەین... لەم باسانەدا بوون کە (خەلیفە باشە) خۆی گەیاندە خەڵکەکە و وتی بەسەری (شێخ باشە) تەکیەکە ئەم شەو بەر ڕەهێڵەی باران کەوتووە و لایەکی تەپیوە... یەك یەك و دوو دوو شەقامیان چۆڵ دەکرد... تا بڵێی یەك و دوو چۆڵ و بێدەنگ دەبوو... بەڵام ئەمڕۆ شاهیی کوڕی باشە شەل بێدەنگی دەشکاند... بەرەولای شاهیەکە دەچووین و خۆریش سێبەرەکانی یەك و نیو دەکرد...

دەگەیشتمە لای گۆڤەندەکە... سەربان و سەرحەسار هەموو سەف سەف راوەستابوون و چاویان داشۆڕاندبووە هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەك... کیژان بە زەردەخەنەو نازەوە تا بڵێی یەك و دوو کوڕانیان گیرۆدەی چاوەکانیان دەکرد و هەتا ئێوارە بە هەڵپەڕکێ دەپڕوکان... (باشە)ی چۆپیکێش گەنم ڕەنگێکی بالابەرز دەسماڵێکی حەریری هەلی دەسووڕاند و شانی بۆ دەلەرزاندەوە... باشەی گۆرانیبێژ بۆ کچان و ژنان گۆرانی دەگوت و یارەکەی دەلاراندەوە.

**سوورەگوڵ ئامان (باشە)گیان بەسەر بانەوە**
**کوشتت بەدەس (باشە)گیان شەوخەیاڵەوە**
**بالاکەت بەرزە (باشە)گیان بەقەد چنارێ**
**کێ تەفرەی داوی (باشە)گیان بەردی لێ بارێ**
**ئای لە (باشە) چاو جوان حەشر دەکا چاوی**
**کوڵمی بە وێنەی (باشە) گیان هەرمێ گوڵاوی**

کابرایەکی وردەواڵە فرۆشی ناوچاوگرژ، کە منداڵەکان دەوریان دابوو هاتە تەنیشتمەوە و لێی پرسیم: ئەرێ کاکە ئێرە کوێی پێ دەڵێن... هەرکەسە و دەڵێ باشە و بەڵام وەڵامی نیە...

منیش نەمدەویست توورەیەکەی لە گرژی نێوچاوانیدا زیاد بکات: وتم مامەگیان: کاتێك (باشەخان) لە ساڵی... حوکمی کرد (باشە)ی مێژوونووس دەگێڕێتەوە نێوی (باش ئاوا)یە خویشم بە قسەی کوڕی باشەی کوڕی باشەی کوڕی باشەی... م و...!!

## شەوانە

پێشکەشە بە مەحمود کیانوش

ئەحمەد شاملو

و: م. بابایی

شەو لێڵ
شەو بێدار
لێوڕێژە شەو
چ جوانتر شەوێکە بۆ مردن
بڵێ بە ئاسمان لە ئەڵماسی ئەستێرەکانی
نەشتەرێکم
پێ ببەخشێ

■

شەو
بە درێژایی شەو
سەرێك
لە شەوارەدایە
لەسایەی
قارەمانێتی دەریای پڕپەڵپ
دەریای بەتاڵ
دەریای هەژار

■

دارستانی بە ساڵاچوو زۆر بە زەحمەت
هەناسەیەکی هەڵکێشا و
لەرزیەوە و
باڵندەیەك کە لە بەستێنی خیزپۆشەوە
هەڵفڕیبوو
بەقیژە بەقیژ
لە زەلکاوی رەش چەقی
زۆنگاوی تاریك
بەئاستەم لەخەو ڕابوو
بەلای لایەی نەسەوتوی دەریای پووچ
هەمدیس
نغرۆ بوو...
لە خەوێکی بێ خولیا دا

■

لەتەك ناڵە و قارەمانێتیدا
بێگانەیە دارستان و
برینی تەور بە کرێژی سەوزی
گوڵە بەرد
دادەپۆشێ

■

شەو لێڵە
شەو نەساخە
لە هاواری دەریای زراوچووەوە بێدارە
شەو لە سێبەرەکان و
هاواری دەریا لێوڕێژە
چ جوانتر شەوێکە بۆ خۆشویستن
گەر چاوانی تۆم هەبێ چم داوە لە ئەڵماسی
ئەستێرەکان
بە ئاسمان بڵێ.

## بێ دوان



# هێمن، ئەوینو هزری کۆمەڵایەتی لە تاریكو روون دا:

بەشی یەکەم

باوکی ئەختەر

هێمن یەکێ لەو سەرباشقانەیە کە مێژوی ئەدەبی کوردی ناوی ئەو پیاوە بلیمەتە بەمەزنی رادەگرێ. هێمن شۆرەسواری گۆرەپانی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی، و پسپۆڕی وشەی رەسەن، (کە وشەی کوردی لە بەردەستیدا وەك میوان وابوون) و شاعیری شێعر ناسكو شێعری نوێو زیندووی کوردی، پارێزگاری مەتەرێزی وێژەوانیو بەیتو باوەکان، خاوەنی هەستی خاوێنو سەرمەستی خەراباتی شێعر، سەرەڕای شاعیری، تەواوی هەوڵو تێکۆشانی لە وتەو شێعردا، بۆ جێگرکردنی زمانی ڕەسەنی باووباپیران، بە جێی وەرگیراو لە زمانە نامۆو دراوسێکان بووە کە ئەویش، سەرچاوەکەی ئەوینێکی پاکی ئاسمانی لە لووتکەی هەستی شاعیرانەیدایەو کتێبە بە نرخەکانی، تاریكو روون، ناڵەی جودایی، توحفەی موزەفەریە، هەواری خاڵیو پاشەرۆكو هەروەها یادگاریە بە نرخو بەرزی وەك گۆڤاری "سروە" بەڵگەی روونو ئاشکرای ئەو میرە مەزنەن.

ئەگەرچی سەدەی بیستەم لە کوشتوبرِو لێقۆماوانو پەلامارو هەڵات هەڵاتو ئاوارەییو دەربەدەری زیاتر هیچ دیاریەکی بەرچاوی بۆ کوردی رەنجەرۆ بە دیاری پێنەبوو، دەتوانین هێندە بڵێین کە گۆڕانکارییەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانیو دوهەمی جیهانیدا یەکێ لە هەرە هۆیە گەورەکانی بزوتنەوەی بیری ئازادیخوازیو بوژانەوەی مێشکەکانو هەلقولێنو جوولانەوەی روناکبیران و پێشرەوانو خوازیارانی گەلی کورد بووە. لێرەدایە دێینە سەر ئەو بڕوایە: وێڕای ئەوەی ئادەمیزادەکان مێژووش دەخولقێنن، مێژووش پەیکەری پیاوە بلیمەتەکان بۆ رازاندنەوەی لاپەڕەکانی دادەتاشێ. دەکرێ بڵێین هێمن شاعیری سەربڵەندو هەڵکەوتووی مێژوی ئێمە، یەکێ لەو رووناك بیرو بلیمەتانە بووە کە لە بنەماڵەیەکی ناوداری موکریان لە دایك دەبێو، وەك خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە: مێژۆکی لە مەمکی دایکی نەکردوەو فرچکی بە شیری دایەن گرتوە. لە سەرەتای ژیانیدا لە بەر جیاوازیی چینایەتی ئیزنی ئەوەی نادرێتێ لەگەڵ هاوتەمەنەکانی، خۆی دەخاکوخۆڵ بگەوزێنێو بە ئازادی بە کۆڵانەکانی ئاواییدا خۆشارنۆکێن و هەڵات هەڵاتێن بکا، بەڵکوو دەبێ وەك کوڕە دەوڵەمەندێك کەواو پانتۆڵی تەتڵەس لەبەر دەکاو لەسەر ڕێو شوێنی بەگایەتی



بنەماڵە، دەست لە سەر سینگ لەبەر درگای دیوەخان راوەستێو تا ئیزنی نەدەن دانەنیشێو لەو کاتە دایە کە ئێرەیی بە ژیانی ساکاری کوڕە هەژارانو رووتەڵەکان دەبا . هەربۆیەش لە سەرەتای تەمەنیدا زەبرێکی قورس هەستی پاكو بێگەردی مندالانەی دەکەوێو ئەوەی لێ دەبێتە گرێ لەسەر دڵیو لە سەردەمی شاعیرێتیدا، بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنو جیاوازییەدەکاو خۆشیی مرۆڤەکان لە یەکسانی ژیان دا دەبینێو بەختەوەری لەئاوێنەی بێگەردی ئازادیدا. هێمنی مندال، تەنیا لە کاتێکدا خۆی ئازاد دەبینێ کە لە باوەشی پیرەژنێك دا گوێی لە حیکایەتو چیرۆکە کۆنەکان رادەگرێو هەموو شەوێ بەو جۆرە خەوی لێدەکەوێ. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە داهاتوودا هەستی ئەدەب دۆستی لە دڵیدا چەکەرە بکاو دەست بە لەبەر کردنی شێعر بکا.

هەر لە سەرەتای لاویەتیدا، لە حوجرەو دیوەخاندا، لەگەڵ زانایانی بەناوبانگ هەستانو دانیشتنی دەبێو شتیان لێ فێر دەبێ، لەو کاتەدا لە گەڵ ماموستای بەناوبانگی زانستو ئەدەبو شێعر هەژاری موکریانی هاو حوجرە دەبێ. هاودڵو هاوزمانو هاودەنگ خۆ لە خوێندنەوەی شێعرو نووسراوە نابوێرن. شێعری شاعیرە بەرزەکانی فارس دەخوێنێتەوەو لەبەری دەکەن، واتە هەستی شێعریان هەر لەو سەردەمەدا دەبزوێو چرۆ دەکات. بەو پێیە شارەزایی لە سەر شێعری کوردی بەدەست دێننو دەقی ئەدەبیان دەپشکوێو شێعر دەهۆننەوە، لەلای ماموستا فەوزی یا مەلای سلێمانی دەرگای شێعری کوردی بۆ کراوەتەوەو لەگەڵ شێعری شاعیرانیبەناوبانگی کورد وەکو حاجیقادر، مەولەوی، نالی، مەحوی، حەریق، وەفاییو ئەدەبی مەهابادی راهاتووەو هەر لەلای فەوزی، توانیویەتی ئەوینی گەلەکەی لە دڵی خۆیدا جێبکاتەوە و پلەی زانستی خۆی بەرێتە سەرێ: فێری شۆڕشگێری دەبێو لەو ڕێگەیەدا دەمێنێتەوەو کەندوکۆسپ هەنگاوی پێشل ناکا. ئەو هەستە پاك و ئەوینە بەرزە هانی دەدا لە نێو خەڵك دا بێو لە مەتەرێزی پاراستنی زمانە شیرینەکەی دا ببێتە ئاواڵی خوێندەوارو نەخوێندەوار لەگەڵ گەورەو بچوك سەرو کەڵکێك دا هەمیشە شانازی بەوە دەکا لە نەخوێندەواران شت فێر دەبێ. وێژەوانەکانی سەردەمی لاوی خۆی بەماموستا دەزانێو پاشان خۆی دەبێتە ماموستای وێژەوانی لاوان.

ئەگەر چی ژیانی شاعیرانەی، بە ئەوینێکی مەجازی دەست پێدەکا. بەڵام زۆر زوو ئەوینو هەستی نەتەوایەتی جێگای پڕ دەکاتەوەو ئەو ئەوینە تازەیە دەیخاتە هەوڵدان بۆ بەشداری لە مەکۆی لاوانی نیشتمان پەروەرداو بۆ ئاڵوگۆری لە ژیانی دیلێتیو تاڵی نەتەوەکەی تێدەکۆشی و دەکەوێتە قۆناغێکی تازەی ژیان.

# وەرگێڕان لە روانگەی پۆپێرەوە ١-٢

## (کاریگەری وەرگێڕان لە سەر پێکهاتنی ئۆستوورە)

ن: کارل پوپێر

و: سمایل زارعی

تێبینی: نمونەکان بە کوردین و وەرگێر بۆ تێگەیشتنی باشتر بەکاری هێناون

شارەزابوون لە سەر ئەستەمییەکانی وەرگێران لە نێو زمانە جیاوازەکاندا هانای "ئۆستوورەی چوارچێوەی" داوە. وێدەچێ گوتەزایەك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر پاچەڤەنەکرێت، یان بە واتایەکیتر واقیعێك یا جۆرێك بارودۆخ کە لە زمانێکدا وێنا دەکرێ، لە زمانێکیتردا وێنا نەکرێ.

هەڵبەت هەر کەسێك کە دەتوانێ لانیکەم بە زمانێکیتر قسە بکا، دەزانێ کە وەرگێرانی پوخت و پڕ بە پێست لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی، ئەگەر لە بنەڕەتدا بکرێ، شتێکی زۆر دەگمەنە. بەڵام دەبێ لە نێوان ئەم ئەستەمییەدا — کە بۆ هەموو وەرگێڕەکان روون و ئاشکرایە — لە گەڵ ئەو شتەی لێرەدا باس دەکرێ — واتە نەبوونی دەرەتانی وێناکردنی بارودۆخێك کە لە زمانێکدا دەکرێ وێنا بکرێ، تەواو جیاوازە لەو، بەو شێوەیە کە شرۆڤە دەکرێ. وێدەچێ واتایەکی کورت کە لە فەرانسەیی یا ئینگلیزیدا زۆر بە هاسانی لێی تێدەگەی، بۆ وێنە لە زمانی ئالمانیدا، پێویستی بە وەرگێرانێکی زۆر ئالۆز و ناڕوون هەبێ، وەرگێرانێك کە تەنانەت روونە ئەوەیە کە پێشکەش کردنی وەرگێرانێك کە لە بواری هاوئاستی جوانیناسانەوە باش بێت، رەنگە لادەرانە و نەگونجاو بێت، بەڵام بەو شێوەیەش نییە کە پێشکەشکردنی هەموو چەشنە وەرگێرانێك لەو بابەتەی باسی دەکرێ نەلواو و نەشیاو بێت (لێرەدا مەبەست لە بابەتگەلێکە کە دەربڕی شتە راستەقینە و راستەکانن نەك شێعر یا وشەگەلی کورت یا شۆخی و گاڵتە و گەپ، یا رستەگەلێك کە بە شێوەیەکی جوان و ریز گاڵتەئامێزانە یا جۆرێك هەستی تایبەتیان تێدایە کە بێژەر دووپاتی دەکاتەوە).

گومان لەوەدا نییە کە [*لە دیاردەی وەرگێران*]دا وێدەچێ جۆرێك لادانی ریشەییتر سەرهەڵبدات. بۆ وێنە، دەتوانین زمانێکی دەستکرد بخولقێنین کە تەنیا خاوەنی تایبەتمەندییەکانی یەك — شوێنە. بەم شێوەیە لە زمانێکی ئەوتۆدا دەتوانین رستەگەلی ["کوردە بالابەرزە"] و ["میدیا کورتە بالایە"] بڵێین، بەڵام ناتوانین رستەی ["میدیا لە کوردە بالا بەرزترە"] بڵێین.

سەیرتر لەم چەشنە زمانە دەستکردییانە هێندێك زمانی سروشتی هەیە. دەتوانین لەمبارەوە لە لێکۆڵینەوەکانی بێنیامین ڤۆرفەوە فێری گەلێك خاڵ ببین(١). وادیارە ڤۆرف یەکەمین کەس بوو کە ڕای گشتی خەڵکی بۆ لای بایەخی هێندێك کاتی روودانی کردار لە زمانی خۆماڵی سوورپێستەکانی هۆپی(٢) راکێشا. ئەم کات و ساتە کاتێك لە لایەن بێژەرێکی هۆپییەوە بە کار دەبردرێ کە ئەو دەیهەوێ هێندێك هەڵکەوتوویی یا دۆخ و هەل و مەرج لە چوارچێوەی واتایی خۆیدا وێنا بکا. ناکرێ ئەم چەشنە کاتانە بە شێوەیەکی گونجاو و پوخت لە زمانی ئینگلیزی(یا فارسی) (رەنگە کوردیش.و.)دا بگوترێتەوە، چونکە تەنیا دەتوانرێ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و بە سەرنجدان و گەڕانەوە بۆ چاوەڕوانییەکانی بێژەر، نەك بارودۆخی بەرچاوەکی شتەکان، شرۆڤە و شیکاریان دەربارە بکرێ.

ڤۆرف ئەو نموونەیەی خوارەوە دێنێتەوە. لە زمانی هۆپیدا دوو جۆر کات (لە کاتی کردار) هەیە کە دەکرێ بە شێوەیەکی ناکامڵ و ناپوخت ئەوانە لە دوو واتا لە زمانی ئینگلیزی( فارسی) [دیارە کوردیش]دا پاچەڤە بکرێن: ["هەڵگورد دار بڕینی دەست پێکرد"] و ["هەڵگورد دەستی بە دار بڕینەوە کرد"](٣) واتای یەکەم کاتێك دەگوترێ کە بێژەر چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە فەرەیدوون تا ماوەیەك درێژە بە بڕینی دار بدات. ئەگەر بێژەر چاوەڕوانی ئەوە نەبێت کە کاری بڕینی دار بۆ ماوەیەك درێژەی هەبێت، ئەو کات لە زمانی هۆپیدا کەڵك




لە واتای [" هەڵگورد دار بڕینی دەست پێکرد"] وەرناگرێ. کەڵك وەرگرتن لە واتای دیکە واتە ["هەڵگورد دەستی بە دار بڕینەوە کرد"]. بەڵام خاڵی بنەڕەتی لێرەدایە کە سوورپێست تەنیا نایهەوێ بە کەڵك وەرگرتن لەم دوو واتا جیاوازە چاوەڕوانییە جیاوازییەکانی خۆی دووپات بکاتەوە. بەڵکو بە پێچەوانە دەیهەوێ دوو بارودۆخی جیاواز وێنا بکات — دوو بارودۆخی بەرهەسن (عینی) جیاواز، دوو بارودۆخی بەرچاوەکی و بابەتییانە لە جیهاندا. دەکرێ بڵێین یەکەم کاتی (کردار) وێناکەری سەرەتای ***بارودۆخێکی*** بەردەوام یا جۆرە ***پرۆسەیەکی*** دووپاتکەرەوەیە، لە گەڵ ئەوەدا کە دووهەمینیان وێناکەری سەرەتای ***ڕووداوێك*** بە قۆناغێکی بەردەوامی کورت خایەنە. کەواتە وێدەچێ بێژەری هۆپی زمانی واتایی پێوەندیدار بە خەوتنی [هەڵگورد] لە زمانی هۆپیدا بە شێوەی "شاخەوان خەوتنی دەست پێکرد" بە فارسی(ئینگلیزی) [یاکوردی. و] وەگێڕدرێ، نەك بە شێوەی "شاخەوان دەیهەوێ بخەوێ"، چونکە خەوتن جۆرێك پرۆسەیە نەك ڕووداوێك.

هەموو ئەوەی وترا گێڕانەوەیەکی زۆر ساکار کراوە: دووپاتکردنەوەی کاملی شیکردنەوەکانی ڤۆرف لە هەڵکەوتی ئاڵۆزی زمان، بە هاسانی دەتوانێ نامیلکەیەکی تێر و تەسەل بۆ خۆی تەرخان بکات. دەرەنجامی بنەڕەتی لە باسەکەم کە وێدەچێ لە هەڵکەوتە وێناکراوەکان لە لایەن ڤۆرف و لەم دواییانەدا بە هۆی کواینەوە وەرگێڕدرێ ئەوەیە: هەرچەندە هیچ جۆرە ڕێژەییەك لەمەڕ راستیی بابەتەکان لە گۆڕێدا نییە، ئەم شیمانەیە هەیە کە واتایەك بۆ سەر هێندێك زمانیتر پاچەڤە نەکرێت. چونکە وێدەچێ دوو زمانی جیاواز لە ڕێزمانی خۆیاندا دوو روانگەی تەواو جیاواز لەبارەی گەوهەر و ماکەگەلێك کە جیهانی لێ پێکهاتووە، یان تایبەتمەندییە ستراکتۆرییەکانی جیهانیان لە خۆگرتبێ. دەکرێ لە چوارچێوەی دەستەواژەکانی کوایندا ناوی "ڕێژەییبونی ئەنتۆلۆژیکی زمان" لەم بابەتە بنێین.

من پێم وایە ئەو شیمانەیە کە هێندێك واتا وەرناگێڕدرێن ریشەیی و قووڵترین دەرەنجامێکە کە دەکرێ لەو شتە وەرگرین کە کواین ناوی دەنێ "ڕێژەییبونی ئەنتۆلۆ ژیك" بەو حاڵەش، سەرەڕای گەلێك بەڵگەی سەرنجڕاکێش بەڵام کەم و زۆر پێشبینی کراو(پێشوەخت ئەزموونکراو)ی کواین دژ بە وەرگێران، لە ڕاستیدا زۆربەی زمانەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی شیاو و قەبووڵکراو پاچەڤە نەکرێن. هەڵبەت، وەرگێرانی هێندێك زمان لە زمانەکانی دیکەوە هێندەش باش نییە. رەنگە ئەو شتەی بە هۆی ڕێژەییبوونی ئەنتۆلۆژیکەوە، یا رەنگە بە هۆگەلێکیترەوە بێت(٤). بۆ وێنە، وێدەچێ وەرگێرانی ئەو شتەی پێوەندی بە زەوقی گاڵتە و قسەخۆشی یا شۆخی کۆمەڵێك کەسەوە بێت، یان هێما بۆ رووداوێکی مێژوویی دەکات کە لە ناوچە یا شوێنێکی تایبەتدا بە ناوبانگە، بە هیچ شێوەیەك نەگونجێ و نەکرێ.

ئاشکرایە ئەم دۆخە، ئەگەر بەشداربووان لە باسێکدا لە شوێنە جۆراجۆرەکانی دنیا گەورە بوو بن و بە گەلێك زمانی جۆراوجۆر بدوێن، باس و لێدوان و گفتگۆی عەقڵانی دەکاتە کارێکی یەکجار ئەستەم؟ بەڵام من لەوە تێگەیشتووم کە دەکرێ بە سەر ئەمجۆرە گرفتانەدا زاڵ بین. من لە زانکۆی لەندەندا خوێندکارم هەبوون کە خەڵکی ئەورووپا یا ئەمریکا نەبوون بەڵکو خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەفریقا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شیوە قارەی هیند، باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، چین و ژاپۆن بوون. لەوە تێگەیشتووم کە زۆرجار دەکرێ بە هێندێك سەبر و لەسەرەخۆییەوە لە لایەن هەر دوو لایەنەکەوە (مەبەست زمانە) بە سەر ئەم گرفتانەدا زاڵ بی. هەر کاتێك گرفتێکی گەورە سەریهەڵدەدا کە دەبوو لێی تێپەڕین و چارەسەر بکرێ، بە ئەزموون روون ببۆوە کە بنج و بناوانی لە قەبوولکردنی بێ ئەملاو لای بیر و باوەڕەکانی رۆژئاواییدا بووە. ئەزموونی من نیشانی داوە کە شێوەکانی راهێنانی نارەخنەگرانە و دۆگماییانە لە قوتابخانە و زانکۆگەلی خراپ و رۆژئاوایی چیەتی، و بە تایبەتی فێرکردنی شێوازی درێژدارِی و زۆربڵێیی و هەروەها فێرکردنی هێندێك ئایدیۆلۆژی رۆژئاوایی، پتر لە هەموو جۆرە مەودا و کەلێنێکی کەلتووری یا زمانی، بەربەست و لەمپەرن بۆ تێگەیشتن و پێکەوە هەڵکردن.

دەتوانن بەرهەمەکانتان بەو ناونیشانەی خوارەوە بۆ بەشی "ئەدەب و هونەر" بنێرن
edeb_huner@yahoo.com

# دیدارو کۆبوونەوەکانی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب، لە دەرەوەی وڵات (نۆروێژ)



**سەر لە ئێوارەی رۆژی دووشەممە، ٨ی مای ٢٠٠٦، کاك مستەفا هیجری، لە درێژەی سەفەرەکەی ئەم جارەی خۆیدا بۆ دەرەوەی وڵات، گەیشتە وڵاتی نۆروێژو لە لایەن ئەندامانی کومیتەی حیزبو ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزبی لەو وڵاتە پێشوازیی لێکراو چەند دیدارو کۆبوونەوەی جۆراوجۆری پێك هێنان کە بریتین لە:**

### کۆبوونەوەی گشتی لەگەڵ ئەندامانی حیزب

سەر لە ئێوارەی رۆژی سێشەممە، ٩ی مای ٢٠٠٦، هاوڕێ مستەفا هیجری، لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب تێیدا بەشدار بوون، بەشداریی کرد. سەرەتا باسێکی کورتی سەبارەت بە هێندێك مەسەلەو هەلومەرجی پێوەندیدار بە حیزب پیشکەش کرد. دواتر بەشدارانی کۆبوونەوەکە کۆمەڵێك پرسیارو باسی جۆراوجۆریان هێنایە گۆڕێ، کە سکرتێری گشتی، وەڵامی پرسیارەکانی دانەوەو رێنوێنیی پێویستی لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی کاری ئورگانەکانی حیزبو ئەو مەسەلانەی کە لە دەستووری کاری حیزب دان، بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکە شی کردوە. پاش چەند کاتژمێر باسو لێدوان سەبارەت بە مەسەلە سیاسیو تەشکیلاتییەکان، کۆبوونەوەکە بە سەرکەوتنەوە کۆتایی پێهات.

### کۆبوونەوە لەگەڵ کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی لاوان

ئێوارەی رۆژی چوارشەممە، ١٠ی مای، سکرتێری گشتیی حیزب، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێك هێنا. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، کاك مەنسوور عەزیزی، بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ، راپۆرتێکی سەبارەت بە کارو تێکۆشانی ئەم یەکیەتییە لە وڵاتی نۆروێژ پیشکەش کرد. لەو راپۆرتەدا سەرجەم چالاکیو تێکۆشانی یەکیەتیی لاوانو پرۆژەو بەرنامەکانی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا خرابووە بەرباس. پاشان هاوڕێ هیجری، وێڕای پێداگرتن لەسەر گرنگیو بایەخی یەکیەتیی لاوانو رۆڵی لاوان لە نێو بزووتنەوەدا، رێنوێنیی پێویستی دا بە لاوان بۆ بەهێزکردنی تەشکیلاتەکەیان لە نۆروێژ. هەر لەو پێوەندییەدا بەڕیزان کومیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی راسپارد کە لە تواناو ئیمکاناتی خۆی بۆ پەرەپێدانی چالاکییەکانی یەکیەتیی لاوان لەو وڵاتەدا کەڵك وەربگرێ. پاش ٣ کاتژمێر باسو گفتوگۆی چڕوپڕ، کۆبوونەوەکە لە کەشوهەوایەکی پڕ لە هیواو هومێد بە داهاتووی خەباتی گەلەکەمان کۆتایی پێ هات.

### پێشوازی لە شاندێکی ئەنجومەنی یارسان

سەر لە بەیانیی رۆژی پێنجشەممە، ١١ی مای، هاوڕێ سکرتێری گشتیی حیزب، پێشوازیی کرد لە هەیئەتێکی ئەنجومەنی یارسان، کە ئەنجومەنێکی فەرهەنگیو کولتووریی پەیڕەوانی ئایینی "یاری"یە. هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی یارسان، لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا راپۆرتێکی سەبارەت بە چالاکیو فەلسەفەی دامەزرانو تێکۆشانی ئەم ئەنجومەنە پێشکەش بە سکرتێری گشتیی حیزب کرد. دواتر کاك مستەفا سەرنجو تێبینییەکانی خۆی خستنە روو. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی یارسان، زۆر بابەتی پێوەندیدار بە کێشەو گرفتەکانی ئەنجومەنەکەیان خستنە بەرباس. لە کۆتاییدا سکرتێری گشتیی حیزب بۆ جارێکی دیکەش پشتیوانیی حیزبی لە داخوازە رەواکانی پەیڕەوانی ئاییني یاری دووپات کردەوە. کاك مستەفا گوتی: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆمەڵگای ئەهلی هەق بە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای فرەفەرهەنگو فرەمەزهەبی کوردستان دەزانیو لە بەرنامەی دایە کە لە داهاتوودا لە ئیمکاناتی راگەیاندنی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییە فەرهەنگیو کولتوورییەکانی ئەوان کەڵك وەربگرێ. ئەو کۆبوونەوەیە لە کەشێکی زۆر دۆستانەو خۆمانەدا بەڕێوە چوو.

### بەشداری لە کۆبوونەوەی یەکیەتیی ژناندا

پاشنیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە، ١١ی مای، هاوڕێ هیجری، لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نۆروێژدا بە بەشداریی کرد. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ، خوشکە گوڵان هیجری، راپۆرتێکی سەبارەت بە کارو تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشکەش کرد.

دواتر سکرتێری گشتیی حیزب، بە درێژی باسی چەوساندنەوەی رەگەزی، نابەرابەریی نێوان ژنو پیاو، ئەو زوڵموزۆرەی کە دەرهەق بە ژنان دەکرێ کرد. دواتر رێگاکانی خەبات دژی ئەو زوڵموزۆرەی دەستنیشان کردن. کاك مستەفا لە وتەکانی خۆیدا بارودۆخی خەباتو تێکۆشانی ژنانی کوردستانی خستە بەرباسو لایەنە لاوازو بەهێزەکانی کاری یەکیەتیی ژنانی شی کردەوە. سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆتاییدا پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە حیزبەکەمان ئامادەیە کە لە هەموو توانای خۆی بۆ بەرەوپێشبردنو بەهێزکردنی تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کەڵك وەربگرێ.

لە بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەشدارانی کۆبوونەوەکە گەلێك باسو بابەتی جۆراوجۆریان هێنایە گۆڕێ کە نێوەرۆکی کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد. کۆبوونەوەکە پاش چەند کاتژمێر باسو گفتگۆی بەکەڵك سەبارەت بە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان کۆتایی پێهات.

### دیدار لەگەڵ کەسایەتییە کوردەکانی نیشتەجێی نۆروێژ

دەبێ بگوترێ جیا لەم کۆبوونەوانە لەو چەند رۆژەدا، کاك مستەفا هیجری لە دەرفەتی جۆراوجۆردا چاوی بە چەندین کەسایەتیی کوردی دانیشتووی وڵاتی نۆروێژ کەوتو لەو چاوپێکەوتنانەدا نەزەرو بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە کێشەی کورد، لەگەڵ ئەواندا گۆڕییەوەو داوای لێکردن، لەمەودوا زۆرتر حیزبو رێبەرایەتییەکەی، لە نەزەراتو بۆچوونەکانی خۆیان، سەبارت بە مەسەلە سیاسیو ئاڵوگۆڕەکان ئاگادار بکەنەوە.

### کۆبوونەوەی تایبەتی لەگەڵ کومیتەی حیزب لە نۆروێژ

هەروەها کاك مستەفا لەم سەفەرەیدا، کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەگەڵ کومیتەی گشتیی حیزب لە وڵاتی نۆروێژ، پێك هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا لایەنە جۆراوجۆرەکانی کارو تێکۆشانی حیزب لە هەموو بوارەکاندا کەوتنە بەرباسو لێکۆڵینەوەو گیروگرفتو کەموکوڕییەکان دەست نیشان کرانو لایەنە بەهێزەکانی کاروتێکۆشانی حیزب ئاماژەیان پێکرا. هاوڕێ سکرتێری گشتیی حیزب، رێنوێنی پێویستی سەبارەت بە تێکۆشانی حیزب لە نۆروێژدا بە کومیتەی حیزبو رایسپارد کە پێویستە تەشکیلاتی حیزب لە هەموو تواناو لێوەشاوەییەکانی ئەندامانی حیزب بۆ پەرەپێدانی هەرچی باشتری تێکۆشانی حیزب کەڵك وەرگرێ. بەڕێزیان پاراستنی یەکیەتیی ریزەکانی حیزبو بەهێزکردنی ریزەکانی تەشکیلاتی حیزب ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندامانی حیزبو کومیتەی حیزبەو دەبێ هەموو ئەو کۆسپو تەگەرانە لابرێن کە پێش بە پەرەسەندنی تێکۆشانی حیزب دەگرن.

✻✻✻

---

# گرنگایەتیی تەلەفزیۆن لەجیهانی ئەمڕۆدا

بەشی دووهەمو کۆتایی

مەنووچێهر ئاتەش پووش

### تەلەفزیۆن و مەترسییەکانی:

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، تەلەفزیۆن و ئەو بەرنامانەی کە بڵاویان دەکاتەوە، راستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵگا بە تایبەت منداڵان و لاوەکان هەیە. بۆیە دەبێ بەرپرسانی تەلەفزیۆن، وشیارییەکی تەواویان بۆ بڵاو کراوەکانیان هەبێ . لە سیستمی تەلەفزیۆنی زۆربەی وڵاتانی جیهان لە لایەن دەوڵەتەوە ئەم مەسەلەیە لەبەر چاو گیراوە،بۆیە ناچارن کە سنوورێك بۆ بەرنامەکانیان دیاری بکەن و لە بڵاو کردنەوەی هەر چەشنە توندوتیژی یا بەرنامەیەك کە ببێتە هۆی خراپ فێر بوون خۆبپارێزن، تا وەك کارەساتە پڕ لە هەراوهوریاکانی، ساڵەکانی ٩٠ تا ٢٠٠١ی ئەمریکای لێ نەیە، کەوابوو دەبێتە هۆی دەست پێراگەیشتنی ئاسان بە چەکو چۆڵ و لێك بڵاوبوونی زۆر بنەماڵە و...هتد . بەم پێیە نیگەرانی لە توندوتیژی بەشێکی گرینگ لە کەڵك وەرگرتنی گشتیی تەلەفزیۆنە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دەتوانین بە نموونە بێنینەوە کە بە مەبەستی نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی مادەسڕکەرەکان، دەستی دایە بڵاوکردنەوەی زنجیرە بەرنامە گەلێك لەم پێوەندییەدا بەڵام بەداخەوە ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانە دەرچوو و لاوەکان زیاتر بۆ لای ئەم مادەیە راکێشران و خەڵکێکی زۆری ماڵ وێران کرد، هەر چەند ئەمە ئاکامی سیاسەتی چەوتی کۆماری ئیسلامییە. هەر لە درێژەی سیاسەتی بەهەڵەدا چووی کۆماری ئیسلامیدا، تەلەفزیۆنی وڵاتەکەی کە لە چەندین کاناڵ پێك دێ بە شێوەیەك قۆرغ کردوە، کە پێناسەی کەلتووریی نەتەوە ژێردەستەکان زیانێکی زۆری وێ کەوتوە و بە هیچ جۆرێك رێگا نادات کە باسێك لە کەلتووری نەتەوەکانی دیکەی ئێران بکرێ.

### ✻ تەلەفزیۆن و بەرەو پێشبردنی سیاسەتەکان:

هەموو دەوڵەتانی جیهان دەیانهەوێ کە سیاسەتەکانیان بە باشی و بێوەی کە کۆسپێك لەسەر رێگایان بێت بچنە پێش، و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەرنامە رێژی دەکەن. یەکێك لەو رێگایانە کە باشترین بەهرەی لێ وەردەگیرێ تا پرۆپاگەندە بۆ سیاسەتەکانیان بکەن تەلەفزیۆنە. زۆر جار دیتراوە کە دوو وڵات لە رێگای تەلەفزیۆنەوە کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەبووە و بۆتە هۆی ئەوەی کە چەندین گرێبەست و پەیماننامە پێکەوە ببەستن. هەر لەم رێگایەوە دەوڵەتێك هەڕەشە یان پشتیوانی لە وڵاتێك دەکا تاجیهان لە رادەی پێوەندیی ئەوان ئاگادار بێ.

ساڵی ١٩٩٧ رێکخراوی پەروەردەیی ، زانستی، کەلتووری، کە سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، لە سەر کاریگەریی تەلەفزیۆن و پێوەندییە سیاسییەکان، دەستی دایە توێژینەوەیەك، و دوای ساڵێك رایگەیاند کە لە جیهاندا وڵاتی ئەمریکا، زیاترین کەڵکی لە تەلەفزیۆن وەرگرتوە تا سیاسەتی خۆی بە خەڵکی جیهان بناسێنێ و پرۆپاگەندەی بۆکردوە، هەروەها کاتی تایبەتیی بۆ سیاسەتمەدارانی ئەمریکا تەرخان کردوە تالە رێگای تەلەفزیۆنەوە بە شێوەی راستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ بینەران بگرن. ئەوە بۆ خۆی یەکێك لە پلانەکانی ئەمریکایە تابە باس کردن لە سیاسەتو بەرنامەو ئیستراتیژی خۆی بتوانێ لەنێو خۆی وڵاتو دەرەوە پشتیوان و لایەنگر لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە . یەکێك لەو کردەوانە کە ئەمریکا لە بەرامبەر خەڵکی جیهان کردی، بڵاوکردنی فیلمێك بەناوی"ئێرانی ئەتۆمی"بوو، تا بە زەقکردنەوەی مەترسیی دەستراگەیشتنی ئێران بە توانای ناوکی، بیروڕای خەڵکی جیهان ئاگادار کاتەوە کە ئێران بەردەوام لە هەوڵی کەم رەنگ کردنەوە یا لەنێو بردنی پێناسەی نەتەوەکاندا بووە، بەقەوم و تایفە ناویان دەبا. خەڵکی ئێران هیچ کات باوەڕیان بە راگەیەنە گشتییەکانی ئێران بەتایبەت تەلەفزیۆنی دەوڵەتی، وەك نوێنەری



هەڕەشەیەکی حەتمی یە و بۆ شێواندنی ئاسایشی جیهان تێدەکۆشێ. ناتوانرێ حاشا لەوە بکرێ کە ئەم فیلمە کاریگەریی تایبەتی لە سەر خەڵکی جیهان بەتایبەت ئەمریکاییەکان هەبوو.

ئێران وەك وڵاتێك کە سیستمی دیکتاتۆری و رادیکالیزمی ئیسلامیی بە سەر دا زاڵە ، هیچ کات رێگای بە چالاکیی ئازادی تەلەفزیۆن نەداوە . هیچ کەس لە هەر پلەو پایەیەك دا بێ، بۆی نیە لە رێگای تەلەفزیۆنەوە باس لە گیروگرفتێك لە هەر بوارێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و...هتد بکا، یان رەخنە لە دەوڵەتی ئاخوندی بگرێ. سەرەرای ئەوانە، تەلەفزیۆنی ئێران کە لە ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکان دایە، راستەقینەی خۆیان، نیەو وەك ئامێرێك بۆ چەوساندنەوە و درۆکردن بۆ خەڵك و بیروڕای گشتیی ئێران و جیهان ناسراوە.

تەلەفزیۆن لە جیهانی نوێدا، ئەرکی گەیاندنی گوتراوەکان و بیستراوەکانی لە سەر شانە و کاری بەرهەمهێنانی بەرنامەگەلی لاوەکی لە پلەی دووهەمی ئەرك گەلی تەلەفزیۆندا جێ دەگرێ. ئەگەر بێ و ئەم ئەرکەشی بە جێ بگەیەنێ دەتوانێ وەك نوێنەری خەڵك چاو لە خۆی بکا. لە تەلەفزیۆن دا دەوڵەتەکان دەتوانن رێکلام بۆ خۆیان بکەن، بەڵام نابێ یەك لایەنە بێ. لە هەڵسەنگاندنی بەهرەی کاری تەلەفزیۆنی،لە پێوەندی لەگەڵ رێکلام و پرۆپاگەندەی دەوڵەتی دا، دەبێتە هۆی گەشە کردنی وریایی خەڵك و رێگا بۆ هاتنە کایەی ئیستراتیژی نوێ خۆش دەکات ، و بە گشتی لە بەرژەوەندیی وشیاربوونی دەوڵەت ، بۆ جواب دانەوەی خەڵك دایە.

زۆر بوونی بەهرەکان لە پێوەندی لەگەڵ رێکلامە ئابوورییەکاندا، دووپات کردنەوەی زاراوە و جۆری قسە کردنی فیلمە کارتۆنییەکان لە نێو منداڵاندا، چوونە سەری رێژەی بینەران بۆ چاو لێکردن لە بەرنامەی راستەوخۆی ئەو هونەرمەندانە کە لەنێو خەڵكدا جێگای رێزن ، لە ئاستی نەتەوەییدا، هەموو سەلمێنەری هێزو کاریگەریی ئەم ئامرازی راگەیاندنەن. ئێستا رادەی بەرهەم هێنانی زانیارییەکان، بەتایبەت زانیارییە زانستیو پیشەسازییەکان ، ئەوەندە زۆر بووە کە پسپۆرانی راگەیاندن باسی چەمك گەلی وەك"تەقینەوەی زانیارییەکان" دەکەن. ئەم زانیارییانە لە چەند وڵاتی پێشکەوتوو و پیشەسازی بەرهەم دەهێنرێن و لە تەواوی جیهان دا بڵاو بڵاو دەکرێنەوە. بە دڵنیاییەوە بڵاو کردنەوەی زانیارییەکان تەنیا بە راگەیاندنەگشتییەکان بەتایبەت " تەلەفزیۆن "دەکرێ.

سەرچاوەکان :
(رسانەها، ارتباطات، فرهنگ جیم زلال ـ سال چاپ ١٩٩٧)
مجلە علم و زندگی
فن برنامەسازی تلویزیون ـ جرالد میرلسون ـ٢٠٠١ تالیف: عبدالحسن سعدیان ـ شمارە ١، اسفند١٣٧٠
رۆژنامەی کوردستان — ژمارە ٤١١

# باسێك سەبارەت بە جوداییخوازیو کوردستان

(بەشی دووهەمو کۆتایی)

کاوە ئاهەنگەری
و: لە فارسییەوە بۆ کوردی: لوقمان عەبدوڵڵازادە

زەمینەی فەرهەنگی، مێژوویی، ئابووریو سیاسی، شوێنی سەرهەڵدانی، گەشە، بەهێزبوونو بزاوتنو پاشان لاوازبوونو تێکشکانی ئیدئۆلۆژییەکانە.

جێگای خۆیەتی کە، سەرنجێکی بیروبۆچوونەکانی مارکسیش لەمەڕ سەرهەڵدانی بیروباوەڕە جیاجیاکان بدەین. هێزی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەبێتە مایەی پێکهاتنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو لەسەر ئەساسی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەش هزرو باوەڕو مەسەلەی فیکری دورست دەبنو، فورم دەگرنو جێی خۆیان دەکەنەوە.

ئاغای ئاراستە خۆو لە ژێر کاریگەریی "ژۆرژ گوروێ"دا دەنووسێ: ئیدئولۆژیی سیاسی راستییەکی کۆمەڵایەتیی چالاكو روو لە گەشەیە.

هەتا ئێرە، هۆیەکانی سەرهەڵدانی ئیدئۆلۆژیمان دایە پاڵ کۆمەڵێك هەلومەرج کە دەگەڕێنەوە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی گرووپێك یان نەتەوەیەكو ئامانجی نووسەر لەم وتارەش راکێشانی بیرو زەین بۆ هەموو کەلێنو قوژبنەکان، بۆ لای تاوتوێکردنی بابەتێکی (ئیدئۆلۆژیکی سیاسی) بووە.

ئامانج ئەوەیە کە چی دیکە بە چاوی شكو گومانەوە لەو بابەتە نەڕوانینو کاتی زیاتر بۆ لێکۆڵینەوە لەو راستییە، بەشێوەی زانستیو مەنتیقی بۆ تەرخان بکەین. بەداخەوە تا ئێستا بە شێوەی دروستو ئینسانیو دێموکراتیك لەگەڵ ویستو داخوازەکانی نەتەوەی کورد بەرخورد نەکراوەو، تەنانەت بۆ چارەسەرکردنیان، هیچ جۆرە هەنگاوێك لە لایەن حکوومەتو قەڵەم بەدەستانی ناوەندو دەرەوەی کوردستان هەڵنەهێنراوە. ئەگەریش هەنگاوێك لەو زەمینەدا هەڵگیرابێ، بە بێشك لە چوارچێوەی قازانجو بەرژەوەندی حکوومەتی ناوەندیو فەرهەنگی ناوەندیدا بووە. لە ئاکامدا بە بەهانەی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات کۆتایی پێهاتوە.

دڵساردبوونەوەو هیوابڕان لە ناوەندو بەردەوامیو گەشەکردنی داخوازە مێژووییەکانی نەتەوەی کورد لە لایەكو زوڵمو زۆرداریو سەرەڕۆیی ناوەندنشینان لە لایەکی دیکەوە، بونەتە هۆی پێکهاتنی کەشێکی تایبەت لە کوردستان مێشكو فیکری کوردەکانی بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردوە. کوردستان ئێشو ئازاری سیاسەتوانانی ناوەندی لە چەند دەیەی رابردوودا زیاتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران دەركو هەست پێ کردووەو چێشتوویەتی. هەرچەند کوردستانیش لە بەرانبەر هێرشی نیزامیو فیکریی ناوەندا، چ بە شێوەی تاك یان حیزبیو جەماوەری، بەربەرەکانیی کردوە. سەرهەڵدانی کۆمەڵێك کەسایەتیی سیاسیو فیکریو مەزهەبیی وەك: مەلا خەلیل لە بەربەرەکانێ دژی یەکدەستکردنی جلوبەرگ لە لایەن رەزاخانەوە، شێخ عێزەدین حوسەینی، مەلا محەمەد رەبێعیو ئەحمەدی موفتیزادە کە کۆمەڵێك کەسایەتیی مەزهەبین. قازی محەمەدو کۆماری کوردستان، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی، دوکتور جەعفەری شەفیعی، فواد مستەفا سوڵتانیو... وەك کەسایەتیگەلی سیاسی، حیزبەکانی وەك: حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەو ... هتد، خودی خەڵکی کوردستان لە بەدیهێنانی کەشوهەوای سیاسیو فیکری لە کوردستاندا کاریگەرییان هەبووە.

بە بڕوای نووسەر بۆ توێژینەوە لەسەر بابەتێك، سەرەتا دەبێ هەست بە بوونی کێشەو گرفتەکان بکەین، یان لانیکەم لێیان تێبگەین. دەنا شێوەی کردارو بەرخورد بە بێگومان نادێموکراتیكو نازانستی دەبێ. ئێستاشی لەگەڵدا بێ بوختانی دژی شۆڕش، یاخی، جوداییخوازو ... هتد بە کوردەکان دەکرێو، ئەوەش لە نەبوونی جەوهەری دێموکراتیك لە نێو حکوومەت، فەرهەنگو مەزهەبی ناوەندی دەزانینو، لە زەمانی رەزاخانەوە تاکوو ئێستا حکوومەت زمانو مەزهەبی دەسەڵاتی ناوەندیی بەسەر کوردستاندا زاڵ کردووەو، ئەوان توانای دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکیان لە نێوان کوردەکانو خۆیاندا نەبووە. ناوەندنشینان هیچ کات نەیانویستوە کوردەکان بۆ خۆیان بنو هەر لەو کاتەشدا لە ئێران بمێننەوە. دیارە ئەو بۆ خۆبوونە، پێناسەو تایبەتمەندیی دیاریکراوی هەیەو روانگەی یەکدەست کردنو خۆ بە سەروەرزانین بەرامبەر بە نەتەوە غەیری ناوەندیش لە ئارادا بووەو هەیە. چۆن دەکرێ بوختانی جوداییخوازی لە کوردەکان بدرێ، لە حاڵێکدا هیچکام لە حیزبە سیاسییەکان خوازیاری سەربەخۆیی نەبوونو نین. چۆن دەتوانرێ بۆختانی جوداییخوازی بە کوردەکان بکرێ، لە حاڵێکدا کوردەکان لە سەرەتاییترین مافە ئینسانی، فەرهەنگی، سیاسی، ئابووریو ... هتدەکانیان بێبەش کراون، ئەم جۆرە روانینە بۆ کوردستان بێجگە لە بێشەرمیو سەرەڕۆیی دەسەڵاتدارانی ناوەندنشین، چ مانایەکی دیکە دەگەیەنێ؟

لە بەرامبەر بۆختانی جوداییخوازی بە کوردەکاندا، هەمیشە ئەو پرسیارە بۆ من دووبارە بۆتەوە کە ئەگەر، کوردەکان خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتن، کە ئەوەش مافی بێئەملاو ئەولای هەر نەتەوەیەکە، بە پێی نیزامی فیکریی نوێو دێموکراسیو راگەیەندراوی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (دەوڵەتە یەکگرتووەکان)و ئەو ویستەش بە پێچەوانەی مەیلی غەیرە کوردەکانە.

ئەدی کوردستان هی کێیە؟!!
داخوا هی ئێرانە؟!
ئەدی ئێران هی کێیە؟!
هی هەموو ئێرانییەکانە؟!

لێرەدا پێویستمان بە پێناسەیەکی ئێرانە، روونە کە ئێران بە مانای هیچ زمانێك نیە، مانای هیچ مەزهەبێك نادا، ئێران بە مانای فەرهەنگ یان شێوە ئەخلاقو کرداری هیچ نەتەوەو قەومێك بە تەنیا نیە. ئێران ملکی هەتاهەتایی هیچ بنەماڵە یان گرووپێکی تایبەت نیە، ئێران بە مانای ناوچەیەكو شارێکی تایبەت نیە، ئێران بە مانای یەك ئاوازو پارچە مۆسیقایەکی هونەریی دیاریکراو نیەو...، بەڵکوو بە باوەڕی نووسەر، ئێران بە مانای کۆمەڵێك زمان، ئایینو مەزهەب، نەتەوەو قەومو دابونەریتو سوننەت، ناوچەییو جوغرافیایی ئاووهەوا، بەگشتی بە مانا کۆمەڵناسانەکەی بە کۆمەڵێك فەرهەنگی تێکەڵاو دەگوترێ، کە لە بەشگەلێکی جۆراوجۆر پێك هاتونو خاوەنی مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەن.

بە چاوخشاندنێك بەسەر بارودۆخی کوردستاندا، بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە، لە چەند دەیە پێشەوە، نە کوردستان لە دەستی کوردەکاندا بووەو نە کوردستان لە بواری سیاسیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ئابوروی، فەرهەنگیو مەزهەبیدا وەك بەشەکانی دیکەی ئێران بووە. ئەگەر وا نەبوایەو ناوەندنشینان خاوەنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیك بان، چی دیکە شاهیدی زوڵمو ستەم بە نیسبەت غەیرە شیعەکانی ١٢ ئیمامی، بەرزترین ئاستی هەژاریو بێکاریو نەبوونی پەرەپێدان لە ناوچە کوردنشینەکان، بەلووچستانو نەدانی ئیجازەی بەشداری بە کوردو بەلووچو تورکمەنو غەیرە شیعەکان لە هەڵسووڕاندنی کاروباری سیاسیی دەوڵەتو وڵاتدا، فەتوای جیهاد دژی کوردەکانو دەیانو سەدان گیروگرفتو قەیرانی دیکە نەدەبووین. کەس ناتوانێ حاشا لە بوونی زوڵمی سیاسی، مەزهەبی، چینایەتی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی لە ئێراندا بکا.

سەرەتاییترین کێشەی بیرمەندانی ناوەندنشین، دەکرێ لە پێناسەی واقیعییەتی فرەجۆریو فرەکولتووریی ئێراندا بدۆزینەوە. هەتاکوو ئێستا پاوانخوازانو ئەوانەی دەستیان بەسەر ناوەندی دەسەڵاتدا گرتوە، دانیان بەو راستییە دێموگرافیكو فەرهەنگییەی ئێراندا نەهێناوە. ئەگەر روانگەکان واقیعبینانە بێو، بە بڕوای نووسەر، زووتر دەگەین بە سیستمێکی ئازادو دێموکراتیك لە چوارچێوەی ئێرانداو ئەم واقیعییەتە فرەجۆرە دەبێتە راستییەکی دێموکراتیك.

**سەرەتاییترین کێشەی بیرمەندانی ناوەندنشین، دەکرێ لە پێناسەی واقیعییەتی فرەجۆریو فرەکولتووریی ئێراندا بدۆزینەوە. هەتاکوو ئێستا پاوانخوازانو ئەوانەی دەستیان بەسەر ناوەندی دەسەڵاتدا گرتوە، دانیان بەو راستییە دێموگرافیكو فەرهەنگییەی ئێراندا نەهێناوە. ئەگەر روانگەکان واقیعبینانە بێو، بە بڕوای نووسەر، زووتر دەگەین بە سیستمێکی ئازادو دێموکراتیك لە چوارچێوەی ئێرانداو ئەم واقیعییەتە فرەجۆرە دەبێتە راستییەکی دێموکراتیك.**

لە کۆتاییدا جێی خۆیەتی کە ئاماژەیەك بە باسی جوداییخوازی بکەین. لە راگەیاندنەکانی حیزبە جۆراوجۆرە (ناوەندخواز)ەکاندا، بیروڕای تاکەکان لە نووسراوەکانیاندا چاپو بڵاو بوونەتەوەو، لە ئینتێرنێتو شوێنە جۆراوجۆرەکانیشدا بۆ وەڵامدانەوە پێویستە واقیعبین بین، واتە ئێران ئەو جۆرە کە هەیە بیبینینو سەیری بکەین، کە زۆر گرینگو ئەساسییە. مادام کە روانگەو پێناسەی ئێمە بە نیسبەت ئێران تاك رەهەندیو یەك روانگەییە، لە گەیشتن بە پێناسەی واقیعیی ئێرانو، لە ئاکامدا سیستمێکی دێموکراتیكو ئازادو یەکپارچە (لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا) ناکام دەمێنێتەوە. دیارە، دەبێ بگوترێ کە بەهۆی نەبوونی پێناسەیەکی گشتگیرو تەواو سەبارەت بە ئێران، نەبوونی روانگەو بۆچوونێکی فرە بین لە ئێرانداو، سەرەنجام نەبوونی سیستمێکی هەڵقوڵاو لەم فرەییو هەمەلایەنییە باسێکی چڕوپڕتری دەوێ کە لەم وتارەدا جێی نابێتەوە.

یەکێك ئینگلیس بە سەرچاوەی کێشە مەزهەبییەکانو بنیاتنەری ناکۆکییە مەزهەبییەکان دادەنێو کەسێکی دیکە رادەی توندوتیژیو سەرسەختیی بیروباوەڕە مەزهەبییەکانی خەڵك بەهۆی نەگەیشتن بە ئازادیو دێموکراسی دەزانێ، بەو مانایە کە خەڵکی ئێران لە وەرگرتنی ئیدە غەیرە مەزهەبییەکانو سیستمێکی لائیکدا، دەستە وەستانن. کەسانێکیش پەیدا دەبن کە ناوەند بە تاوانبار دەزانو (ئێستا هەرچی هەیەو لە رابردوودا هەرچی بووە) هەموو بەجێی خۆیان، بۆ دەربازبوون لە بارودۆخێکی وا دەبێ رابردوو بکەینە چرای رێگای داهاتوو. بیر لە داهاتوو بکەینەوەو دوورتر بڕوانین. هەرچەند یەکەم هەنگاو لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا، خەسارناسیی رابردوومانەو، دووهەم: دووبارە نەکردنەوەی هەڵەکانی رابردوومانەو بەو دەستپێکەش کەڵکی پێویستو باش لە ئەزموونو دەسکەوتەکانی وڵاتێك کە هەنگاویان بۆ جێبەجێبوونی پرۆسەی دێموکراسیو ئازادی هەڵهێنابێتەوە، بۆ نموونە: فیدرالیزمی وڵاتی "بیلژیك" دەکرێ باشترین سیستم بۆ ئێرانیش بێ. بەو حاڵە ئەمن ناتوانم کوردەکان بە جوداییخواز لە قەڵەم بدەم، چونکە لە بەرنامەو راگەیەندراوەکانی هیچ کام لە حیزبە کوردستانییەکاندا، باس لە جیابوونەوەو سەربەخۆیی نەکراوە. ئەوە کوردەکانن کە لە لانیکەمی مافی سیاسی، فەرهەنگیی، ئابووریو مەزهەبی بێبەش بوون. کەوابوو ئەو کەسەی تا ئێستا کوردەکانی لەخۆی نەزانیوەو لە دابەشکردنی سەرچاوەو ئیمکاناتی وڵات بە شێوەی عادیلانەو ئینسانانە خۆی پاراستوە. ئەو کەسەی تاکوو ئێستا کوردەکانی لە کاروباری سیاسیی وڵاتدا بەشدار نەکردوە، ئەو کەسەی کە وەك بەرپرسو حاکمی ئەم وڵاتە چەند کەس لە ئەندامانی ئەو بنەماڵە مەزنەی لە بەر هەلپەرستی، یان قازانجو بەرژەوەندی یەك یان دوو ئەندامی دیکە پشتگوێ خستوەو بەشی نەداون، ئەو کەسەی گشت ئیمکاناتی ئێرانی بۆ تاقمێکی دیاریکراوو تایبەت دەوێ، ئەوکەسەی بە بیانووی جوداییخوازیو نەبوونی تەبایی لە بەڕێوەبردنی عەدالەتی ئابووری ، سیاسی، کۆمەڵایەتی، مەزهەبیو زمانیو... هتد، ناوچە کورد نشینەکانی بێبەش کردوون، ئەو کەسەی دوای زیاتر لە ٥ هەزار ساڵ لە مێژووی ئەو ئاوو خاکە، ئێستاش هەر "خۆمە خۆمە" دەکا، جوداییخوازە، نەك ئەوەی مافی خۆی لە چوارچێوەی ئێران دا داوا دەکا؟! چونکە جوداییخواز لە ناوەندبیرانو ناوەندنشینان شتێکی ناوێ، بەڵکوو تەنیا سنوورەکان جیا دەکاتەوە.

**پێویستە واقیعبین بین، واتە ئێران ئەو جۆرە کە هەیە بیبینینو سەیری بکەین، کە زۆر گرینگو ئەساسییە. مادام کە روانگەو پێناسەی ئێمە بە نیسبەت ئێران تاك رەهەندیو یەك روانگەییە، لە گەیشتن بە پێناسەی واقیعیی ئێرانو، لە ئاکامدا سیستمێکی دێموکراتو ئازادو یەکپارچە (لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا) ناکام دەمێنێتەوە.**

بەڵام کوردەکان زۆر دەمێکە کە هاواری دێموکراسی بۆ ئێرانو دابین کردنی مافی رەوای خۆیان دەکەن. باوکێك لە نێوان دوو منداڵی خۆیدا دووچاوەکی بکا، (لە تێڕوانینو ئیمکاناتی پەروەردەو خوێندنو... هتد) ئەو باوکە جوداییخوازە، نە ئەو کوڕەی کە بۆ مافو حەقی خۆی نارەزایەتی دەردەبڕێ. ئەگەر ئەو نابەرامبەریو زوڵمو ستەمە چەندین ساڵو چەندین دەیە درێژەی هەبێ، چ روودەدا؟

نووسەری ئەم بابەتە، ناوەندخوازەکانو ناوەندبینەکانو ناوەندبیرەکان پێش هەرکەسو هەر شتێکی دیکە، بە هۆکاری جوداییخوازی دەزانێ، دان نەنان بە فرەزمانی، فرە نەتەوەییو فرە مەزهەبیبوونی ئێران، بە بوونی زوڵمو ستەمی مێژوویی دەرهەق بە کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەنو ستەمی دینیو مەزهەبی بە نیسبەت غەیرە شێعەکانو... هتد، یەکەمین کۆسپ لەسەر رێگای ئێرانێکی یەکپارچەیە بە باوەڕی نووسەر: کەسێك کە حاشا لە بوونی ئەو کێشانە بکاو هەوڵی بە پەلە لە پێناوی لەنێوبردنیان نەدا، جوداییخوازە.

***

# تەوەرێك لە سەر تیرۆریزم

هوشیار ئەحمەدی
hoshearahmady@yahoo.com




## تیرۆریزمی نێودەوڵەتیو جیهانی

### کۆبەند

تیرۆریزمی جیهانی بە ڕێبەرایەتیی گرووپی ئەلقاعیدەو پشتیوانیی تیرۆریزمی دەوڵەتیو نێودەوڵەتی بە کارەساتەکەی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ گەیشتە لووتکەی خۆی، بەڵام بە لێوردبوونەوەو تێرامانێك، بەو ئاکامە دەگەین کە هاوکات لەگەڵ پرۆژەی "گلۆبالیزاسیۆن"و پێکهاتنی کولتوورێکی جیهانیدا، دنیایەکی تێکنۆکراتیك هاتە ئاراوە کە هەم ئالۆزییەکانی لە ئاستی جیهانیدا زیاد کردو هەم خۆی لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگاکانی ئاسیا، ئافریقاو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو هەموو وڵاتانی روو لە گەشەدا، تووشی پێکدادان کرد. ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە تێگەیشتن، لێکدانەوە، هەڵسەنگاندنو هەڵوێست گرتنەکان لە هەمبەر بە جیهانیبوون یان بە پێی هێندێك ڕوانگە جیهانیکردندا جیاوازن، لێرەشدا ئەو خاڵە گرنگەمان بیر دەکەوێتەوە کە هەڵوێستی هێز، لایەن، حکوومەتو کۆمەڵگاکان لە سەر ئەساسی پێوەری بەرژەوەندییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو ....کان دیاری دەکرێن، سەردەمی ئەوەش نەماوە کە بەرژەوەندی زلهێزەکان وەکوو ئامرازی ڕەهای دیاریکەری بەرژەوەندییەکانی دیکە چاوی لێبکرێ، واتە ئەمڕۆ هەموو بەشدارانی مەیدانی چالاکیی سیاسی بە جۆرێك لە جۆرەکان دەتوانن کاریگەرییان لە سەر کەشی سیاسیی جیهان هەبێ.

بەپێی بەشەکانی پێشووی ئەم وتارە، بەو ئاکامە گەیشتین کە ئەم جیهانەی ئێمە تێدا دەژین بە دوو مێژووو، دوو بەرە دابەش کرا، دەوڵەتان، بزووتنەوەکانو بەرژەوەندییەکانیش بە دوو دەستە دابەش کران، لە بواری مێژووییەوە پێش ١١ی سێپتامبرو پاش ١١ی سێپتامبر، لە بواری بەرەوە، دەوڵەتانو لایەنەکانی بەرەی تێرۆرو بەرەی دژە تیرۆر، هەروەها دەوڵەتان، بزووتنەوەکانو بەرژەوەندییەکانی تیرۆریزمو دژە تیرۆریزم، لەو نێوانەشدا هەر کردەوەیەك لە هەر لایەکەوە ئەنجام بدرێ کاریگەریی خۆی لەسەر لایەنەکانی دیکە دادەنێ، هەربۆیە لایەنی دژە تیرۆریش هەڵوێستی خۆی سوورو ڕاشکاوانە دیاری کردوە، بۆ ئەوەش دەتوانین ئاماژە بە وتارێکی جۆرج بووش، سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین بەو بۆنەیەوە، ناوبراو پێناسەی تیرۆریزمو بەرەی تیرۆری چەند قات بردە پێشەوە، بووش وتی؛ تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکیش خۆی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتگیری تیرۆریستەکان نەکا، بەڵام پەنایان بدا، ئەو دەوڵەتە تیرۆریستە، بووش ئاماژەی پێدا، ئیستراتیژیی خۆم ئاوا پێناسە دەکەم کە ئەگەر ئێوە پەنا بە تیرۆریستێك بدەن، تاوانی ئێوەش بە قەد تیرۆریستەکانە. بۆ وێنە ئەفغانستانی دەورانی تالیبان یەکێ لەوانەبوو، کەوابوو سنوورەکانی تیرۆریزم بە بەهێزکردنی سنوورەکانی ئاسایشی نەتەوەییو ئاسایشی جیهانی دەبێ ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر بەرتەسکتر بکرێتەوە.

تا سەرەتاکانی سەدەی ٢١ هیچکام لە زلهێزەکان دانیان بە تەنینەوەی ئیدئۆلۆژیی فێندەمنتاڵو بناژوویيو میکانیزمی تیرۆر بە جیهاندا، نەنابوو، یان ئێعترافیان بە تیرۆریزم وەکوو کێشەیەکی جیهانی نەکردبوو، بێ ئەوەی کە بزانن نەتەنیا بە شێوازێکی خەست چ بە سەر دەسەڵاتەکانداو چ بەسەر کۆمەڵگاکاندا ئاژین بووە، بەڵکوو بوومەلەرزەکەی ڕۆژئاواشی چلەکاندەوە.

واتە ئەوبۆچوونەش کە تیرۆریزم بە جۆرە لادانێك لە مۆدێرنیتە دەزانێ، زۆر دوور لە واقیع نیە، بەڵام، بەڕاستکردنەوەیەکەوە، ئەویش ئەوەیە کە بەرهەمەکانی مۆدێرنیتە چۆنو لە لایەن چ کەسگەلێکەوە بە کار بێن؟ بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە کرا بوو، لە ساڵی ١٩٩٥ تا ٢٠٠٥ تێکنۆلۆژیی زانیاری بە ٤٥ قۆناغی جیاوازدا تێپەڕ بووە، واتە گەیاندنی زانیاری، ئەمڕۆ بە نیسبەت ساڵی ١٩٩٥ەوە ٤٥ جار خێراتر بۆتەوە، لە هەمان کاتیشدا هەر ئەو بەرهەمە تێکنۆلۆژییانەی مۆدێرنیتە کە بە شێوازی "ئەرێنی" لە کۆمەڵگای پێشکەوتوودا بەکار دەهێنرێن زۆر "نەرێنیانە" لە ڕاستای ئامانجگەلی دژ مرۆڤانەدا لە لایەن تیرۆریستانو پێوانەکانیانەوە کەڵکیان لێوەردەگیرێ، وەکی دیکە تیرۆریزم دەیهەوێ لە بەرامبەر پرۆسەی بە جیهانیبووندا، مەیلێکی دژ بە جیهانیبوون نیشان بدا، واتە ئەو وێنەیەی ڕۆژئاوایی قبووڵ ناکاو هەر ئەو تیرۆریزمە تێدەکۆشێ توانای وەڵامدانەوە لە بەرامبەر زانیاریی ڕۆژئاواییدا وەکوو سەمبولێك لە خۆیدا بەهێز بکا.

لە دەلاقەیەکیترەوە پرۆفیسۆر هانتینگتۆن تێزەکەی خۆی، واتە "پێکدادانی ژیارەکان"ی لە گۆڤاری ئەمریکایی "کاروباری دەرەوە" بڵاوکردەوە، بە گوتەیەکی دیکە بێ پێچو پەنا ڕایانگەیاند کە پێکدانانی ژیاری هاتۆتە ئاراوە، دەبێ ڕێگا چارەی بۆ ببینرێتەوە، بەڵام چەند ساڵ دواتر سەید محەممەدی خاتەمی، سەرکۆماری پێشووی ئێران، تێزی "وتووێژی ژیارەکانی" هێنایە ئاراوە کە سەرەتا دنیای تووشی خۆشبینی کردو خۆشخەیاڵەکان کە تەنیا بەرژەوەندی ئابوورییان بەلاوە گرینگ بوو، بە فەرمی دەعوەتیان دەکردو لە بەرامبەر یەکتریدا سناریۆیان پێساز دەکرد، بەڵام لەوەی بێ ئاگابوون کە لە گەڵ "پارادۆکسیکالیست"گەلێکدا بەرەوروون کە، بۆچوونیان ١٨٠ پلە پێچەوانەی ڕاگەیاندراوەکانیانە. واتە لە لایەك باسی لە "وتووێژی ژیارەکان" دێننە ئاراوە، لە لایەکی دیکە پلانڕێژیو پشتیوانی لە تیرۆریزم لە هەموو شێوازو ڕەهەندەکانیدا دەکەن.

یان بن لادنو ئەلقاعیدەو ڕێبەریی گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە هەوڵیان داوە کە بوونی ڕۆژئاواییەکان لە وڵاتانی ئیسلامیدا بە پیلان دژ بە ئیسلام لە قەڵەم بدەن، ئەوەش بۆچوونێکە کە بەردەوام ڕێگاخۆشکەرێك بووە بۆ جیهادو، بوار ڕەخسێنێك بووە بۆ تیرۆریزم، کە دنیای ڕۆژئاوا ئەو شێوازە بیرکردنەوانەو پرۆپاگەندە بۆیان بە ئامرازێکی مەترسیدار بۆ سەر ئاشتیو تەبایی جیهان لەقەڵەم دەداو بە پێویستی دەزانێ بە شێوەیەکی هەمە ڕەهەند بەرەنگارییان بکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە" ئێستۆن وێڵش" لێکۆڵەری ناوەندی زانیاریی بەرگری لە واشنگتۆندا دەڵێ؛ هەوڵدان بۆ ڕوون بوونەوەی ئەو شێوازە لە توندوتیژی نابێ تەنیا بە سزادانی ئەنجامدەرانی کۆتایی بێ. وێڵش ئاماژە بەوەدەکا کە بە سەرنجدان بەوەیکە تیرۆریستەکان لە تێکنۆلۆژیو ئامرازی مۆدێرنی پێوەندیگرتن کەڵك وەردەگرن، خەبات دژی تیرۆریزم ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لەگەڵ گیروگرفتدا بەرەوروو دەبێتەوە، بەڵام ئەم گیروگرفتانە بە هیچ جۆر نابنە هۆی پاشەکشەی ئەمریکاو وڵاتانی دیکە لە خەباتی بەرین بۆ ڕیشەکێش کردنی تیرۆریزم.

لەو کاتەوە چەمکی بە جیهانیبوون هاتۆتە ئاراوە، تیرۆریزم هەستی بە نائەمنی دژ بە خۆی کردوەو هەستی بەوە کردوە کە تێکنۆلۆژیو مۆدێرنیتە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە بەرەی دژە تیرۆردان، چونکە ئامرازی مۆدێرنی بەرگریو زانیاری کۆکردنەوە لە خزمەت دەسەڵاتی تیرۆردایە، ئەڵبەتە ئەمەش بەو مانایە نیە کە بێ کەموزیاد مۆدێرنیتەو بەرهەمەکانی لە خزمەت بەرەی تیرۆردان، بەڵکوو، هەم تیرۆریزمی دەوڵەتیو هەم تیرۆریزمی نێودەوڵەتیو جیهانیش لە ئامرازو کەرەستە مۆدێرنەکان لە میکانیزمی تیرۆردا کەڵکیان وەرگرتوە، بەڵام جێگای مەترسی ئەوەیە کە دەستی تیرۆریزمو پشتیوانانی تیرۆریزم بە چەکی ناوکی بکا، واتە مەترسیی مرۆڤایەتی ئەوەیە کە گەیشتنی تیرۆریزم بە قۆناخی تیرۆریزمی "ناب" یان بان تیرۆریزم لەگەڵ لەمەترسیکەوتنی جیهانو مرۆڤایەتیدا یەکسانە، بە دەستەواژەیەکی دی، ئەو مۆتەکەیەی کە ڕاگەیاندنەکان بە نیسبەت تیرۆریزمەوە باسی دەکەن گەیشتنی تیرۆریزمە بە قۆناخی بان تیرۆریزم یان تیرۆریزمی ناوکی، بۆیە ئەو دەوڵەتە توتالیتێرانە کە لە هیچ ئامرازێك بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتە توتالیتارییەکەیان خۆ نابوێرن، چاوەڕوانی ئەوەشیان لێدەکرێ کە بە لەمەترسیکەوتنی خۆیان، کۆمەڵگای جیهانییش بخەنە مەترسی لەناوچوون، ئەوەش دەتوانین بە قسەکانی ئەحمەدەنەژاد سەرۆك کۆماری ئێران پشتڕاست بکەینەوە کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەخۆ هەڕەشەی سڕینەوەی لە ئیسرائیل کرد، دەتوانین ئاماژە بە ڕاگەیاندنی ئامادەیی بۆ هاوکاریی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە بورای ناوکیدا بە وڵاتو دەسەڵاتی جێگای مەترسی بکەین.

ڕەنگە بەشێك لە جۆرەکانی تیرۆریزم زۆرتر بواری سایکۆلۆژییان هەبێ بەڵام بەڕاستی ئەو جۆرە لە سەردەمی "ئینفۆرماتیك"دا کاریگەرترین جۆری تیرۆریزمە کە تا ڕادەیەکی چاوەڕوان نەکراو کاریشی کردۆتە سەر کۆمەڵگاکان، واتە لە هیچ گۆشەیەکی جیهاندا هەست بە ئاسایشو ئاشتیو تەنایی ناکرێ. کەوابوو بۆ پاشەکشە کردن بە تیرۆریزم لە ئاستی جیهانی، نێودەوڵەتیو ناوچەییدا، دەبێ وەکوو تاك، گەل، نەتەوەو کۆمەڵگا خۆمان بە بەرپرسیار بزانینو کۆمەڵگای جیهانی سەبارەت بە ئەو مەترسییە ئاگادار بکرێنەوە.

ژێدەرەکان:

١ـ وتارێك بە ناوی "تروریزم بعنوان جرمی سازمان یافته" لە لێمن. مایکلو پاتر.گری و: د. زمانی قاسم / طیب. علیرضا

٢ـ زەمینەکانی ڕابوونی تیرۆر. ن. زانکۆ ئیسماعیل ڕۆژ. گۆڤاری توێژینەوە. ژ ـ٣

٣ـ تیرۆری نێودەوڵەتی .ن د. ئەحمەد محەممەد ڕەفعەت، د. ساڵح بەکر ئەلتەیار و: کوێستان جەماڵ لە عەرەبییەوە

٤ـ وتووێژ لەگەڵ "ئێستیون وێڵش" لێکۆڵەری ناوەندی زانیاری بەرگری واشنگتۆن لەگەڵ ڕادیۆ "فردا"

٥ـ تێزی پێکدادانی ژیارەکان پ. هانتیگون . ساموئێل

٦ـ هافمەن. برۆس. کارناسی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕەند ـ یا Thinkthank بە ناوبانگەکانی ئەمریکا لە وتووێژی لەگەڵ ڕادیو "فردا"

ئەم بابەتە کۆتایی بەشی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیو جیهانییە

"ئاژین" = پەخشو بڵاوبوونەوە ـ گەشەسەندن

***

# ڕێژیمی ئێرانو پەرەپێدانی ئابووری

ناسر ساڵحی ئەسڵ

ڕۆژەکانی٢٢و٢٣ی مانگی بانەمەڕی ١٣٨٥ی هەتاوی، بەرامبەر بە ١٢و١٣ی مانگی مای ٢٠٠٦ی زایینی، کۆنفرانسی پەرەپێدانی ئابووریی وڵاتانی موسوڵمان " ٨ – D" لە دوڕگەی باڵیی وڵاتی ئیندۆنیزی بە بەشداریی ڕێبەرانی ئەو وڵاتانە بەڕێوەچوو. پێویست بە ڕوونکردنەوەیە کۆنفرانسی وڵاتانی " ٨ – D" لە ساڵی ١٩٩٨ دامەزراوە. ئەندامانی بریتین لە: ئێران، ئیندۆنیزی، پاکستان، تورکیە، میسر، نیجریە، بەنگلادیشو مالیزی بە مەبەستی پەرەپێدانی ئابووری پێك هاتوە. کۆی ئەو وڵاتانە بازاڕێکی فرۆشی ٩٠٠ میلیۆن کەسیی هەیە. لەم کۆنفرانسەدا یارانە (تعرفە) گومرکی بۆ ٥٠ جۆر شمەك واژۆ کرا. هەروەها کەمکردنەوەی یارانە لە نێوان ئەو ٨ وڵاتەدا واژۆ کرا. کردنەوەی پیشانگای ئابووریو دەست بەکار کردنی دەبیرخانەش بۆ کۆبوونەوەکانی دیکە دواخرا.

بەڵام ئەوەی گرینگە لە جیهانی ئەمڕۆدا بایەخدان بە گەشەو پەرەپێدانی ئابوورییە. بازاڕی ئازادو یاسامەند، دوابەدوای هەرەسهێنانی ئابووری دەوڵەتی لە پەرەسەندن دایە. گەشەو پەرەپێدانی ئابووریی لە بازاڕی ئازاددا بەستراوە بە فاکتەرەکانی وەك میزانی یارانە (تعرفە)، سیستمی بانکیو پووڵی، ئازادی تاكو کۆمەڵ، حکوومەتی هەڵبژێراو، دەستەبەرکردنی دێموکراسیو ئازادیو مافی گەلانو... دەیان فاکتەری دیکە کاریگەریی خۆیان تێدا هەیە. بەڵام ئایا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، توانای پێکهێنانی هاوسەنگی نێوان گەشەو پەرەپێدانی ئابووریو ئەو فاکتەرانەی هەیە؟ لە نێوان قۆناخی پەرەپێدانو نەبوونی پەرەپێدان، قۆناخی تێپەڕینو گواستنەوە هەیە، لە قۆناخی تێپەڕکردنو گواستنەوە ئابوورییەکی دواکەوتوو بۆ ئابوورییەکی پێشکەوتوو، پێویستی بە میکانیزمو ئازادیی هەمەلایەنی گەشەو پەرەپێدانی ئابووری هەیە. هەروەها کاریگەرترین ئەرکی گەشەو پەرەپێدانی زانستی، نەهێشتنو بن بڕکردنی گەندەڵییە. لەمەش کاریگەرتر پەروەردەکردنی کادری هەڵکەوتوو لێزانو پسپۆڕ لە بواری سەنعەتو زانیاری بۆ گەشەو پەرەپێدانی زانستییە. ڕێژیمی ئێران کام لەو مەرجانەی لە مەیدانی پراکتیك دا پراکتیزە کردوە؟ ئازادیی تاكو کۆمەڵ لە ڕێژیمی ئێران دا مانایان نیە. ڕێژیمی گەندەڵی ئێران باش ئاگادارە کە ئامانجی هەر گەشەو پەرەپێدانێکی ئابووری، چوونە نێو بازاڕو بەدەستهێنانی موشتەریو قازانجە. بەڵام ڕێژیمی ئێران لە توانایدا نیە لە بواری دیپلۆماسیو ئابوورییەوە پێوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی ئازاد بەهێزتر بکا. هەر چەند سەرچاوەکانی نەوتو کانگا ژێرزەوییەکانیشی هەرزان فرۆش بکا. چونکە مەرجەکانی بازاڕی ئازادو ئەزموونی جیهانی نیە کە بریتین لە:

ئەلف ـ کڕیارانو فرۆشیاران زانیاریی تەواویان لەمەڕ نرخەکان هەیە. واتا شەفافییەت بە تەواوی لە بازاڕدا بەدی دەکرێ.

ب ـ بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری وەك وزە، ئاوو بەرقو پێداویستییەکانی دیکە.

س ـ هەلی یەکسان بۆ هەموو کەس بۆ چالاکیی ئابووری بە بێ قازانج.

ج ـ نەبوونی دەستێوەردانی حکوومەت لە بازاڕدا.

ه ـ بوونی بانكو سیستمی پاشەکەوتو وەبەرهێنانی ناوخۆیی.

هەر بۆیە توانای خۆ ڕێکخستنی لەگەڵ جیهانی پێشکەوتوودا نیە. ڕێژیمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژلە قەیرانی ئابووریو سیاسیدا گێژ دەخواتەوە، چوونکە توانای جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی نیە. هەروەها وەبەرهێنان گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردوە، ئێستا سەرمایەدارانی ئێران، سەرمایەکانی خۆیان بۆ وەبەرهێنان لە وڵاتانی عەرەبیو ئورووپاییو ئەمریکا وەگەڕ خستوە، چونکە گەڕانەوەی سوودوسەرمایە بەهۆی یاساگەلی دواکەوتوو لە ڕێژیمی ئێراندا دەستەبەر نەکراون، هەروەها لە سیستمی ئابووریی ڕێژیمی ئێراندا، بەرتیلخوری لە ئاستی بەرزی بەڕێوبەریدا، یەکێك لە نیشانەکانی گەندەڵییە. ڕێژیمێك کە توانای خۆ گونجاندنی لەگەڵ بازاڕی نێونەتەوەییدا نیە، یان ڕێژیمێك کە سیستمی ئابوورییەکەی جیاوازە لەگەڵ سیستمەکانی ئابووریی جیهانی. هەروەها بەرزبوونەوەی بێکاری، ئاوسانی دوو ڕەقەمی، دابەزینی بایی پارەی ئێران لە بەرامبەر دراوە گرنگەکان دا، توانی گەشەو پەرەپێدانی ئابووریی نیە.

بۆیە چاوەڕوان ناکرێ ئێران دەسکەوتێکی بەرچاوی لەو کۆنفرانسەدا هەبێ مەگەر لە پێوەندی مەسایلی سیاسیدا کە دەکرێ بڵێین قازانجی تێدا کردوە.

### کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ:

# شورای مافەکانی مرۆڤ، دەنگی متمانەی بە کۆماری ئیسلامی نەدا

کۆماری سەرەڕۆی ئیسلامی ئێران، بە هۆی پێشێلکارییە بەردەوامەکانی خۆی، لە بوارە جیاجیاکان وەك: پێخوستکردنی مافەکانی مرۆڤ، پشتیوانی لە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی و... لە رێکەوتی ٩ی مای ٢٠٠٦ی زایینیدا نەیتوانی لە شورای مافەکانی مرۆڤ، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ چوونە نێو شورای ناوبراو، دەنگی متمانە وەربگرێ.

"کونگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"یش، ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٨٥ـ ١٠ی مەی ٢٠٠٦ی زایینی، وێڕای پێشوازی لەم هەنگاوەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، داوا لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکا کە رێوشوێنگەلی کاریگەری دیکە، بۆ هەرچی زۆرتر تەریك خستنەوەی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، بگرێتە بەر.لە لایەکیترەوە کۆڕی گشتیی کونگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، لە وڵاتی فەڕانسە، لە رۆژانی ٥و٦ی مانگی مای، لە کۆبوونەوەیەکی خویدا، ئەندامانی کونگرە چالاکییەکانی ئەم چەند مانگەی خۆیان، لە پێوەندی لە گەڵ، کێشە گرنگەکانی ئێستای هاووڵاتییانو، ئەو گرژییانەی کە بە هۆی سیاسەتە شەڕخوازانەکانو، لە بەر چاو نەگرتنی پەیماننامەو، داخوازییەکان، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە پێك هاتون، خستبووە بەرباسو لێك دانەوە.

هەرلەم پێوەندییەدا، کۆنگرەی نەتەوەکان، رایگەیاندکە حیزبو رێکخراوەکانی کۆنگرە، یەکدەنگو، بە بەرنامەی روونەوە، هاوپەیمانیی و یەکیەتیی لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتو ئازادیخوازی ئێران لە ریزی یەکەمی خەباتی خۆی دادەنێ.

هەروەها لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا، شورای ناوەندیو هەیئەتی بەڕێوەبەری هەڵبـژێردرانو، بڕیارگەلێك بۆ دابەشکردنی کارو چالاکییەکانی داهاتووی کونگرەدران.

دواتر پاش پێکهێنانی کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی کونگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە پاریس داو، گرتنەبەری بڕیارگەلی پێویست لە پێوەندیو لە پێناو چالاکترکردنی ئۆرگانەکانی کونگرە، کومیتەی پێوەندییەکانی کونگرە، لە ماوەی سێ رۆژی مانەوەی لە برۆکسێل دا (٨ تا ١٠ی مای ٢٠٠٦) چەند چاوپێکەوتنی لە گەڵ بەرپرسانی یەکییەتیی ئورووپا (شورای ئورووپا، کۆمیسیۆنی ئورووپاو پارلمانی ئورووپا) پێك هێنا:

**لەم کۆبوونەوەدا ئەم پرسانەی خوارەوە کەوتنە بەرباسووتوێژ**

ـ رەوشی ئێرانو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆو دەرەوەدا.

ــ توند بوونی سیاسەتی هەڵاواردنو سەرکوتو پێشێلکرانی بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن رێژیمەوە لە ناوچەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی نەتەوە چەوساوەکان دا.

ــ داخوازییەکانی نەتەوەکانی جیا لە فارس لە ئێرانو هەروەها سیاسەتو هەڵوێستەکانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە بەرامبەر پرسە جۆراوجۆرەکان لە نێوخۆو دەرەوەدا.

ــ پێشنیاری کۆنگرە بۆ پێکهێنانی ئاڵترناتیڤێکی گشتگیرو بەهێز لە رێڕەوی دامەزرانی نیزامێکی دێموکراتیكو فیدراڵ لە ئێران دا.

# نارەزایی‌یەکانی خوێندکارانی زانکۆی کوردستان لە دوو حەوتووی دەرباز بوودا

بزاڤی خوێندکارانی کوردستان لە دوو حەوتووی رابردوودا، رۆژانێکی تا رادەیەك ئاڵوزو نائاراومی تێپەراند. لەو ماوەیەدا ئەنجومەنە خوێندکارییەکانی زانکۆی کوردستان، بۆ نارەزایی نیشاندان لەمەر کەشوهەوای فەرهەنگیی زاڵ بە سەر زانکۆدا، چەندین بەیاننامەو راگەیاندراویان بڵاوکردەوە.

لە راگەیاندراوی ژمارە یەکدا کە لە لایەن ئەنجومەنی ئیسلامیی خوێندکاران ـ کانوونی فەرهەنگیی لێکوڵینەوەی هەژان ـ کانوونی شێعرو ئەدەبو، ئەنجومەنی "ئاهورا"وە ئیمزا کراوە، خوازیاری ئەوەبوون کە بەرپرسانی فەرهەنگیی زانکۆ، بۆ وەڵامدانەوە بەو رەوشەی کە رۆژی چوارشەممە ٢٠ی بانەمەڕ خولقاوە، لە ساڵۆنی ئامفی تئاتری زانکۆدا، ئامادە بن. لەو راگەیاندراوەدا باس لە هێندێك گیروگرفتو کێشەی کانوونەکان، وەك: مولەت نەدان بۆ کارو تێکوشانو بەرنامەکانی کانوون. دەستێوەردانی بێجێی بنکەو بنیاتەکانی دەرەوەی زانکۆ لە کاروباری کانوونەکاندا، دوو چاوەکی کردن، کەندو کۆسپ نانەوە لەسەر رێگای کانوونەکان، بۆ وێنە: ئاماژە بە هەڵوەشانەوەی رێورەسمەکان چەند کاتژمێر پێش بەرێوەچوونیانو ... هتد کراوە.

جودا لەوانەش هەرکام لەو کانوونگەلەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێکردن، بە جۆرێکیش دەگەڵ مۆشکلاتی وەك: هەڵپەساردنی تێکوشانو... بەرەوروون. لەو پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە حوکمی هەڵپەساردنی ئەنجومەنی ئیسلامیی خوێندکارانی زانکۆی کوردستان بکەین. ئەکتیڤ بوونی رۆڵی ئەو ئەنجومەنە، لە یەك ساڵی رابردوودا بەکردەوە خراوەتە پەراوێزەوە.

ئەنجومەنی ئیسلامی، سەبارەت بە بەرێوەبردنی سیمینارێك لە رۆژی ٢٠ی رەشەمەی ساڵی رابردوودا، لەژێر ناوی "کُردها و اتحاد ملی و نقد نشریه چشم‌انداز" لە لایەن بنیادو ناوەندو کەسگەلێکی نائاکادیمیکەوە سکاڵایان لەسەر تۆمار کراوە. کە لە لایەن دەستەی چاوەدێری زانکۆوە بێ هیچ ئاگادار کردنەوەیەکی قانوونی، کارو تێکوشانیان بەربەست کراوە. تا ئەوەی کە، رۆژی ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٥ لە یەك دانیشتنی مەحاکەمەی رواڵەتیدا، بۆ ماوەی یەك مانگ هەتا (١٣٨٥/٣/٢٣ی هەتاوی) بەشێوەیەکی فەرمی لە هەر چەشنە کارو تێکوشانێك بێبەش کراون.



بەشێك لە تاوانەکانی ئەنجومەنی ئیسلامی بریتین لە هەوڵدان بۆ لاوازکردنی یەکیەتیی میللیو یەکپارچەیی خاکی وڵات، تەوهین بە شتە پیرۆزەکانی نیزامو، دیفاع لە کاروکردەوەی حیزبو ئۆپوزیسیونە ناقانوونییەکانی کورد. لە لایەکی دیکەشەوە، پاش ئەوەی کە بەرپرسانی زانکۆ لە رۆژی ٢٠ی بانەمەری ١٣٨٥دا، وەڵامێکیان بە ویستو داخوازییەکانی خوێندکاران نەداوەو، لە شوێنی دیاریکراودا حازر نەبوون، ئەنجومەنەکانی ناوبراو بە دەرکردنی راگەیاندراوی ژمارە (٢)، خوازیاری بەرێوەچوونی کۆبوونەوەك لە رۆژی دووشەممە ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٨٥ بوون. بەڵام دووبارە بەرپرسانی زانکۆ هیچ وەڵامێکیان نەدانەوەو، لە هەمبەر دژکردەوەی بەرپرسەکاندا زیاتر لە ٢٠٠ خوێندکار لە هەمان رۆژدا بە ئێعتراز بە کۆنتاکتی نابەرپرسانەی سەرۆکی زانکۆو حەراسەت، لە بەرانبەر دەرگای زانکۆدا مانیان گرتو، رایان گەیاند کە، ئەگەر بارو دۆخی ئێستا بەو شێوەیە بچێتە پێشو، بەرپرسانی زانکۆش وەڵامێك بەویستەکانیان نەدەنەوە، مان لە خواردن دەگرن. لەو نێوەدا حەراسەتی زانکۆ رایگەیاند کە مانگرتنی خوێندکاران بە پشتیوانیو هاوئاهەنگیی حیزبە ناقانوونییەکانی کورد لەسەروبەندی سەفەری "مەحموودی ئەحمەدینەژاد" بۆ کوردستاندا بووە.

کۆمەڵێك لە خوێندکارانی زانکۆی کوردستان لە راگەیاندراوێکی دیکەدا، لەمەڕ ئێعتیراز بە سیاسەتەکانی دەوڵەتی نۆهەم، بڕیارە هاوکات دەگەڵ سەفەری ئەحمەدینەژاد بۆ شاری سنە، "رۆژوی سیاسی" بگرن. لە بڕگەیەکی ئەو راگەیاندراوەدا هاتوە کە: بە دوای بەرێوەچوونی هەڵبژاردنە نادێموکراتیکەکەی جۆزەردانی ١٣٨٤ی هەتاویداو، هاتنە سەرکاری دەوڵەتی چەقبەستووی نۆهەم، دیسان سیاسەتی سەرکوتو زەبرو زەنگ لەسەر خەڵکی ئێراندا دووپات بۆوە. کە ئەو دووپات بوونەوە لە ناوچە کوردنشینەکاندا لە ئاستێکی زۆر بەرز رەنگی داوەتەوە. دەوڵەتی دادپەروەری نۆهەم! لە حاڵێکدا بە دروشمی رەنگارەنگو فریودەرانەی وەك "عەداڵەت" زیندوە، لە کوردستان دا رۆژ بە رۆژ هەلومەرجەکە ئەمنییەتیتر دەبێ، دەوڵەتێك کە ئەندامانی کابینەکەی پاسدارانی پلە یەکەمو خاوەن پێشینە لە شەڕی داسەپاو بە سەر کوردستاندا پێك هاتوە. دەوڵەتێك کە کورسیی سەرۆك کۆمارییەکەی لە ئەستۆی کەسێك دایە کە، رۆژگارێکی نە زۆر دوور کوردستانی بە چەکمەی نیزامیی، زەینییەتێکی ژاراویو شەڕخوازانەوە بەجێهێشت. ئێستاش هەوای کوردستان لە سەری داوەو دەیهەوێ بۆ ناوچە کوردنشینەکان سەفەر بکا. لە درێژی بەیاننامەکەدا هاتوە کە دابەشکردنی دەسەڵاتو شێوەی حکوومەتی فێدراڵی گرنگترین بەرنامەو ویستگەلێکن کە دەبێ لە ئێراندا پیادە بکرێن. هەتا دروشمی عەداڵەتو عەداڵەتخوازی ئا بەم جۆرەی بەرێوەبچێ. بەداخەوە تەنانەت هێنانە گۆڕی فیدرالیزم لە سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا سووچێکی گەورە بە حیساب دێو، بۆختانی جوداییخوازیو، هەرەشە لە ئاسایشی نەتەوەییو... هتدی بەدواوەیە.

بۆ ئاگاداریی زیاتر: بڕوانە سایتی کوردستان میدیا

# لە قامووسی فیمینیزمدا

(١٣)

**وەرگێڕانی: ب.هانا**



**بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان**
women's Liberation

ناوی بزووتنەوەی هاوچەرخی ژنانە کە فیمینیستەکان لە دەیەی ١٩٦٠دا، وەك هەوڵدانێکی ئاگایانە بۆ خۆپاراستن لە واتا ناراستەوخۆیەکانی پێشوو لە بارەی "کێشەی ژنانە"وە هەڵیان بژارد. گیل یاتیس،بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان بە یەکێك لە سێ قۆناغ یا دابەشکردنی ئیدئۆلۆژیك لە بزووتنەوەی ژناندا دەناسێنێ. بەشەکانی دیکە بریتین لە "فیمینیستەکان"و ئاندرۆژن (دووجینسی)یەکان (Yates,1975).

بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان نوسخەی سەرەکیی فیمینیزم لە کۆمەڵگەی رۆژئاوای هاوچەرخ دایەو، ناوەکەی رەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجە سیاسییەیە کە تێیدا لە دایك بووە (چەپی نوێی ئەمریکایی)و، دەروازەیەکیشە لە بارەی چۆنیەتیی جیاوازبوونەکەی لە فۆرمە سەرەتاییەکانی فیمینیزم. فیمینیستە سەرەتاییەکان کەلکیان لە زمانی "ماف"و "یەکسانی" وەرگرت، بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠دا، "سەرکوت"و "رزگاریخواز" بوون بە وشەی بنەڕەتی لە تێکۆشانە فیمینیستییەکاندا.

شیلا روبوتام لەو بڕوایەدایە کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان نەریتێکی لەمێژینەی لە نێو گرووپە ئایینییە دێموکراتیکەکانەوە بگرە تا دەگاتە چەپی نوێی ئەمریکادا هەیە (Rowbotham,1985).

بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان هەڵقوڵاوی ئەزموونێکی هاوبەشی ژنان لەگەڵ گرووپەکانی بەرەوژووربردنی ئاگایی دایە کە دوایە لە رێگای توێژینەوەیەکی پسپۆرانەتری تیئۆریی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پیاوسەرداری، گشتگیر بۆوە. بەم جۆرە بزووتنەوەی هاوچەرخی ژنان، کارکردن لە سەر ئاگایی بە یەکێك لە هێزە سەرەکییەکانی سەرکوتی ژنانو بەم پێیە سیاسەتی جینسی بە بیاڤێکی سەرەکیی خەبات دەزانێ (Deckard,1965).

بزووتنەوەی ژنان بەم گریمانە سەرەتاییەوە دەست پێدەکا کە ژنان لە بارەی مافناسی، ئابووریو کولتووریەوە ژێر دەستنو، بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی لە بارودۆخی نایەکسانی ژناندا گۆڕان لە قانوون، رێبازو روانگە کۆمەڵایەتییەکاندا پێویستە. بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان بۆ ئامانجی جۆراوجۆر تێدەکۆشێ: هەقدەستی وەکیەك، فێرکردنو دەرفەتە شوغڵی (پیشەیی)یە وەکیەکەکان، ئازادی لە هەڵبژاردنی مێتۆدەکانی پێشگیری لە دووگیانبوونو منداڵ لەباربردن دا ـ ئەگەر بۆخۆتان پێیان خۆش بوو ـ، پێکهاتنی دامەزراوی ٢٤ سەعاتەی خۆڕایی بۆ چاوەدێریی منداڵ، سەربەخۆیی ماڵیو حوقووقی بۆ ژنان، کۆتایی پێهاتن بە هەڵاواردنی لزبینەکان، مافی تاك لە پێناسەی شوناسی جینسیی خۆی داو، کۆتای پێهاتن بە دەستدرێژیی جینسیو توندوتیژی دژی ژنان.

باسێکی بەردەوام لە بارەی رادەی هاوهەنگاویی بیردۆزەی فیمینیستی لەگەڵ ئامانجەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژناندا لە گۆڕێ دایە. هێندێك لە فیمینیستەکان لە نێوان میتۆدە زانستییەکانی تیۆریی کۆمەڵایەتیو بنەماکانی بزووتنەوەدا ناکۆکیی بنەڕەتی بەدی دەکەن (Mies, 1983). هێندێکی دیکە لەم بڕوایە دان، تیۆری تەنیا ئەو کاتە ئامانجدارە کە لەگەڵ سیاسەتی رزگاریخوازیی ژنان دا یەکدیگربێ (Stanley&Wise,1983).

بەدڵنیاییەوە، بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان بزووتنەوەیەکی سیاسیو تایبەت (منحصر بفرد)ە. چونکە سروشتی سیاسەت سەرلەنوێ پێناسە دەکاتەوە. بۆ نموونە، بەم هۆیەوە کە سیستەمی رەگەز ـ رۆڵ (جنس ـ نقش) بنچینەی هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەو پرسیارو کێشانەی لە رابردوودا بە سیاسی دانەدەنران، لە سۆنگەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژناندا، وەك سیاسی سەیریان دەکرێ. هەروەها ژنانی رزگارکراو خۆیان وەك گرووپێك پێناسە دەکەن کە هەموو ژنان بێوەبەرچاوگرتنی رەگەز، نەتەوایەتی، رابردووی کۆمەڵایەتی ـ ئابووریو ئایین یا باڵادەستیی جینسی، دەگرێتەوە.

بەپێی بەڵگە هێنانەوەی ژمارەیەك لە فیمینیستەکان، رزگاریخوازیی ژنان لە ئاستی گشتیدا مەبەستە، چونکە ئەم ئازادییە بە یەکسانی نێوان ژنانو ئەم بۆچوونە کە ژنان ئەزموونی هاوبەشیان هەن، پشت ئەستوورە (Delmar,1986).

ئێستا لە نێوان راکێشەریی بێئەملاو ئەولای ئەم گشتایەتی (کلیت)یە بۆ هەموو ژنانو، پێداگرتن لەسەر جیاوازی و قەومییەت بەرهەڵست بوونەوەیەك هەیە. بۆ وێنە ماری دەیلی بزووتنەوەی ژنان رەت دەکاتەوە، چونکە بە ریفورمخوازو حەشاردەری دەسەڵاتی نێرینەی دەناسێنێ؛ بێتی فریدان، بە پێچەوانەی ئەو، دەڵێ سیاسەتی جینسیی فیمینیزمی رادیکاڵ دەبێتە هۆی بەلارێداچوونو نامۆبوونی بزووتنەوەی ئازادیی ژنان (Friedan,1981& Daly,1978).

هەر چۆنێك هەیە، بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان لە دەوری خەبات بە دژی هەڵاواردنی جینسی (یا ئاگایی بەدرۆ)و وەدەستهێنانی مافی بڕیاردەر بوونی ژنان لە بارەی لەشی خۆیانەوە، پێك دێ. خەباتی ژنان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ بگەن بە پێناسەیەك لە بارەی خۆیانەوە، ئیعتبار دەدا بەو تایبەتمەندیو چەمکانە کە لەباری کەلتووریەوە، بە "ژنانە" ناودێر کراون. هەربۆیە، ئازادیی ژنان پێوەندییەکی نزیکی بە لێکۆڵینەوەکانی ژنانەوە هەیە. چونکە بنەماکانی بزووتنەوە، بە بەشێك لە نێوەرۆكو میتۆدی وانەوتنەوەی لێکۆڵینەوەکانی ژنان دادەنرێن (Rutenberg , 1983).

سەرکەوتنی سەرەکیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان، بەرینبوونەوەی چوارچێوەی باسی جیاوازیی جینسییەتی هەتا رادەی رەخنەلێگرتنی هەموو لایەنەی ئەخلاقیاتە کە رەوتی بێ گەڕانەوەی گۆڕانی لێکەوتۆتەوە. بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان لە گەیشتن بە ئایدیا کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان زۆر دوورە. چونکە رووی قسەی لەگەڵ هیچ هۆکارێکی دەرەکیـ بۆ وێنە دەوڵەت ـ نیە، بەڵکوو رووی قسەکانی لە خەڵکەو، قسەکەشی، پێوەندیی نێوان ژنانو پیاوانو، ژنان لەگەڵ ژنانە.

سەرچاوە: "فرهنگ نظریەهای فمینیستی"، مەگی هامو سارا گەمبڵ، لاپەڕەکانی ٤٧٦و ٤٧٧

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 437 21 May 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanmedia.com | http://www.pdk-iran.org | www.rdki.com
e- mail: info@kurdistanmedia.com | e- mail: pdkiran@club-internet.fr | e- mail: rdk_iran@yahoocom

بەر لەماڵاوایی

# هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و مافی مرۆڤ

قادر. وریا
qaderwirya@yahoo.com

باس لە مافی مرۆڤ لە ئەدەبیاتی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دا، لە مێژ ساڵە جێگایەکی دیاری هەیە. زۆربەی ئەوان نەك هەر لە تەبلیغاتی ڕۆژانەی خۆیان دا باسی ئەو مافانەی مرۆڤی کوردیان کردوە کە لە لایەن حکوومەتەکانەوە پێشێل یان زەوت کراون، بەڵکوو لە بەرنامەی خۆشیان دا، دابین کردنی ئەومافانەیان وەك یەکێك لە ئامانجەکانی خۆیان گونجاندوە.

دیارە هێنانی چەمکی مافی مرۆڤ بۆ نێو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردو ئاشناکردنی تێکۆشەرانی سیاسی بە نێوەرۆکی ئەم مافانە، تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان. قەسەشی تێدا نیە هەر هەنگاوێك بەمەبەستی پتر ئاشنا کردنی کۆمەڵانی خەڵك یا تاکەکان لە گەڵ ئەو ماف وئازادییانە کە لە ئاستی جیهانیدا بە ڕەسمی ناسراون ، لە لایەك خزمەت بووە بە بەرەو ژوور بردنی ئاگایی سیاسی و گشتیی خەڵکی کوردستان، لە لایەکی دیکەشەوە، هاندانیان بووە بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناوی بە دەستهێنانیان دا. ناسین و ئاشنایەتیی هێزە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان لە گەڵ مافەکانی مرۆڤ، بووە بە هۆی ئەوە کە پێوەرو پێوانەیەکی ڕوون و بۆ دنیا ناسراویان بە دەستەوە بێ تا بە هۆی ئەوەوە، سیاسەت و کردەوەو ڕەفتاری دەوڵەتان لە پێوەندی لە گەڵ خۆیان دا هەڵسەنگێنن و ڕادەی پابەندیی حکوومەتەکانی وڵاتی خۆیان بەو ئەرك و بەرپرسایەتییانەی کۆمەڵی نێونەتەوەیی لە پێوەندی لە گەڵ خەڵکی وڵاتەکەیان دا خستوونیە سەرشانیان، لە مەحەك بدەن. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەدەبیاتی سیاسیی چەند دەیەی ڕابردووی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و، لە نێوەرۆکی پێوەندیی سیاسی و دیپلۆماسیی ئەوان لەگەڵ دەوڵەتان، حیزب و ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژئاواش ورد بینەوە، دەبینین کە لە قاودانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستان دا و، هێنانەگۆڕی داواو چاوەڕوانییەکانی نەتەوەی زۆر لێکراوی کورد لە چوار چێوەی مافەکانی مرۆڤ دا، مەبەستی سەرەکی بووە. دیارە ئەم هەوڵانە بێ سوود نەبوون و، ناسرانی ڕوومای دژی ئینسانیی ڕێژیمەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە لە ئاستی نێونەتەوەیی و ڕاکێشرانی هاوپێوەندیی مرۆڤدۆستانی ڕۆژئاوا بۆ لای خەباتی حەقخوازانەی گەلی کوردیان لێ کەوتۆتەوە.

بەڵام کەلکوەرگرتن لە مافی مرۆڤ وەك چەکێك بۆ پەردە لادان لە سەر نێوەرۆکی دژی ئینسانیی دەوڵەتانی زۆردارو خوێنرێژو، وەك ئامرازێك بۆ وریا کردنەوەی خەڵك و هێنانیان بۆ نێو گۆڕەپانی بەربەرەکانی لە گەڵ ڕێژیمە توتالیتێرەکان شتێکە و، باوەڕ هەبوونی خودی ئەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانەی کوردستان بە ڕەچاو کردنی نێوەرۆکی بەیاننامەی جیهانی و دوکیۆمێنتە نێونەتەوەییەکانی دیکەی تایبەت بە مافی مرۆڤ، شتێکی دیکە. لێرەوە ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا ئەم حیزب و ڕێکخراوانەی بەردەوام دەوڵەتانی وڵاتی خۆیان بە بۆنەی بە ڕەسمی نەناسین و یا ڕێزنەگرتن لە مافە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ، سەرکۆنە و مەحکووم کردوە و، داوای خۆیان و نەتەوەکەیان لەم پێوەندییەدا بردۆتە لای کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و، بیروڕای گشتیی جیهانی، ئایا بۆ خۆیان لەم بوارەدا کارنامەیەکی خاوێنیان هەیە یان نا.

بەر لە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە دەبێ دوو ڕاستی ببینین. یەکەم ئەوەکە هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بەم هۆیەوە کە خەباتێکی سەخت و پڕ لە قوربانیدانیان بە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەکەیان بەرەو پێش بردوە و، دژی دڕندەترین ڕێژیمەکان خەباتیان کردوە، خەڵکی کوردستان زۆربەی جار وەك کائینێکی پیرۆز و بە ئەمەگناسییەوە لە خودی ئەو حیزبانە و تێکۆشەرانی ئەوان و خەباتەکەیانیان ڕوانیوە. هەربۆیەیش لە ئاست کردەوەی توندوتیژی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە و هەڵەو ڕەفتاری نەشیاویان دەرحەق بە خەڵکی خۆیان، دڵفرەوان و سەخی بوون. بۆ ئەوەی دوژمنانی ڕاستەقینە کەڵکی خراپ لەم جۆرە ڕووداوانە وەرنەگرن، ددانیان بە جەرگی خۆیان دا گرتوە و، دادی خۆیان بۆ هیچ کوێ نەبردوە.

دووهەم ڕاستی ئەوەیە خودی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەش بە هۆی هەلومەرج و شێوە خەباتێك کە بە سەریان دا سەپاوە، ئیمکانی ئەوەیان نەبووە هەموو کردەوە یان ئەرکێکی خۆیان لە چوارچێوەی ڕێو شوێنەکانی مافی مرۆڤ دا جێبەجێ بکەن. هەر وەك نموونە: کاتێك هێزێکی سەرکوتکەر بە ئەنقەست پێگەی خۆی دەباتە نێو ئاوایی، یا لە شوێنی کارو ژیانی خەڵك دا کەمین بۆ پێشمەرگە دادەنێتەوە، هێزی پێشمەرگە با سلامەتیی سەرو گیان و ماڵی خەڵکیشی زۆر بە لاوە گرنگ بێ، ئەگەر دەستی لێ وەشێندرا، ناچارە دەست بکاتەوە، هەر چەندە لەوانەیشە لە شوێنگەی تەقەو تێکهەڵچوون لە گەڵ هێزی پەلامار دەردا، زیان بە خەڵك بگا. بەم حاڵەشەوە لە ڕەوتی خەباتی خوێناویی هێزی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان لە گەڵ هێزە سەرکوتکەر و جینایەتکارەکان دا، بە سەدان و هەزاران نموونە لە جوامێری و ڕەفتاری ئینسانیی گەلی کورد و تێکۆشەرانی بەرامبەر بە دیل و سەرباز و کاربەدەستی حکوومەتی و دەوڵەتی بینراوە کە نیشانەی خووخدەی بەرزی نەتەوەیی و، ئاگایی قووڵی سیاسی و پابەندیی ڕۆڵەی کورد بەڕێوشوێنە ئینسانییەکان بوون.

بەڵام نامەوێ لە ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییەوە بگەمە ئەم ئاکامە کە کارنامەی هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکان لەمەر ڕەچاو کردنی مافی مرۆڤ لە پێوەندی لە گەڵ خەڵکی کوردستان و تەنانەت تێکۆشەران و ئەندامان و لایەنگرانی خۆشیان دا، پرشنگدار و جێگای ڕەزامەندییە. ئەگەر کارنامەی ئەوان هەتا ئێستایش نەخراوەتە ژێر تیشکی ڕەخنەو لێی نەکۆڵراوەتەوە، هۆی جۆراوجۆر هەن.

لە لایەکەوە هەتا ئێستایش لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان دا، گەلی کورد زنجیری دەوڵەتە شووێنیست و زۆردارەکانی لە دەست و پێ دانەماڵراوە و لە ئاکام دا بە ڕەوای نەزانیوە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی خۆیەوە، زەق و، ستەمی زۆرداران و داگیرکەرانی پێ کەم ڕەنگ بکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، هێندێك لە ڕێکخراوە سیاسییەکان بە هۆی هەبوونی هێزی چەکدار و دەسەڵات و نفووزێك کە هەیانەو، بە بۆنەی هەڵوێست و ڕەفتاری نادێموکراتی و تۆڵە ئەستێنانەیان بەرامبەر کەسانێك کە ڕەخنەیان لێ دەگرن و کارو کردەوەی چەوت و نادروستیان لێ لە قاو دەدەن، نەك هەر خەڵکیان بۆ ڕەخنە لێگرتن و هەڵسەنگاندنی کارنامەی خۆیان هان نەداوە، بەڵکوو جۆرێك ترسیشیان ناونە بەر. ئەگینا ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان هەر وا کە خاڵی پۆزەتیڤیان لە بواری مافی مرۆڤ دا هەن، زۆر ڕەخنەی جیددیشیان سەبارەت بە ڕەچاو نەکردن و ڕێز نەگرتنی بە کردەوەی مافی مرۆڤ، لە سەرە.

ئەگەرلە دەیەکانی ڕابردوودا تەنانەت ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکانی چاوەدێری مافی مرۆڤیش تیشکی پرۆژوکتۆری خۆیان تەنیا دەخستە سەر کردەوەو ڕەفتاری دەوڵەتان و، گرنگییەکی ئەوتۆیان بە کارو کردەوەی هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپوزیسیون لە بواری مافی مرۆڤ دا نەدەدا، لە دوا دەیەی سەدەی بیستەمەوە، بە خۆشیەوە ئەم هێزو ڕێکخراوانەش بوون بە ئامانجی ئەمجۆرە چاوەدێری و لێکۆڵینەوەو، پێشێلکردنی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ لە لایەن ئەوانیشەوە، پاساو نادرێ و، بە جیدی لێی دەپرسرێتەوە. ئەمەش لە لایەن ئەو هێزو لایەن و کەسانەی بە ڕاستی بڕوایان بە مافی مرۆڤ هەیە، دەبێ وەك وەرچەرخانێکی گرنگ و هەر لەم کاتەدا جێگای دڵخۆشی وەربگیرێ. چونکە ڕێز گرتن لە مافی مرۆڤ و دابینکردنی ماف و ئازادییە بە ڕەسمی ناسراوەکانی، لە سەرەوەی هەموو ئامانجێکەوەن و، هەر لایەنێك پێشێلیان بکا، مەحکوومە. ئەم جۆرە لێپرسینەوانە هۆکارێکن بۆ ئەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانیش وەك دەوڵەتان ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرن یا لە گەڵ ئاکامە نالەبارەکانی ئەم کەمتەرخەمییە بەرەو ڕوو ببنەوە. ئەم وەچەرخانە هەر لەم کاتەدا زەنگێکی وریاکەرەوەشە بۆ ئەوهێزو ڕێکخراوانەی بە قسە هیچیان تێدا نەهێشتۆتەوە، بەڵام بە کردەوە، لە ڕێزگرتن لە مرۆڤ و ماف و ئازادییەکانی دوورکەوتوونەوە.

ئەگەر لێپرسینەوەی دەرەکییش لەو لا دانێین، خودی خەڵکەکەی خۆمان لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا بۆیان هەیە دەنگی نارەزایەتی بەرز بکەنەوە و بڵێن ئێمە بە نیازی ڕێز گرتن و دابین بوونی ماف و ئازادییەکانمان پشتی هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆمان گرتوە. ئەگەر ئەوانیش ئەم ماف و ئازادییانەمان لێ زەوت بکەن، ئەدی ئەم هەموو خەبات و پشتگیری و قوربانیدانەمان لە چی بوو؟!

## چیاکانی کوردستان

# عاشقان Ashghan



عاشقان، یەکێك لە بەرزاییە هەرە دیارەکانی زاگرۆسی گەورەو، چیایەکی لە ڕادە بەدەر جوانە کە کەوتۆتە ۲۵ کیلۆمێتریی ڕۆژئاوای شاری سنە. بەرزایی ئەم چیایە ۲۶۵۳میترە. بە لای هەموو سنەیییەکانەوە، بە تایبەت شاخەوانان و ئۆگرانی سروشت، بەهاری عاشقان بێوێنەیە. ترۆپکی ئەم چیایە بەم هۆیەوە کە دوو گڵکۆی (سەعدو سەعید)ی لێیە، بووە بە زیارەتگە.

زنجیرە بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەم چیایە، بۆ وێنە ئارێز، کۆرە، بەرزاییەکانی سنەو سەڵواتاواو (خاتوون، ڕێحان و ...) هەروەها گوندە جوانەکانی بناریئەم ناوچەیە وەك سپێران ، کەرجۆ، هەشەمێزو... لە دیمەنە جوانەکانی عاشقانن.

ڕووبەری گیایی عاشقان زۆر جۆراوجۆرو سەرنج ڕاکێشە، بابونە، گۆزروان (گاوزبان)، مریەم گوڵی، گوڵە هێرۆ، هەڵاڵە برمە، کەنگر، لۆ، بەنا، بەڕەزاو شنگ لە نێو ڕووەکەکانی ئەم چیایەدا دەبینرێن. گەون، بلچ، تراوڵە، هەچن و... لەو دارانەن کە لەم چیایەدا هەن. حەیواناتی ئەم چیایەش جۆراوجۆرن: گورگ، بزنەکێوی، مار، کەروێشك، کەو،چەقەڵ، ڕێوی، کۆتر، جۆرەکانی چۆلەکە، هەڵۆ، قەرقی، سار، کیسەڵ و هتد.، لەو گیاندارانەن کە لە عاشقان دەژین.

ئاوەڕۆی عاشقان لە دوو لاوە دەچنەوە سەر سیروان. هەم ئەوانەی دەچنەوە نێو سیروان و لەوێوە تێکەڵ بە سیروان دەبنەوە، هەم ئەو ئاوانەی تێکەڵ بە چیایی کەرجۆو چەمشار دەبنەوە، پاشان دەچنەوە نێو سیروانی گەورە. هێندێك لە کانییە پڕئاوو بەناوبانگەکانی عاشقان بریتین لە: کانیی سپێران، چاوگ قوراوڵ، چاوگ تەخت، چاوگ سادق، چاوگ خۆشەتاڵەو...

چەم سپێران، چەم کەرجۆ، چەم کۆڵسە، چەم عاشقان لە دۆڵە بە ناوبانگەکانی عاشقانن.

ئارێز، کۆرە، عاشقان (سەعدو سەعید)، گەوەن لی، سەردەشت یاوو ئەحمەد خان، بەرزاییە ناودارەکانی ئەم ناوچەیە پێك دێنن. عاشقان، حەشارگەی تێدا نیە. ڕێبازەکانی سەرکەوتن لەم چیایە، لە هەر وەرزێك دا جوانیی تایبەت بە خۆیان هەیەو شیاوی دیتنن. دیارە لەم دوو ڕێگایەوە، کە هەردوکیان بە قەرار یەك دەخایەنن، دەتوانی بچیە سەر عاشقان:

ئەلف): لە ملەی ئارێز، گوندی سپێران، چاوگ تەخت و لە وێوە بۆ سەر ترۆپکی کێوەکە (کە ٤کاتژمێر دەخایەنێ)

ب): لە ئاوایی کەرجۆو داوێنەکانی نزیك بەم ئاواییە کە سەرەوژووریان کەمترە، لەوێوەش بۆ سەر دوندی چیا. لە سەریەك چوون و هاتنەوە لە هەر کام لەم دووڕێگایەوە ۷ کاتژمێر دەخایەنێت.

وەسیە، سپێران، کەرجۆ، هەشەمێز، هەڵوانە، کەلانێ وەترەزەوی لەو دێهاتەن کە کەوتوونەتە دەوروبەری چیای عاشقان. عاشقان لەم چیایانەیە کە ڕنوویان لێ دی.

سەرچاوە: " جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول: کوهها"
ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەد بەیگی

# لە شەرعی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان دا هیچ شتێك شوورەیی نیە!

## بەڵگەنامەیەك لەبارەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بەدژی بەندییە سیاسییەکان

ئەم بەڵگەنامەیەی دەیبینن، نامەی "دادستانی گشتیی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی" بۆ هەموو "دادستان"ەکانی شۆڕش لە ئوستانەکان و شارستانەکانە. لەم نامەیەدا دادستانی گشتی داوا لە دادستانی ئوستانەکان و شارستانەکان دەکا خوێنی ئەو بەندییانەی بە ئێعدام مەحکووم کراون، بگرن و بیکەنە لەشی ئەو پاسدارانەی لە تێکهەڵچوونەکانی سەر شەقام و لە بەرەکانی شەڕ بریندار بوون و پێویستیان بە خوێن هەیە. دیارە "بەر لەوەی گوللەباران بکرێن و بەهۆی ئەو مەئموورە پزیشکییانە کە جێگای متمانەن"! ئەم نامەیە تاریخی ۱۰ی ڕەزبەری ۱۳۶۰و ژمارە ۳۲۵۰ی لەسەرەو تێدا گوتراوە: "بۆ ئەوەی لەباری شەرعی بوونی ئەم کارە هیچ پرسیارو گومانێك دروست نەبێ، لە مەحزەری پیرۆزی ویلایەتی فەقیه، ئیمام خومەینی ڕێبەرو بنیاتنەری کۆماری ئیسلامی پرسیار کراوەو ئەویش فەرموویە، کارەکە لەباری شەرعییەوە، هیچ کەموکورتییەکی نیە"! ئەمەش وەرگێڕاوی بەڵگەنامەیەکە:


دادستان کل انقلاب جمهوری اسلامی ایران
تاریخ ۱۳۶۰/۷/۱۰
شماره ۳۲۵۰

دادستانی گشتی
بسمه تعالی
تاریخ ۱۳۶۰/۷/۱۰
ژمارە ۳۲۵۰
لە دادستانیی گشتیی
شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە
بۆ هەموو دادستانەکانی

شۆڕشی ئوستان و شارستانەکان

بەگوێرەی ڕاگەیاندن و داخوازی سپای پاسداران، لەو کاتانەدا کە برایانی پاسدار لە تێکهەڵچوونەکانی سەر شەقام و لە بەرەکانی شەڕدا بریندار دەبن و ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن و پێویستیی فەورییان بە خوێن هەیە، بەهۆی نەبوونی خوێن و ئیمکاناتی وەدەستهێنانی خێرای خوێن، بریندارەکان دەمرن. بۆیە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دەستوور بفەرموون بەشێوەی نهێنی، ئەو کەسانەی مەحکووم بە ئێعدام کراون و حوکم لەبارەی ئەوان دەبێ دستبەجێ بەڕێوەبچێ، بەر لەوەی حوکمەکە بەڕێوەبەرن، بەهۆی مەئموورانی پزیشکیی جێگای متمانە، خوێنی مەحکوومەکان بە سورەنگ بگرن و لە کیسەی تایبەتیدا بۆ نزیکترین بێهداری یا بانکی خوێن ڕایان بگوێزن و تەحویلیان بدەن تالە یەکەم دەرفەتی پێویست دا، بۆئەو برا پاسدارانەی بریندار دەبن، کەلکیان لێ وەربگیرێ.

پێویستە وەبیر بێنینەوە، بۆ ئەوەی پرسیارو گومانی شەرعی لەبارەی ئەم کارە نەیەتە پێش بۆ چۆنیەتیی شتەکە لە مەحزەری موبارەکی ویلایەتی فەقیه، ئیمام خومەینی ڕێبەرو بناغەدانەری کۆماری ئیسلامی "مدظل العالی" ئیستیفتاءمان کردوە و ئەویش فەرموویە لەباری شەرعییەوە، عەیبی تێدا نیە.

دادستانی گشتیی
شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێران
مۆرو ئیمزا

# ڕۆژی جیهانیی کۆمەڵگەی ئیتلاعاتی



"دنیای اقتصاد": ڕۆژی ۲۷ی بانەمەڕ (۱۷ مانگی مای) بە ڕۆژی جیهانیی کۆمەڵگەی ئیتلاعاتی ناودێر کردوە. ئەم ڕۆژە پێشتر وەك ڕۆژی جیهانیی پێوندییەکان ناسرابوو. بەڵام لەدوا کۆبوونەوی کۆمەڵگەی ئیتلاعاتی کە لە کۆتایی ساڵی زایینیی ڕابردوودا لە تونێس بەڕێوەچوو، ناوی ئەم ڕۆژە گۆڕدراو کرا بە ڕۆژی کۆمەڵگەی زانیارییەکانی (جامعه اطلاعاتی).

وشەی مێژوویی کۆمەڵگەی زانیارییەکان لەم ساڵانەی دواییدا واتای جۆراوجۆری گرتۆتەوە.لەم سێ ساڵەی دواییدا، دوو کۆبوونەوەی لە ئاستی ڕێبەرانی وڵاتانی جیهان دا (ژنێف ۲۰۰۳و تونێس ۲۰۰۵)و دەیان کۆنفرانس و کۆبوونەوەی پسپۆرانەی دیکە پێك هاتوون کە لەوان دا واتای کۆمەڵگەی زانیارییەکان لە کەشوهەوایەکی نوێدا کەوتۆتە بەرباس و لێدوان. ئەو ئاڵوگۆڕە گەورانەی کە پەرەگرتن و بەرینبوونەوەی تۆڕەکان و ئامرازەکانی هەواڵ گەیاندن لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵدا پێکیان هێناون، تەنانەت بوونەتە هۆی هاتنەگۆڕی باسی گەورەتر، بەجۆرێك کە هەر ئێستا تەنانەت چەمکێکی گشتیی وەك پێوەندییەکان بووە بە بەشێك لە کۆمەڵگەی ئیتلاعاتی.

کۆمەڵگەی ئیتلاعاتی بە کۆمەڵگەی ئارمانی دەگوترێ کە کۆمەڵێك ئامرازی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و گۆڕینەوەی زانیاری، پێوەرو پێوانەی نوێ بۆ ژیانێکی ئایدیال پێك دەهێنن. لە کۆمەڵگەیەکیئەوتۆدا، سنوورو تخووبە ناسراوو نەریتییەکان جێگای خۆیان دەدەن بە پێوەندیی ساتبەسات و خێرا. هاوڵاتی کۆمەڵگەی ئیتلاعاتیی ئەمڕۆ، بە جووڵاندنی چەند قامك، لەگەڵ دوورترین شوێنەکانی جیهان پێوەندی دەگرێ و، هەواڵ و زانیاری دەستبەجێ دەگاتە دەستی خەڵك.

پێکهاتنی چەمکی کۆمەڵگەی زانیارییەکان و هاندانی وڵاتان بۆ ئەوەی بەرەو ئەم کۆمەڵگەیە بچن لە چەند بارەوە شیاوی لێکۆڵینەوەیە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، زانیاری لە هەر شتومەکێکی دیکە، نرخ و بایەخی زیاتری هەیەو، بەسەرنجدان بە وەدەستهێنان و کۆکردنەوەی هەرچی هاسانتری، مەترسیی خراپ کەڵك لێوەرگرتنیشی زیاتر بووە. ئەگەر هاووڵاتانی سەدساڵ لەمەوبەر، بۆ وەدەستهێنانی هەواڵێك لەبارەی گوندێك یا شارێکی دیکە چەندین ڕۆژو حەوتوو چاوەڕوان دەمانەوەو بە تاسەو تینوێتییەوە دەیان قۆستەوە، هاووڵاتی ئەمڕۆ، هەر سەعاتێك لەگەڵ هێرشی هەزاران هەواڵ و زانیاریی خوازراو و نەخوازراو بەرەوروویە کە بێجگە لە نەدیتن و پشت گوێخستنی بەشێکی گرنگی ئەوان هیچ چارەیەکی دیکەی نیە.

ایران امروز